# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش (security studies)، وە هەندێک جار لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی (international security studies) پێدەگووترێت، یەکێکە لە بابەتاکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە هەر کوێیەکدا بخوێندرێت، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش یەکێک دەبێت لە بنچینە بنەڕەتییەکانی دیسیپلینی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (بۆزان و هانسن، ٢٠٠٩: ١). دوای کۆتاهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، هیوا و خواستی پاراستنی ئاسایش و ڕێگەگرتن لە بەرپابوونەوەی جەنگ بووە هۆی دروستبوونی بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەکو دیسیپلین لە ساڵی ١٩١٩ لە زانکۆی ئەبەریستویز لە بەریتانیا. پرسی ئاسایش و خوێندنی هۆکارەکانی بەرپابوونی جەنگ بووە هۆی جیاکردنەوەی بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ بابەتەکانی دیکەی وەکو ئابووریی، مێژوو، جوگرافیا و یاسای نێونەتەوەیی (شیهان، ٢٠٠٥: ١). مەبەست لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان خوێندنی هەموو کارلێکە (interaction) سیاسییەکانی ئەکتەرە نێونەتەوەییەکانە، بەتایبەت دەوڵەت و دامەزراوە و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان (ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان)، هەروەها تاڕادەیەک هەندێک لە تاکە تایبەت و بەهێزەکانیش (وەکو ئوسامە بن لادن) (هاوگ، ٢٠٠٤: ١) . مەبەستی خودی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشیش کارکردنە لەسەر کۆمەڵێک لەو کارلێکە سیاسیانە کە پەیوەندیی بە پاراستنی ئاسایشی ئەکتەرە جیاوازەکانەوە هەیە لە سیستەمی نێونەتەوەییدا.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو سەرنجی شارەزا و ئەکادیمییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان کەوتە سەر پرسەکانی ئاسایش. لەگەڵ ئەوەی لەو ماوەیەدا پرسیار و بابەتەکانی ئاسایش هەر لە چوارچێوەی بابەتەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوە دەخوێندران، بەڵام بۆ دەیڤید باڵدوین (١٩٩٥: ١٢١-١٢٢) ئەم قۆناغە 'بە داهێنانەترین و جۆش و خرۆشترین قۆناغ لە تەواوی مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دادەنرێت'. لێنس هانسن و باری بۆزان بۆیە پێیان وایە ئەم قۆناغە گرنگە، چونکە توێژینەوەکانی ئاسایش نەبەسترابوونەوە بە تاکە پرسیارێکی زاڵ یا پارادایمێکی دیاریکراو (٢٠٠٩: ٦٧). لەو ماوەیەدا، بۆ یەکەم جار دوو گۆڤاری گرینگیی زانستی دەرچوون بە ناوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی (International Organization) لە ساڵی ١٩٤٧، هەروەها جیهانی سیاسەت (World Politics) لە ساڵی ١٩٤٨، ئەو دوو گۆڤارە بووە دەروازە و پلاتفۆرمێکی گرینگ بۆ شارەزاکانی ئاسایش بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی ئاسایش، کە تا ئەو کات بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی **ئاسایش تەنها بریتی بوو لە 'ئاسایشی دەوڵەت'.**

لە کلاسیکدا، بەشێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش کارکردن بوو لەسەر پەیوەندییەکانی (بە تایبەت پەیوەندییە سەربازییەکان) نێوان زلهێزەکان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا، وە مێژووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش لە میانەی بابەتی ململانێی نێوان زلهێزەکان و سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەتە بەهێزەکانەوە سەیر دەکرا. پێکدادان و ململانێی سەربازی نێوان زلهێزەکان، وە بە هۆی ترس و دەرهاوێشتەکانی ئەو پێکدادان و ململانێ سەربازییانە، بابەتی چۆنیەتی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت بایەخێکی زۆری وەرگرت. ئەمەش بووە خاڵێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە هزر و پیادەی ئاسایش (بەرکاوی و لێفی، ٢٠٠٦: ٣٢٩).

لە سەردەمی جەنگی سارددا، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بارگاوی بوو بە چەند پرسێک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سەردەمی سیستەمی دوو جەمسەری و هەژموونی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە جیهاندا هەبوو؛ لەوانە: پرسی چەکی ناوەکی (nuclear weapons)، ڕەدع (deterrence)، هاوسەنگی هێز (balance of power)، ستراتیژیەت (strategy)، مانەوە (survival)، کێبڕکێی خۆپڕچەککردن (arms race)، ئیحتیوا (containment) و جوگرافیای سیاسی (geopolitics). ئاسایش لە چوارچێوەی بابەتەکانی جەنگ و سەربازی و هەڕەشە و ململانێ، وەکو پرسێکی زانستی سەیر دەکرا، وە هەوڵ دەدرا شیکردنەوە و دەرەنجامێکی بابەتەکی (objective) بۆ پرسەکانی ئاسایش تەرخان بکرێت. بە کورتی، لەو قۆناغەدا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بوو ئاسایش وەکو بابەتێکی زانستی بخوێندرێت. یەکێک لە خەسڵەتەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لەو قۆناغەدا بریتی بوو لە تێڕوانینی دروستکەرانی بڕیاری ئاسایشی وڵاتان بۆ پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی هەل و مەرجەکانی دۆخی هەنووکەیی (status quo)، لە جێگەی گۆڕانی ریشەیی لە پەیوەندییەکانی هێز و سیستەمی نێونەتەوەییدا. هەر لەبەرئەوە زۆرجار ئاسایش وەکو هاوشێوە و هاوواتای لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت (strategic studies) دەبیندرا، بێگومان هەر وەکو بابەتێکی لاوەکی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. گریمانەی زاڵ بریتی بوو لە ئەوەی؛ **تاکەکان ئاسایشیان ئەو کاتە پارێزراو دەبێت کە ئاسایشی دەوڵەتەکانیان پارێزراو بوو**. ئەو گریمانەیەش بووە هۆی ناساندنی دەوڵەت وەکو تاکە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش (وێلیامس، ٢٠١٣: ٣-٤).

هەر لەو قۆناغەدا، لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت بە زۆری بەستراوەوە بە کار و تێڕوانینی شارەزا ئەمریکییەکان بۆ خوێندنی بوارەکانی سەربازی لەسەردەمی جەنگی سارددا. زۆرجار لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژییەت وەکو لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نیشتیمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، چونکە بەڕاستی ئەوە خودی توێژەر و لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان بوون لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکایان لە ڕوانگەی تیۆر و چەمکە دیارەکانی جەنگ و ستراتیژیەت دەکرد. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژییەت لەو قۆناغە مێژووییەدا، جەختکردن بوو لە سەر

ستراتیژیەتی سەربازی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەت، وە چۆن هێز (ڕوانگە ماددییەکەی هێز) کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکان دەکات.
لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژییەت لە دوای جەنگی سارد ڕووبەڕووی پرسیار و کێشەی زۆر بۆوە؛ خۆی لە کەم توانایی لە خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغەدا دەبینیەوە. کاتێک جەنگە گەورەکان بەرەو نەمان دەڕۆیشتن، لە بەرامبەردا هەڕەشە سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان لە زیادبووندا بوون، ئەوە وایکرد لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت نەتوانێت هاوکێشە و گۆڕانکاری و واقیعە جیاوازەکان بخوێنێتەوە. لە بەرامبەر بابەتی ستراتیژیدا، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەر ئاستێکی فراوان بە شێوەیەک دەرکەوت کە توانای پێشکەش کردنی چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و سیستەماتیکی تۆکمەی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە هەڕەشە و مەترسییە فرە ڕەهەند و ئاڵۆزەکانی قۆناغی دوای جەنگی سارد. لە ڕاستیدا، سنوورەکانی نێوان لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان زۆر تێکەڵە، هەروا بە ئاسانی ناتواندرێت لێک جیا بکرێنەوە. لەبەر ئەوە بەیلیس و ویرتز (٢٠١٠: ١٨) پێیان وایە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژییەت بەشێکە لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش، هەروەک لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشیش بەشێکە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ئەویش خودی خۆی بەشێکە لە زانستی سیاسەت. لەبەر ئەوە کاتێک هەوڵی وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو دەدەیەوە، بە نموونە چۆن ئاسایش بە دەست دەهێندرێت؟ بە ناچاری دەبێت سنووری دیسیپلینێکی دیاریکراو تێبپەڕێنیت و سود لە بابەت و دیسیپلینەکانی دیکە وەربگری.
**بە پووختی، لە سەردەمی جەنگی ساردا لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە میانەی چەند گریمانەیەکدا جێگیر بوو:**

1- **دەوڵەت وەکو تاکە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش.**
2- **ئاسایش لە روانگەی ستراتیژییەتی سەربازییەوە سەیر دەکرا.**
3- **بە زانستکردنی ئاسایش؛ پێشکەشکردنی شیکردنەوە و دەرەنجامێکی بابەتەکیانە.**
4- **دەستپێوەگرتنی دۆخی هەنووکەیی نەوەک گۆڕانی ڕیشەیی.**
5- **ئاسایش وەکو هاوواتای (مانەوە).**

بەو شێوەیەی کۆتایی بە جەنگی سارد هات، بووە هۆی شۆکی زۆرێک لە شارەزا و ئەکادیمی و بڕیاردەرانی سیاسییەوە. هیچ یەک لە تیۆرەکان پێشبینی کۆتاییهێنانی جەنگی ساردییان بە بێ پێکدادانێکی سەربازی و خوێناوی نەدەکرد. لەو قۆناغەدا، کۆمەڵێک گوتوبێژ(debate) لەسەر سروشت و مانای ئاسایش و ئایندەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش سەریهەڵدا، وە لە کاری شارەزاکانی ئاسایشی دوای جەنگی سارد گرنگییەکی زۆری وەرگرت. ئەو گوتوبێژە نوێیانە لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبوو:

## قوتابخانەی کۆپنهاگن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق

**1- ناڕەزایی بەشێک لە شارەزاکانی ئاسایش لە گریمانە زاڵ و باوەکانی ریالیزم، کە باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەردەمی جەنگی سارد کێشابوو.**

**2- پێویستی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشە نوێیانەی کە لە سیستەمی جیهانی دوای جەنگی ساردەوە سەریان هەڵدابوو؛ لەوانە (پرسی ناسنامە و پرسی ژینگە).**

**3- هەوڵی بەردەوامی شارەزاکانی ئاسایش بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بکەن بە دیسپلینێک بۆ ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بێت لە وەڵامدانەوەی پرسیارە نوێیەکان** (کڕاوس و وێلیامس، ٢٠٠٧: ١٣٥).

لێرەدا مشتومڕی ئەوە لە ئارادا بوو کە تیۆرە باوەکانی ئاسایش ئیسنۆسێنتریکن (ethnocentric) (بە مانای لایەنگیری کلتورییە، بە واتای ئەوەی کە بێ لایەن نییە) و زۆر بەتەسکییەوە پێناسەی ئاسایشیان کردووە (بەرکاوی و لێفی، ٢٠٠٦: ٣٢٩). ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی دروست بوونی پرسیار و گومان لەسەر توانای تیۆرە بەرجەستەکان لە خوێندنەوە و پێشبینیکردنی رووداوەکانی جیهانی سیاسەت. لە جێگەی قسەکردن لەسەر بابەتە کلاسیکییەکان، کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دەرفەتێکی گرنگ و نوێی بە شارەزاکانی بواری ئاسایش بەخشی قسە لەسەر کۆمەڵێک بابەتی نوێی پەیوەندار بە ئاسایش بکەن. گریمانە و لێکدانەوەی نوێ هاتنە ئاراوە دەربارەی چی شتێک دەبێت بپارێزرێت، وە چۆن. لە کلاسیکدا، دەوڵەت ئەو شتە بوو کە دەبێت بپارێزرێت، بێگومان لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە (بەیلیس و ویرتز، ٢٠١٠: ٤-٥). سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دوای جەنگی ساردا بووە هۆی سەرهەڵدانی جێگرەوە و ڕێبازی جیاوازیش بۆ ئاسایش، کە جەختیان لەسەر بابەتی بەرهەڕەشەی جیاواز دەکردەوە. یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو گفتوگۆیانە، بیرکردنەوە بوو لە ڕێگا و ئامرازی نوێ بۆ دابینکردنی ئاسایش. هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی تاڕادەیەک لە ئاستی ناپەیوەستبوونی شێواز و ئامرازە کۆنەکانی پێشوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە نوێیەکانی ئاسایشدا، تەنانەت ئەو رێکارانەی کە لە ڕابردوو بۆ پاراستنی ئاسایش گیرابوونە بەر، لەو قۆناغەدا وەکو هۆکارێکی نا-ئاسایشی سەیر دەکران (سنایدەر، ٢٠١٢: ٢ ؛ کۆلینس، ٢٠١٣: ٢).

یەکێکی دیکە لە گرنگترین خەسڵەتەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لەو قۆناغەدا بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئاسایش لەژێر رۆشنایی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی بەجیهانیبوون (globalization). بەجیهانیبوون لە رووی سیاسی، ئابووریی، جیۆگرافی، کلتوری و تەنانەت لە رووی هێزەوە خاوەنی بونیادی(پێکهاتەی) تایبەت بە خۆیەتی. بونیاد یاخود پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی لە دوای جەنگی سارد ئەگەر ناوێکی بۆ دابندرێت بە قەوڵی تۆماس فریدمان دەبێت '**بەجیهانیبوون**' بێت (٢٠٠٦: ١٢). بەجیهانیبوون لە زۆر ئاستدا سروشتی زۆرێک لە بابەتەکانی ئاسایشی گۆڕی، یەکێک لەوانە بابەتی **جەنگ** بوو. هەروەک ماری کەلدۆر (١٩٩٩: ٣) دەنوسێت:'' بۆ تێگەیشتن لە جەنگە نوێیەکان دەبێت لە

بەستێنی پرۆسەی بەجیهانیبووندا تێبگەین". ئەو جەنگە نوێیانە لە سێ ڕووەوە جیاواز بوون لەگەڵ جەنگە کۆنەکان کە لێکۆڵینەوەکانی کلاسیکی ئاسایش ئاشنابوو پێیانەوە، ئەوانیش؛ **ئامانجەکانی جەنگ، لایەنی دارایی جەنگ، وە ئامرازەکانی جەنگ**. لە نێوان ئامانج و سەرچاوەی دارایی و ئامرازەکانی جەنگ گۆڕانکاری گەورە ڕوویانداوە، تەنانەت شێوازی شەڕکردن و پانتای جەنگ زۆر ئاڵۆز بووە. زۆرێک لەو گۆڕانکارییانە دەرەنجامی گۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون بوون، بە جۆرێک لە ناوەڕۆکی هەموو لێکۆڵینەوەیەکی هاوچەرخی ئاسایشدا، بەجیهانیبوون و ڕەهەند و کاریگەرییەکانی زۆر بەهێز ئامادەییان هەیە.

لەگەڵ بەردەوامیەتی کۆمەڵێک بابەتی سەرەکی (وەکو گرنگیی جوگرافیای سیاسی)، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژێر گۆڕانکاری گەورەدایە. ئەمەش بووەتە هۆی فراوانکردنی ئاستی بیرکردنەوە سەبارەت بەو لایەنەی دەبێت ئاسایشی بپارێزرێت، خەریکی لە خۆگرتنی ڕەهەندی نوێیە لە جۆر و ئاستی هەڕەشە و مەترسییەکان. باری بۆزان و لین هانسن لە کتێبی پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی (٢٠٠٩) پێیان وایە یەکێکە لە کێشەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش ئەوەیە کە تاڕادەیەکی زۆر تەنها گوزراشتە لە **ئاسایش و نائاسایشی رۆژئاوا**، لەبەرامبەریشدا ئەزموونی نا-ئاسایشی (insecurities) نا-ڕۆژئاواییەکان فەرامۆش کراوە. هەر بەهەمان شێوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش وەکو بابەتێکی رۆژئاوایی ماوەتەوە و کارەکانی بە زۆری لە وڵاتەکانی باکوری ئەمریکا، ئەوروپا و ئوسترالیاوە تیۆریزە کراوە و دەکرێت (٢٠٠٩: ١). لەبەرئەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش وەکو دیسیپلین توانای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئاسایشی ئەمڕۆی هەبێت، دەبێت فرە ڕەهەند و لەسەرووی گریمانە و چەمکەکانی ئاسایش و نائاسایشی رۆژائاواوە بێت. بە مانایەکی دیکە، ئەو چەمکە لە بەستێنی رۆژئاوادا سەرهەڵدەدات، لەوانەیە نەتوانێت هەمان کێشە لە بەستێنێکی نارۆژئاوایی بخوێنێتەوە.

زۆرجار لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەوە دەبێتەوە کە ڕەهەندی سۆسیۆلۆجی، مێژووی ئاسایش و پراکتیزەکانی ئاسایشیان پشت گوێ خستووە. چونکە پراکتیک و هەڵوێستێکی ئاسایشی ڕەنگە تەنها لە چوارچێوەی لۆژیکێکی مێژوویی دیاریکراودا گونجاو بێت، بەڵام لە کاتێک و شوێنێکی دیکەدا ڕەنگە بەو شێوەیە نەبێت. بۆیە خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجییانەی مێژوویی نەمەت (pattern) و گۆڕانکارییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت کە چوارچێوەی ئاسایش دیاری دەکەن، دەتوانن شیکردنەوەیەکی مێژوویی گرنگ بۆ دەوڵەت پێشکەش بکەن، ئەمەش لە پێناو باشتر تێگەیشین لە پەیوەندی بەردەوامی نێوان دەوڵەت و ئاسایش.

بەشێوەیەکی گشتی، پەیوەندییەکانی ئاسایشی ئەمڕۆ بریتییە لە گوزارشتکردن لە دژبەیەکی و ناکۆکییەکانی نێوان لۆژیکە کۆنەکانی ئاسایش و بابەت و کێشە نوێیەکانی ئاسایش (بەرکاوی و لیڤی،

٢٠٠٦: ٣٢٩). ئەو گۆڕانکاری و بابەتە نوێیانە بووە هۆی دروستبوونی هێڵێکی جیاکاری ناڕۆشن لەگەڵ بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بەهەمان شێوەی جیاکارییە ناڕۆشن و تێکەڵەکەی نێوان زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (کۆلینس، ٢٠١٣: ٢). پاول وێلیامس لە چاپی دووەمی تێکستبووکە بەناوبانگەکەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش: پێشەکییەک (Security Studies: An Introduction) لە ساڵی ٢٠١٣، تاوتوێی ئەوە دەکات کە ڕەنگە چەمکە کلاسیکییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان یارمەتیدەر نەبن بۆ ئەوانەی کار لەسەر تێگەیشتنی داینامیکەکانی ئاسایش دەکەن لە سەردەمی هاوچەرخی جیهانی سیاسەتدا. چونکە زۆربەی کێشەکانی ئاسایشی ئەمڕۆ ئاوێتە و زۆر ئاڵۆز و تێکهەڵکێش و تێکەڵیەکن، دواجار پێوستیان بە شیکردنەوە و چارەسەری هەیە کە رەنگە بە تەنها بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان نەتوانێت ئەو کارە بکات (کاڤێلتی و مایۆر، ٢٠١٠: ١). بۆ نموونە، شیکردنەوەی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە چەکی کۆکوژەوە هەیە، بە دڵنیاییەوە پێویستی بە ئاساتێکی بەرزی تێگەیشتن لە لایەنی زانستی و تەکنیکیەوە دەبێت؛ هەروەها دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی تیرۆریزم پێویستی بە کارکردن لەسەر رەهەندی دەروونناسی دەبێت؛ هەڵسەنگاندنی زیانەکانی تەندروستی یا نەخۆشییەکی دیاریکراو پێویستی بە پسپۆڕی پزیشکی دەبێت؛ تێگەیشتن لە کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو و خۆراک و پیسبوونی ژینگە پێویستی بە خەریکبوون دەبێت لەگەڵ بابەتی بایەلۆجی و پرسەکانی زانستیی ژینگە؛ رووبەڕووبوونەوە و بنبڕکردنی تاوانە جیهانییەکان پێویستی بە شارەزایی لە بابەتی تاوانناسیدا دەبێت؛ پرسی ئاسایشی ئینتەرنێت پێویستی بە زیرەکی و زانین هەیە لە کۆمپیوتەر و رۆبۆت و ژیریی دەستکرد و چەندین زانیاری و زانست و تەکنەلۆژیای دیکە (وێلیامس، ٢٠١٣: ٥).

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ فراوانکردنی مانا و چوارچێوەی ئاسایش دراوە، کە لەو بەشەدا بە ئاماژەی پێدرا، لە ئێستادا هەوڵێکی زۆر لە لایەن کۆمەڵێک زانای دیاری ریالیستەکان لەوانە (ستیڤان واڵت و جۆن مێرشایمەر) هەیە بۆ دووبارە سەیرکردنەوەی ئاسایش لە روانگەی گریمانە کلاسیکییەکانی ئاسایش؛ لەوانە سیاسەتی کێبڕکێی هێزە گەورەکان، شکستی بەجیهانیبوون، دەوڵەت وەکو ئەکتەری سەرەکی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. کۆمەڵێک رووداوی گرنگ لە ئاستی نێونەتەوەیی و هەرێمایەتی رێگەی بە گەڕانەوەی بابەتە کلاسیکییەکانی ئاسایش خۆشکرد، لەوانە رووداوەکانی دوای قەیران و جەنگی ئۆکرانیا، دەستتێوەردانە سەربازییەکانی روسیا لە وڵاتانی تر و لکاندنی هەرێمی کریما(قرم) بۆ سەر روسیا، دواتریش سزا ئابوورییەکانی سەر روسیا، زیادبوونی ململانێی نێوان چین و ژاپۆن، ململانێی جیۆپۆلەتیکی ئێران و سعودیە بۆ بوون بە باڵادەستی کەنداوی فارسی و بەکارهێنانی نەوت وەکو چەکێک لە لایەن سعودیەوە، هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر گرووپی داعش، پەتای کۆرۆنا و هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل و...هتد (بڕوانە ستیڤان واڵت، ٢٠١٤، واڵتەر مید، ٢٠١٤)، لە هەموویان گرینگتر بریکزت (Brexit) و سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمریکای ٢٠١٦، بەهێزبوونی هێز و لایەنە پۆپۆلیستییەکان لە ئەوروپا کە هەڕەشەیەکی گەورەیان لەسەر ئایندەی یەکێتی ئەوروپا و بنەما و سیاسەتە لیبڕالییەکان دروست

کردووە. بۆیە قۆناغە مێژووییەکان، و ڕووداوە مێژووییە گەورەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرنامە و ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت.

# چەمک و پێناسەی ئاسایشی

ئاسایش چی دەگەیەنێت؟ ئەو پرسیارە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لەسەر فەلسەفەی مەعریفە، بەتایبەت ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە ئیپیستمۆلۆجیاوە (epistemology) (چۆن ئەو شتانە دەزانین کە دەیانزانین)، دەربارەی بووناسی یاخود ئۆنتۆلۆجی (ontology) (ئێمە پێمان وایە چی شتێک و دیاردەیەک جیهانی کۆمەڵایەتی دروستکردووە)، پاشان دەربارەی میتۆدۆلۆجی (methodology) (ئێمە چۆن دیراسەتی جیهانی کۆمەڵایەتی دەکەین). ئەگەر ئێمە پێمان وابێت چەمکی ئاسایش چەمکێکی قسە لەسەر و جێگەی ناکۆکییە، ئەوە دەتوانین بڵێین لە لایەنی دەرهەست و تیۆریدا ناتوانین بگەینە هیچ جۆرە پێناسەیەکی یەکگرتوو و رەها.

سەرەڕای کارێکی زۆری شارەزاکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بۆ وێناکردن (conceptualize) و تیۆریزەکردن (theorize)ی **'ئاسایش'** بە ڕێگایەکی پوخت و سیستەماتیکی، تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی گشتگیر لە ئارادا نییە. تاکە شت زۆربەی شارەزاکان لەسەری کۆک بن ئەوەیە چەمکی 'ئاسایش' چەمکێکی قسە لەسەر و پڕ ناکۆکییە، وە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە. هەروەک باری بۆزان (١٩٩١b، ١٥-١٦) دەنووسێت؛ 'ئاسایش چەمکێکی پڕ ناکۆکییە و بەرەو رووی هەر هەوڵدانێک بۆ پێشکەش کردنی پێناسەیەکی گشتگیر دەوەستێتەوە'. لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێک لە شارەزاکان لەسەر ئەو ڕایە تارادەیەک کۆکن کە ئاسایش بریتییە لە؛ **ئازادیی لە دەست ئەو هەڕەشانەی لەسەر بەها گەورەکان هەیە،** بەڵام ناکۆکی گەورە لەسەر ناوەڕۆکی شیکردنەوەی ئاسایشدایە، ئاخۆ دەبێت ناوەڕۆک و تەرکیزی لێکۆڵینەوەکان لەسەر **ئاسایشی 'تاک'، یان 'نەتەوە-دەوڵەت' یاخود ئاسایشی 'نێونەتەوەیی'** بێت. بۆ نموونە، هەندێک پێیان وایە تەنها جەختکردن لەسەر ئاسایشی دەوڵەتەکان، وە کێشەی نێوان دەوڵەتەکان بووە هۆی پشتگوێخستنی ئەو گۆرانکارییە بنەڕەتییانەی کە جیهانی سیاسەت لە دوای جەنگی سارددا بەخۆیەوە بینیبووی. وە بۆ هەندێکی دیکە، پرۆسەی دوولایەنەی پێکەوە گرێدانی نێوان وڵاتان (وەکوو یەکێتی ئەوروپا) و پرۆسەی لێکهەڵوەشاندنەوە و لاواز کردنی وڵاتەکان (وەکوو یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلافیا) کە خەسڵەتێکی سەردەمی جیهانی سیاسەتی دوای جەنگی ساردن، بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە جاران گرنگیی بە ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگا بدرێت، لەبەر سەرهەڵدانی چەندین کێشەی نوێ لەسەر پرسی سنوور و ناسنامە (بەیلیس، ٢٠١١، ٢٥٤).

ئاسایش بە شێوەیەکی باو وا سەیرکراوە کە دەبێتە هۆی لابردنی هەڕەشە لەسەر بەها گرنگ، بەنرخ و خوازراوەکان، بە تایبەت نەهێشتن و لابردنی ئەو هەڕەشانەی ئەگەر هاتوو روبەروویان نەبیتەوە دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر بوون و مانەوەی ئەو لایەنەی کە هەڕەشەکەی لەسەرە لە ئێستا یان لە ئایندەیەکی نزیکدا. لەگەڵ ئەوەی زۆرجار ئاسایش **و مانەوە** وەکو پەیوەستییەکی توندبەیەک

سەیردەکرێن، بەڵام لە راستیدا ئەو دوانە هاوواتای یەکدی نین. لە کاتێک **'مانەوە'** بریتییە لە هەلومەرجی بوون و وجود، بەڵام ئاسایش بریتییە لە توانای هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردن و پاراستن و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و سیاسییە باڵاکان.

لەگەڵ ئەمەشدا، چەمکی ئاسایش بەردەوام وەکو چەمکێکی ئەرێنی(پۆزەتیف) سەیرنەکراوە. بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاست لە گوتاری سۆسیۆلۆجی ئەو چاخەوە سەیری ئاسایش وەکو بارێکی نەرێنی(نێگەتیف) کراوە (وەیڤەر، ٢٠٠٤: ٥٥) (بۆ زانیاری ورد لە سەر مێژووی پەرەسەندنی ئاسایش لە قۆناغە جیاوازەکان بڕوانە: لێن هانس و باری بۆزان :٢٠٠٩). لەبەر ئەوە، زۆر گرنگە ئاگاداری ئەو باکگراواندە مێژووییە بین کە چەمکی ئاسایش تیایدا گەشەی کردووە. زۆرێک پێیانوایە بە هۆی ئەو هەموو ناکۆکییانە لەسەر چەمکی ئاسایش، خودی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش رووبەرووی کێشەی زۆر کردۆتەوە، بە تایبەت لەبەر نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر ئەوەی **ئاسایش چییە**؟ لەسەر پرسیارە جەوهەرییەکانی ئاسایش، لەسەر ئەوەی ئاسایش چەمکە، ئامانجە یا دیسیپلینێکی سەربەخۆیە؟ هەرچەند ئەو جیاوازییانە کێشەی زۆری بۆ قوتابی و توێژەرانی ئەو بوارە دروستدەکات، بەڵام لە ڕاستیدا بووتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتی ئاسایش، بووەتە هۆی دروستکردنی بوارێکی زۆر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایش.

باری بۆزان (1991b:١) پێیوایە ئەو پەرەسەندنە خێرایەی ئاسایش بووە هۆی ئەوەی کە چەمکی ئاسایش بە ناتەواوی و گەشەنەکردوویی بهێڵدرێتەوە. بۆزان هۆکاری ئەو گەشەنەکردنەی ئاسایش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێنێتەوە. لەوانە چەمکی ئاسایش وەکو چەمکێکی زۆر ئاڵۆز بۆ شیکەرەوەکان دەردەکەوێت، بۆیە شیکەرەوەکان زیاتر پەنا بۆ کارکردن لەسەر ئەو چەمکانە دەدەن کە قابیلی کۆنترۆڵکردنن، و دەتوان چوارچێوەیەکی سنووردار و ڕۆشنی بۆ دیار بکەن.

هەروەها ئاسایش زۆرجار، بە تایبەت لە لای **ریالیستەکان**، وەکو **هاوواتای 'هێز'** سەیردەکرێت. ئاسایش زۆرجار وەکو چەمکێک کە سەرچاوەی گرتووە یا گرێدراوە بە کۆمەڵێک چەمکی دیکەوە - لەوانە؛ **هێز، سەروەری، رەدع، ستراتیژیەت** و هتد... ئەمەش بووە پشتگوێخستنی خودی چەمکی ئاسایش، یا سەیر نەکردنی وەکو چەمکێکی سەربەخۆ.

باری بۆزان دەست بۆ خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش دەبات، ئەویش پەیوەندیی بە پیادەکردن یاخود پراکتیکی دەسەڵاتەوە هەیە، چونکە دەسەڵات لە بەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆی باکی بە رۆشنکردنی چەمکی ئاسایش نەبووە، بەڵکوو کاری لەسەر ئاڵۆزکردنی مانای ئاسایش کردووە.

ئەگەر بۆ باری بۆزان کێشەی ئاسایش ئەوە بێت کە بەپێی پێویست ئەو چەمکە گەشەی نەکردووە، ئەوە بەپێچەوانەوە بۆ کەسێکی وەکو جۆن گارنێت کێشەی ئاسایش بریتییە لە گەشەکردنیکی زیاد لە پێویست. بۆ هەندێ لایەن، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد کاریگەری گەورەی لەسەر تەواوی بابەتەکانی

ئاسایش دروستکرد، بەڵام بەشێکی دیکە پێیوایە ئەو ڕووداوانە نەیتوانی سروشتی ئاسایس بگۆڕێت. گارنێت (١٩٩٦: ١٢) بەو شێوەیە دەنووسێت: 'چوارچێوەی ئاسایش زیاد لە پێویست فراوان بووە بە جۆرێک لە ژێر مەترسیدایە ببێتە چەمکێکی بێ مانا و بێ ناوەڕۆک'. هیچ پێویستییەکمان بە قووڵکردنەوە (deepening) و فراوانکردنی (widening) چەمکی ئاسایش نییە، چونکە ئاسایش چەمکێکە ئێمە لە ڕێگای پیادە کردنییەوە لە ژیانی رۆژانەدا ئاشنای دەبین. بەم شێوەیە ڕەنگە فراوانکردن و گەشەکردنی چەمکی ئاسایش ببێتە مایەی زیاتر ناڕۆشنکردن و لێڵکردنی پرسەکان، و تەنانەت ئاڵۆزکردنی گفتوگۆکان لەسەر ئاسایش.

ئاسایش وەکو ئایدیا، وەکو چەمک یا تێڕامان زۆر دوورە لەوەی سەقامگیر و نەگۆڕ و سادە بێت (وەیڤەر، ٢٠٠٤: ٥٤). بۆیە هەوڵی لەخۆگرتنی پێناسەیەک و لێکدانەوەیەکی فراوان و قووڵی ئاسایش دەدرێت بە لە خۆگرتنی هەڕەشە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاسایشی تاکەکان، بە مەبەستی مامەڵە کردن لەگەڵ ئاسایش لە سەرووی چەمک و گریمانە کلاسیکییەکان. پێناسەکەی بیل ماکسوێنی زۆرترین ڕەهەندی گۆڕانکارییە تیۆری و پراکتیکییەکانی هاوچەرخی ئاسایشی لە خۆ گرتووە، ماکسوێنی (١٩٩٩: ١) پێیوایە 'ئاسایش چەمکێکی زەحمەتە بۆ تێگەیشتن، وە بەرەنگاری هەر پێناسەکردنێک دەبێتەوە. ئاسایش لە زیاتر لە بەستێنێکەوە بۆ کۆمەڵێک مەبەستی جۆراوجۆر لەلایەن تاکەکان، گرووپەکان، حکومەتەکان و ئەکادیمییەکانەوە بەکاردێت. ئاسایش لە نێوان ئامراز و ئامانجەکاندا زۆرێک لە تێکهەڵچرژان و ناڕۆشنی لە خۆگرتووە، هەروەها تێکەڵییەک و ناڕۆشنییەکی زۆر لە نێوان ئاسایشی تاک و دەوڵەت-نەتەوەیی و نێونەتەوەییەوە'. لێرەدا چەند پێناسەیەک وەک نموونە دەخرێنەروو:

-ئاسایش ئازادییەکی ڕێژەییە لە دەست جەنگدا، یەکانگیرە لەگەڵ پێشبینییەکی بەرزی ڕێژەییانە کە کاتێک جەنگ ڕوودەدات، شکست ئاکامی ئەو جەنگە نابێت (بێلامی، ١٩٨١: ١٠٢).

-ئاسایش ئاماژەپێدەرێکی بەهێزە، و بانگەشەکردنی ئاسایش دەبێتە هۆی ئەوەی دیاردەیەک لە بواری سیاسەتی رۆژانە دەربهێندرێت و وەکو هەڕەشەیەکی وجودی پێشانبدرێت کە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە لەناکاوەکان دەبێت، ئەو بانگەشەیە پاساو بۆ کردارەکان لە دەرەوەی سنورە ئاساییەکان و ڕێوشوێنی سیاسییەکان دەهێنێتەوە (وەیڤەر،a ١٩٩٥: ١).

-نەتەوەیەک ئەو کاتە ئاسایشی پارێزراوە، کاتێک ناچار نەبێت قوربانی بە بەها جەوهەرییەکان و بەرژەوەندییە ڕەواکانی بدات لە پێناو دوورخستنەوەی جەنگ، هەروەها کاتێک هەڕەشەی لێدەکرێت و دەچێتە جەنگەوە، توانای پاراستنی بەها و بەرژەوەندییەکانی هەبێت لە ڕێگای سەرکەوتن لە جەنگێکی لەم شێوەدا (لیپمان، ١٩٤٣: ٥١).

-ئاسایشی نیشتیمانی رەنگە پێناسە بکرێت وەکو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دەست درێژییە دەرەکییەکان (لۆشیانی، ۱۹۸۸: ۱۵۱).

-هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی بریتییە لە کردارێک یان زنجیرە رووداوێک کە یەکەم: دەبێتە هۆی هەڕەشەی سەراپا و لە ماوەی کاتێکی زۆر کوورتدا لەسەر ئاستی ژیانی خەڵک لە وڵاتدا. دووەم: هەڕەشەیەکی گەورە دروستدەکات لە ڕێگای نەهێشتن و کورتکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەبەردەم سیاسەتی حکومەت و دەوڵەت و کیانە تایبەت و ناحکومییەکان دایە (ئوڵمان، ۱۹۸۳: ۱۳۳).

-ئاسایش و نائاسایشی لە پەیوەندیدا بە بابەتە هەستیارەکانی سەر هەردوو ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی پێناسەدەکرێت کە دەبنە هۆی هەڕەشە یاخود ئەگەری هێنانەخوارەوە و لاوازکردنی بونیادەکانی دەوڵەت: لەسەر هەردووک بونیادی جوگرافی و دامەزراوەیی، هەروەها بونیادی ڕژێمی حوکم کردن (ئەیوب، ۱۹۹۵: ۹).

-ئاسایش بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە، بریتییە لە رزگارکردن و ئازادکردنی مرۆڤەکان (تاکەکان و گرووپەکان) لە دەست ئەو بەربەستە جەستەیی و مرۆییانەی کە رێگەیان لێدەگرێت ئەو کارانە بکەن کە کاتێک ئازادن لە هەڵبژاردنیان. جەنگ و هەڕەشەی جەنگ یەکێکن لەو بەربەست و ڕێگریانە، لەگەڵ پرسەکانی؛ هەژاری، خراپی پەروەردە، ستەمی سیاسی و هتد. ئازادیی و ئاسایش دوو ڕووی سەر هەمان دراون. ئازادیی، نەوەک هێز و ڕێسا و یاسا، بە تەنها دەتوانێت ئاسایشی راستەقینە دابینبکات (بۆتس، ۱۹۹۱: ۳۱۹).

-ئەگەر خەڵک، جا ئەگەر وەزیرەکانی حکومەت و کەسە تایبەتەکان بن، هەستیان کرد کە پرسێک دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ژیانیان لە هەندێک لاوە، ئەوە دەبێت سیاسیانە وەڵامی ئەو پرسە بدرێتەوە، پاشان ئەو پرسە دەکرێت وەکو پرسێکی ئاسایش ببینرێت (هۆگ، ۲۰۰٤: ۹).

-ئاسایش تەنها چەمک و بابەتێک کۆمەڵایەتی نییە کە دەبێت بخوێندرێت و شیبکرێتەوە، بەڵکوو کێشەیەکە دەبێت ئیدارە بکرێت یا کۆنتڕۆڵ بکرێت لە لایەن کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە دەیانەوێت هیوای مانەوەیان هەبێت (سمیس، b۲۰۱۰: ۲).

-ئاسایشێکی سەقامگیر تەنها لە ڕێگای خەڵک و گرووپەکانەوە دەکرێت بەدەستبهێندرێت بەمەرجێک ئەوانە کەسانی دیکە دوورنەخەنەوە؛ ئەگەر لە ئاسایش تێگەیشتین وەکو **پرۆسەی رزگاربوون** ئەوا دەکرێت بەدەستیبهێنین (ویلەر و بۆتس، ۱۹۹٤).

# پرسە ئاسایشییەکان

گۆڕانکارییە گەورەکانی سەر ئاسایش بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارێکی گەورە: کێن پسپۆری راستەقینەی بواری ئاسایش لە جیهانی سیاسەتدا و لە کوێ دەستمان دەکەوێت؟ بیریار و شارەزاکانی ئاسایش بۆچوونی جیاوازیان لەسەر بابەت و پرسیارە سەرەکییەکانی ئاسایش هەیە. پاوڵ وێلیامس (٢٠١٣) پێیوایە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش پێویستە وەکوو بوارێکی لێکۆڵینەوە و گەڕان لە دەور و چوارچێوەی چەند پرسیارێکی جەوهەریدا بخوێندرێت؛ ئەو پرسیارانەش بریتیین لە:

- ئاسایش چییە؟
- ئێمە قسە لەسەر ئاسایشی کێ دەکەین؟
- چی دەبێتە هۆی ناساندنی پرسێک بە پرسێکی ئاسایش؟
- ئاسایش چۆن دەکرێت بەدەستبهێندرێت؟

دەیڤید باڵدوین (١٩٩٧: ١٢-١٧)، پەنجە دەخاتە سەر حەفت(٧) پرسیاری بنەڕەتی لە کاتی دەستبردن بۆ پرسەکانی ئاسایش و شیکردنەوەیان، کە دواجار ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت پێک بهێنن:

- ئاسایش بۆ کێ؟
- ئاسایش بۆ چ بەهایەک؟ چەند ئاسایش؟
- لە دەست چ هەڕەشەیەکەوە؟
- بە چ ئامرازێکەوە؟
- بە چ نرخێک؟
- وە لە چ کاتێکی دیاریکراودا؟

بەگوێرەی پاشخان و روانگەی تیۆری هەر یەکێک، رەنگە پرسیاری دیکە زیاد بکرێت بۆ نێو ئەو لیستەوە. بۆ نموونە بۆ زۆرێک لە فیمینیستەکان، پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە: ئافرەتان لە کوێن و ئەوان چی دەکەن؟ بۆ تیۆریزانە رەخنەگرەکان، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کێ سوودمەند دەبێت لە سیاسەتەکانی ئێستای ئاسایش؟ بەهەمان شێوە بۆ سۆسیۆلۆجیستە سیاسییەکان، بابەتی سەرەکی توێژینەوە دەبێت بریتی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیارێک: ئاسایش چ پیادەکردن یاخود پراکتیکێک (practice) لەگەڵ خۆی دەهێنێتە کایەوە؟ (وێلیامس، ٢٠١٣: ٦).

باری بۆزان و لێن هانس (٢٠٠٩: ١٠-١٣) پێیان وایە هەر لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و نائاشکرا گوتوبێژەکانی نێو لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دەوری چوار پرسیاری سەرەکی کۆبوونەوە.

**١- پرسیاری یەکەم، ئاسایشی کێ دەبێت پارێزراو بێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت؟** بۆ ماوەیەکی درێژ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش **دەوڵەت**ی وەکو بابەتی بەرهەڕەشەی سەرەکی ئاسایش ناساندووە. پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت وەکو هۆکارێک بۆ پاراستنی ئاسایشی لایەنە بەرهەڕەشەکانی دیکە سەیرکراوە. هەر لەبەر ئەوە زۆر جار **'ئاسایشی نیشتیمانی' وەکو 'ئاسایشی دەوڵەت'** وێنا کراوە.

**٢- پرسیاری دووەم، ئاخۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت هەڕەشە ناوەخۆییەکان یا هەڕەشە دەرەکییەکان لە خۆبگرێت؟** لە دوای جەنگی ساردەوە، گوتوبێژی گەورە لە ئارادابوو لەسەر جیاکردنەوەی هەڕەشە ناوەخۆییەکان لە هەڕەشە دەرەکییەکان. لێرەدا لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی زۆرجار لە جێگەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نیشتیمانی دەبیندرا. بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و بە هۆی گۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون، لە راستیدا چیتر نەدەکرا جیاوازی لە نێوان هەڕەشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بکرێت.

**٣- پرسیاری سێیەم، ئاخۆ دەبێت لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەرووی سێکتەری ئاسایش و بەکارهێنانی هێز بخوێندرێت؟** یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە ماوەی جەنگی سارد **بەستنەوەی ئاسایشی نیشتیمانی بوو بە ئاسایشی سەربازییەوە**، بەڵام ئەمە بێ رەخنە و مشتومڕ نەبوو، بە تایبەت رەخنەی لێکۆڵەرانی بواری ئاشتی (peace researchers) بۆ داواکردنی گرنگیدان بە لەخۆگرتنی ئەو کێشە و هەڕەشانەی کە پەیوەندییان بە پێداویستییەکانی مرۆڤەوە هەیە، نەوەک تەنها تەرکیز کردنە سەر ڕەهەندی سەربازی.

**٤- پرسیاری چوارەم، ئاخۆ ئاسایش دەبێت ببەسترێتەوە بە هەڕەشە داینامیکییەکان ( dynamic threats)، و مەترسی و حاڵەتە لە ناکاوەکان؟** بەڵام لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دیبەیتی گەورە نەوەک تەنها بۆ فراوانکردنی مانا و چوارچێوەی ئاسایش لە ئارادا بوو، بەڵکو بۆ گرنگیدانی زیاتر بوو لە بابەتی بەرهەڕەشەیەک کە پێشووتر و لەماەی جەنگی سارد تەنها سەربازی بوو.

هەوڵدان بە دوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی کە خودی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتێک رەنگە ببێتە نائاسایشی وڵاتێکی دیکە، هەڕەشەیەکی دیاریکراو لەسەر نەتەوەیەک رەنگە ببێتە دەرفەتێک بۆ نەتەوەیەکی دیکە. وڵاتەکان بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە و بەردەوام تەنانەت بە هەر نرخێک بێت هەوڵدەدەن ئاسایشیان پارێزراو بێت، چونکە وجود و مانەوەی کیان و دەسەڵاتەکەیان بەستۆتە ئاسایشی دەوڵەت. لە سەر ئاستی نێونەتەوەییدا، وڵاتەکان رووبەڕووی کێشەی دووسەرەی ئاسایش **(security dilemma)** دەبنەوە، چۆن ئەو هەموو بەها جیاواز و دژ بە یەکیانە لە نائامادەیی دەسەڵاتێکی باڵا و مەرکەزیدا (central authority) دەتواندرێت بپارێزرێت. لەبەر ئەوە دیاریکردنی گرنگترین و پەیوەستترین پرسیاری ئاسایش دەوەستێتە سەر هەلومەرجێکی دیاریکراوی نەتەوەیەک، دەوەستێتە سەر ئەو وەڵامەی کە کێ بە دوایدا دەگەڕێت.

کاتێک یەکێک بڕیاری ئەوە دەدات مانای ئاسایش چییە و مەبەست لە ئاسایشی کێیە(چ لایەن و ئەکتەرێکە)، زۆر گرنگە پرسیاری ئەوە بکرێت چی شتێک دەبێتە هۆی بە هەڕەشە ناساندنی پرسێک لەسەر لایەنێکی دیاریکراو، یان پرسێکی ئاسایی لە چ ئاستێکدا دەبێتە پرسێکی ئاسایش؟ ئاسایش بەردەوام پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە یا دەکرێت بگووترێت 'پرسێکی سیاسییە'. ئاسایش نەوەک هەر پیادەکردن و پراکتیکەکی سیاسییە لە دیاریکردنی هەڕەشەکان، بەڵکو لە چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەشیان. پیادەکردنی ئاسایش زۆرجار فۆرمێکی جیاوازی پیادەکردن لە سیاسەت وەردەگرن (هایسمانس، ٢٠١٤). لای جێف هایسمانس، پیادەکردن یاخود پراکتیکی ئاسایش کەوتۆتە ژێر کاریگەری پیادەکردنی سیاسەتەوە، بەڵام کاتێک سیاسەت و ئاسایش تێکەڵ بە یەک دەکرێن، خیتابی سیاسی دەبێتە خیتابێکی ئەمنی جیاکەرەوە، ئەو کات تەواوی سیستەمی دیموکراسی لە ژێر پرسیاردا دەبێت.

لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لە پرسێکی ئاسایش پێویستی بە تێگەیشتن دەبێت لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا سەرچاوە و هۆکارەکانی هەڕەشەکان و نائاسایشییەکانی (insecurities) بەرجەستە بووە. بە مانایەکی دیکە، کێ بڕیاری ئەوە دەدات کە ئاسایشی چ کەسێک کەوتۆتە ژێر هەڕەشەوە؟ لەلایەن کێ و بۆ کێوە؟ هەر تاکێک لەسەر ئەو گۆی زەمینە کۆمەڵێک یەکە و لیستی ئاسایشی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ **ڕەنگ، ڕەگەز، ئایین و زمانەوە**، تەنانەت پەیوەندی هەیە بەوەی کە لە کوێوە هاتووە، بۆ کوێ دەڕوا، وە دەیەوێت لە ئاییندەدا چی ڕووبدات. زۆرێک لە تاکەکان لە هەڕەشەکاندا هاوبەشن. بۆیە لە یەکەم هەنگاودا زۆر گرنگە بزانین کێ بڕیاری ئەوە دەدات چی شتێک، کەسێک یا گرووپێک وەک هەڕەشە وێناکراوە (ویلیامس، ٢٠١٣: ٨-٩).

یەکێک لە نموونەکانی سیاسەتی دروستکردنی هەڕەشە، پانێڵێکی ئاست بەرزی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو بە ناوی هەڕەشەکان، ڕێگرییەکان، گۆڕان لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە ڕاپۆرتی کۆتایی پانێڵەکەدا بە ناوی جیهانێکی پارێزراو شەش جۆر لە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵاتەکان ئاماژەی پێکرا: ئەوانیش **هەڕەشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکو هەژاری، نەخۆشییە بڵاوەبوو و گوێزەرەوەکان و پیسبوونی ژینگە، ململانێی ناوخۆیی وڵاتان وەکو شەڕی ناوخۆ و جینۆساید، چەکە کۆکووژ و ناوەکی و ئەتۆمییەکان و تیرۆریزم** (High-Level Panel, ٢٠٠٤: ٢)، بەڵام وڵاتەکان بە یەک ئاست سەیری ئەو هەڕەشانە ناکەن، زۆرێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان پێیان وایە هەڕەشەکانی تیرۆر هەڕەشەیەکن دەبێت ئەولەوییەت وەربگرێت، بەڵام هەندێك وڵاتی دیکەی 'جیهانی باشوور' پێیانوایە کێشە ئابوورییەکانی وەکو هەژاری هەڕەشەی سەرەکین لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکانیان.

کلاسیکبوون و هاوچەرخبوون لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا زیاتر پەیوەندیی بە چۆنییەتی تێگەیشتن و بینینی ئاسایشەوە هەیە و نەوەک هەموو جار بە کات و زەمەنەوە. لەسەردەمی ئێستاشدا، بە تایبەت

لەلای نیۆریالیستەکانەوە، زۆرێک لە ئەکادیمییەکانی بواری ئاسایش هەن، تەنها ئەو کاتە پرسێک بە پرسێکی ئاسایش دەزانن، کە ئەگەر هاتوو پەیوەندیی بە **ئاسایشی دەوڵەت و هەڕەشە سەربازییەکانەوە** هەبێت. بۆ نموونە، ستیڤان واڵت (١٩٩١: ٢١٢-٢١٣) (بەردەوام دژی فراوانکردنی چەمکی ئاسایش دەنووسێت) پێیوایە ئاسایش بریتییە لە دیراسەت کردنی هەڕەشە، کۆنترۆڵ و بەکارهێنانی هێزی سەربازی. لای ستیڤان واڵت نەوەک تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە هەنگاوە نوێیەکانی فراوانکردنی ئاسایش کێشەی هەیە، بەڵکوو لە ڕووی سیاسییەوە ناواقیعییە و گوزارشتە لە نابەرپرسیارییەتی. بەهەمان شێوە، جۆن مێرشایمەر (١٩٩٥: ٩٢) ڕەخنە لەو هەوڵانە دەگرێت کە پێیان وایە دەتوانن ببنە ئەلتەرناتیڤێک بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی کلاسیک، پێیوایە نەک هەر نەیانتوانیوە چوارچێوەیەکی ڕونکردنەوەی سیستەماتیکی و تۆکمە بۆ شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایش تەرخان بکەن، بەڵکوو نەشیانتوانیوە بەهای خۆیان لە توێژینەوەیەکی کردەییدا پێشان بدەن.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر ئاسایش لادان و نەهێشتنی هەڕەشە بێت لەسەر بەها بەنرخەکان و سەرەکییەکانی یەکێک، ئەوا زۆربەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایش لەسەرتاسەری جیهان هەڕەشەکانی خراپی تەندروستی و خۆراک و پیسبوونی ژینگە و بێکارین، نەوەک هەڕەشە سەربازییەکان. بۆیە فراوانکردنی چوارچێوەی بابەتی ئاسایش کارێکی گرنگ دەبێت. پاشان فراوانکردنی چوارچێوەی بابەتی ئاسایش بە مانای بە ئاسایشیکردنی هەموو پرسێک نییە، هەروەک ئۆیل وەیڤەر و هاوڕێکانی لە نێو جەرگەی ڕەوڕەوەی فراوانکردنی ئاسایشدا، پێشنیازی بە 'نا-ئاسایشکردن' دەکەن، بەڵکو مەبەست لێی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەهێز و پارێزراوە نە تەنها لە دەست هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵکو لە دەست هەڕەشە ناوەخۆییەکانیش. بێگومان ئەو کارە تەنها لە چوارچێوەیەکی بەرنامەیەکی ئاسایشی فرەرەهەند و هەمەگیر و درێژخایەندا دەتواندرێت ئەنجام بدرێت.

# ئاسایشی کێ؟ ئاسایش بۆ کێ؟

دوای پرسیاری ئاسایش چییە، گرنگترین پرسیار کە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش هەوڵی وەڵامدانەوەی بۆدەدات بریتییە لە پرسیاری ئەوەی **ئاسایشی کێ دەبێت بپارێزرێت**؟ بە بێ بابەتی بەرهەڕەشە، ئاسایش بێ مانا دەبێت (بۆزان، ١٩٩١b: ٤٠).

ڕێبازی یەکەم- بۆ ماوەیەکی زۆر، باوەڕی باو لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا ئەوە بوو کە **'ئاسایشی دەوڵەت'** دەبێت تاکە یەکەی شیکردنەوەی ئاسایش بێت.

**ڕێبازی دووەم**- لە دوای جەنگی ساردیش بە تایبەت لای شارەزاکانی زانکۆی ئەبەریستویز وەکو کین بۆتس و بیل ماکسوێنی، گفتوگۆی ئەوە لە ئارادابوو کە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش دەبێت **'مرۆڤەکان'** بن، بە بێ گەڕانەوە بۆ مرۆڤەکان ئاسایش هیچ مانایەکی نابێت. کارەکانی ئەوان بووە هۆی هێنانی چەمکی (ئاسایشی مرۆیی) وەکو بابەتی بەرهەڕەشەیەکی نوێی ئاسایش، بۆ نێو ئەدەبیاتی ئاسایش.

**ڕێبازی سێیەم**- لە دوای ئەوانە، کۆمەڵێک لە شارەزاکان پێیان وابوو دەبێت تەرکیز (focus) ئاسایش نە دەوڵەت و نە خەڵک بێت، بەڵکوو دەبێت لەسەر **'کۆمەڵگا'** بێت. چونکە بۆ ئەوەی بە تەواوی ببێت بە 'مرۆڤ' دەبێت ببیت بە بەشێک لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

**ڕێبازی چوارم**- کە ئەویش لە دوای جەنگی ساردەوە سەریهەڵدا (لەوانە کارەکانی باری بۆزان) بۆ کارکردن لەسەر ئاستەکانی شیکردنەوەی ئاسایش. لە لای بۆزان دیاریکردنی دەوڵەت یا تاک وەکو بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکە ناداتەوە، چونکە زیاتر لە دەوڵەتێک و تاکێک بوونیان هەیە، کە ئاسایشیان لەسەر یەکدی وەستاوە یا بە یەکەوە گرێدراوە (بۆزان، ١٩٩١b: ٤٠). ئەو بەرەیە چوارچێوەیەکی شیکارییان بۆ ئەو بابەتی بەرهەڕەشانە دەکرد کە دەبێت ئاسایشیان پارێزراو بێت، لە سەر ئاستی **تاکەکان، وڵاتەکان، هەرێمەکان، سیستەمی نێونەتەوەیی**. هەروەها ئەو بەرەیە کاریان لەسەر ململانێی نێوان **'ئاستە جیاوازەکانی شیکردنەوە'** دەکرد.

**ڕێبازی پێنجەم**- گرووپێکی دیکە لەر شارەزاکان بە هۆی سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون و کاریگەرییەکانی لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت-نەتەوە، پێیانوابوو دەبێت تەرکیزی ئاسایش لەسەر **'کۆمەڵگای جیهانی'** بێت. بەجیهانیبوون لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک خەسڵەت و هەڕەشەی نوێی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتان هێنا، وایکرد چیدی کێشەکانی ئاسایش بە تەنها لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت-نەتەوەکان نەمێنێت بە تەنها. لە ڕوانگەی ئەو شارەزایانە، تەنها لە ڕێگەی بەرەوپێشبردنی **ئاسایشی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی**، کێشەکانی ئاسایشی سەردەم چارەسەر دەکرێت، یا بە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە دەتوانین ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سەر ئاسایش ببینەوە.

**ڕێبازی شەشەم**- لەو ساڵانەی دواییدا، ڕێبازێکی نوێی دیکە سەریهەڵدا کە پێیان وابوو دەبێت ناوەڕۆکی بابەتی ئاسایش لەسەر تەواوی نیگەرانییەکانی **'گۆی زەمین'** بێت نەوەک لایەنەکانی پێشوو.

ئەو ڕێبازە پێیان وابوو دەبێت لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش سەیری تاک، کۆمەڵگا و وڵاتەکان بکات وەک بەشێک لە **ئیکۆسیستەم و سرووشت و ژینگەی جیهان**. لە ژینگەیەکدا مرۆڤەکان توانای ژیانیان نەبێت، لایەنەکانی دیکە هیچ مانەیەکیان نابێت (بەیلیس، ٢٠١١: ٢٥٥، وێلیامس، ٢٠١٣، ٨).

## چۆن ئاسایش دەستەبەر دەکرێت؟

بە سادەیی، تەنها ڕێگایەک نییە بۆ بە بەدەستهێنانی ئاسایش، بەڵکوو دەکرێت بە زیاتر لە ڕێگایەک بەدەستبهێندرێت. ریتشارد ئوڵمان (١٩٨٣) زۆر بەووردی کاری لەسەر ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سیاسەتێک دەکرد بۆ بە دواداچوونی ئامانجەکانی ئاسایش (security objectives). دیاریکردنی ڕێگاکانی پاراستنی ئاسایش دەوەستێتە سەر تێڕوانینی یەکێک یاخود لایەنێک بۆ چۆنیەتی سروشتی ئاسایش. بۆ نموونە، چونکە ستیڤان واڵت (١٩٩١: ٢١٢-٢١٣) پێیوایە سروشتی ئاسایش بریتییە لە 'هەڕەشە، بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی'، لەبەر ئەوە بۆ ئەو ئاسایش تەنها لە ڕێگای هێزی سەربازییەوە دەکرێ بپارێزرێت، یا هەڕەشە سەربازییەکان گەورەترن لە هەڕەشەکانی دیکە.

لە ڕابردوودا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاسایش کراوە، تێڕوانینە جیاوازەکان چۆن بوونە، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مومارەسەکانی ئەمرۆ. بەم کارەمان دواتر دەتوانین لە هەلومەرجەکانی ئێستای ئاسایش تێبگەین و داهاتووش ئەگەر کرا بەشێوەیەکی خوازراو داڕێژین (وێلیامس، ٢٠١٣: ١٠).

بەم شێوەیە، ئاسایش وەک باری بۆزان (١٩٩١b) پێیوایە بۆ قسەکردن لەسەر ئەولەویاتی کارەکانی دەسەڵات و دەبێت وەکو ئامرازێکی سیاسی سەیر بکرێت. لێرەدا زۆر گرنگ دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کێ بڕیار دەدات ئاسایشی وڵات واتای چییە، ئاسایش کێ، چۆن دەکرێت ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئاسایش ببینەوە، چ جۆرە پرسێک وەک پرسی ئاسایش هەژمار بکرێت، چی ڕوودەدات کاتێک بۆچوونی جیاواز لەسەر ئاسایش دەبێت، دواجار چۆن دەکرێت ئاسایش بەدی بهێندرێت. دواجار هەموو ئەوانە ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ ئەوەی سەیری دۆخێکی نائاسایشی نەکرێت وەکو دۆخێکی نەگۆڕ، بەڵکوو پیادەی ئاسایش دەبێت وەکو پیادەیەکی سیاسییانە کە قابیلی گۆڕانە، سەیر بکرێت.

بەدەستهێنانی ئاسایش کارێکی بە نرخ و گرانە و دەوەستێتە سەر قوربانیدان بە کۆمەڵێک ئامانجی دیکەی وڵات، کە دەکرا بەدیهێندرابان یا پارێزرابان بەو ئامراز و ئیمکانیەت و توانایەی بۆ بە دەستهێنانی ئاسایش تەرخان کرابوون (باڵدوین، ١٩٩٧: ١٦). لێرەدا دیبەیتی گەورە لە نێوان شارەزاکان دروست دەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێانی ئاسایشی نیشتیمانی.

مێلڤین لیفەر (١٩٩٠: ١٤٥) پێیوایە بێ گوێدانە سەر ئەوەی چەند گران لەسەر دەوڵەتێک دەوەستێت، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەر دەبێت بپارێزرێن. بە مانایەکی دیکە **ئامانجەکانی ئاسایش ئامڕازەکانی ئاسایش دیاری دەکەن**. بەڵام کەسێکی وەکو ریتچارد ئوڵمان، لە ڕوانگەی ڕاشنالیستییەوە(عەقلگەراییەوە)، پێیوایە نرخ و بەهای تێچوونی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی زۆر

گرنگە، لەبەر ئەوە نرخی ئەو بە دواداچوونە دەبێ ئەولەویەت وەربگرێت (١٩٨٣: ١٣٢)، کاتێک ئامڕازەکانی بەدواداچوونی ئامانجێکی ئاسایش زۆر گران دەبێت، دەبێت هاوسەنگی لە نێوان ئامراز و ئامانجی ئاسایش دروست بکرێت.

بابەتێکی دیکەی گرنگ لە پرسی بەدەستهێنانی ئاسایش پەیوەندیی بە بەرنامەی مەودا درێژ و مەودا کوورت هەیە. لە مەودا کوورتدا، ڕەنگە هێزی سەربازی تاکە ڕێگەی کارا و کاریگەر بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات لە دەست هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵام لە مەودا درێژدا باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات دۆستایەتی و هاوکاری و هەماهەنگی و پەیوەندیی هاوڕێیانەیە، یاخود دروستکردنی ژینگەیەکی نادوژمنکارییانەیە (باڵدوین، ١٩٩٧: ١٧)، بە تایبەت کاتێک بەردەوامی ئەو دژایەتییە زۆر گران لەسەر وڵاتێک دەوەستێت. بۆیە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتیمانی سەرکەوتوو ئەو ستراتیژیەتەیە کە دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو سیاسەتە جیاوازە رابگرێت و نەهێلێت بە ڕووی یەکدی بوەستنەوە.

## ئاسایشی نەتەوەیی پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

پاش کۆتایی جەنگی سارد، ئایدیای باو و قبووڵکراو بریتیی بوو لە دروستبوونی گۆڕان و گۆڕانکاریکردن لە چەمك و بوارەکانی ئاسایشدا. هەروەها لە ڕوانگەیەکی ترەوە پەرەپێدان و گەشەسەندنی چەمکی "ئاسایش" بوو کە بەشێواز و فۆرمی جۆراوجۆر دەرکەوتووە. بۆ نموونە؛ **فرەرەهەند بوونی چەمکی ئاسایش لە ئاسایشی نەتەوەکان بۆ ئاسایشی تاك و گروپ و کۆمپانیاکان، بەرفراوانبوونی چەمکی ئاسایشی دەوڵەتان بۆ ئاسایشی سیستەمی نێودەوڵەتی و لە ڕاستیدا بۆ ژینگەی سەروو نەتەوەیی** هاتنە ئاراوە. خستنەڕووی چەمکگەلێك وەکو؛ ئاسایشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی و مرۆیی شان بەشانی ئاسایشی لەشکری(سەربازی)، لە کۆتاییشدا پەرەسەندنی بەرپرسیارییەتی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش کە بێجگە لە دەوڵەتان، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش بەرپرسیارەتییان کەوتە ئەستۆ. ئەم گۆڕانکاریانەش بوونە هۆی دروستبوونی چەندین قوتابخانە و تیۆریی نوێی ئاسایشی.(Rothschild, 1995; 55).

"ڕۆبێرت ماندل" پێیوایە کە هەرچەندە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەپاش جەنگی سارددا وێکچوونی لەگەڵ پێش خۆی هەیە، بەڵام لە چوار پرس و بابەتدا جیاوازە(ماندل، ١٩٩٨: ١٧):

**١- گرنگی زیاتری ئەکتەرە سیاسییە سەروو نەتەوەیی و ژێر نەتەوەییەکان.**

**٢- بڵاوبوونەوەی تۆڕێکی ئاڵۆزی وابەستەبوونی دوولایەنە(Mutual dependence) و تەنانەت چەند لایەنەی ئابووری و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و دیموکراسی.**

**٣- بەرزبوونەوەی گوشارەکان لەسەر ژینگەی سروشتی و سەرچاوەکانی سروشتی دەوڵەتانی هەژار و دواکەتوو.**

**٤- بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازی لە نێوان دەوڵەتاندا.**

لەسەر بناغەی ئەم بابەتی سەرەوە، دەکرێت گرنگترین و بەرچاوترین قوتابخانە و تیۆرییە نوێیەکانی ئاسایشی بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکەین:

## قوتابخانەی ئینگلیزی

لە قوتابخانەی ئینگلیزیدا(English School) دوو ڕوانگە لەبارەی ئاسایشدا هەیە، هەردووکیان لەسەر بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەڵگری بەهاکان، ڕیسا و دامەزراوە هاوبەشەکان کۆکن. بەڵام لەبارەی جۆری تێگەیشتنیان لە چەمکی ئاسایش هاوڕا نین. لە ڕاستیدا لە نێوان ئەولەوییەتی ئاسایشی دەوڵەت لەلایەك و ئەولەوییەتی ئاسایشی تاکەکان لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونە.(Bellamy&McDonald, 2004: 308).

لەم قوتابخانەیەدا ڕوانگە یاخود لایەنە فرەگەراکان(The pluralist position) بە پێداگری لەسەر ئاسایشی دەوڵەت لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێك دەستەبەر دەبێت کە ئاسایشی دەوڵەتان پشتیوانی لە سەروەری، ڕێزگرتن لە بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان و بوونی سیستەمێکی نێودەوڵەتی جێگیر دەستەبەر کرابێت. ئەم ڕوانگەیە لەلایەن "هێدلی بۆڵ"(Hedley Bull) و "ڕۆبێرت جاکسۆن"(Robert H. Jackson) بەرگری و نوێنەرایەتی دەکرێت. "بۆڵ" ڕەگەزەکانی وەکو هاوسەنگی هێز، یاسای نێودەوڵەتی، دیپلۆماسی، جەنگ و ڕۆڵی زلهێزەکان بە هۆکاری بەرقەرای سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنێت. لە هەمانکاتدا "جەکسۆن" پێیوایە کە سیاسەتی

جیهانی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی جیهانییە کە کۆمەڵگەی فرەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات. ئەم ڕێککەوتنە جیهانییە لە هەندێك كاتدا لە نۆرم و پرۆسەکانی ناسینی دوولایەنەی **سەروەری و یەکپارچەیی هەرێمی دەوڵەتان** وەکو بنەمای بنەڕەتیی دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتاندا خۆی دەبینێتەوە.(Bellamy&McDonald, 2004: pp. 312-314).

بەڵام ڕوانگە و گروپی دووهەمی ئەم قۆتابخانەیە پێیانوایە کەوا ئاسایشی تاکەکان لە سەروەوەی ڕیزبەندی و ئەولەوییەتدایە. بۆ نموونە "نیکۆلاس ویلیەر"(Nicholas J. Wheeler) و "ئەندرۆ لینکلیتەر"(Andro Linklater). "ویلەر" پاڵپشتی لە مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵایان لەلایەن دەوڵەتانەوە دەکات، هەرچەندە ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەوڵەت فاکتەری سەرەکیی بەرجەستەکردنی ئاسایشە، بەڵام ئەو تاکانەی کە لە بەردەم پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافەکانیاندان ئەولەوییەتیان هەیە و سەرچاوەی ئاسایشن. بۆیە ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان هەموو کات بەڵێنی ئەخلاقی خۆیان لەهەمبەر تاکاکان جێبەجێ ناکەن، بۆیە پێداگرتن لەسەر پاڵپشتی ڕەها لە سەروەری دەوڵەتان و ئاسایشی دەوڵەت کێشە و گرفت بۆ ئاسایش دروست دەکات. بەڵام "لینکلیتەر" هەوڵدەدات بۆ ئەوەی تاکەکان وەکو ئەندامی دروستکراوی **کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی** بناسێنێت و لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکاندا جەخت لەسەر ناوەندایەتی تاکەکان بکرێتەوە. (Bellamy&McDonald, 2004: pp. 315-316). بەگشتی قوتابخانەی ئینگلیزی ڕوانگەیەکی فرەگەرایانەی هەیە بۆ پرسی ئاسایش و سەرچاوەی ئاسایش هەم بە تاك و هەم بە دەوڵەت دادەنێت.

# قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت)

ئەم قوتابخانەیە(Welsh School or Aberystwyth School) یەکێك لە قوتابخانە گرنگەکانی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاسایشییە ڕەخنەییەکانە.(Booth, 1991: 312). بنەڕەتیترین مشتومڕە ئاسایشییەکان لەم قوتابخانەیەدا لەسەر بنەماکانی بووناسی و مەعریفەناسییە. بە وتەی "کریستیان سیلڤێستۆر"(Christine Sylvestor) هەوڵەکانی ئەم قوتابخانەیە بەپێچەوانەی بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە خەڵك هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی تێدا نییە. ئەم قۆتابخانەیە بەپێی بنەما بوونناسی و مەعریفەناسییەکەی بۆ قووڵبوونەوە لە بواری خۆیدا بۆچوونی وایە کەوا ئاسایشی نەتەوەیی وەکو بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخود ماف و ئەرکی تاکەکان نییە، بەڵکو وەکو بوارێکی گوتاری بۆ مشتومڕ و گفتوگۆ و دیالۆگە. لەم ڕوانگەیەوە ئاسایش بوارێکە بۆ گۆڕانکاری لە بەهاکان، ڕەوایەتی مەعریفە و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵ. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ڕیشەکانی ترس و تێگەیشتن لە هەڕەشە و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی و...هتد، خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەوە ڕۆڵی ئەکتەر/بکەرەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆیە ئەم قوتابخانەیە پێیوایە کەوا پێویستە دەوڵەت لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە فاکتەرەکانی دەستنیشانەکەری ئاسایش لە هەر دوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیك، بۆ؛ **فاکتەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و نەتەوەییەکان** دەگەڕێتەوە. ئەم قوتابخانەیە لە ڕەهەند و زانست و بوارەکانی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، دەروونناسی و لێکۆڵینەوە کەلتوورییەکان بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئاسایشی کەڵك وەردەگرێت. هەرچەندە بیروڕاکانی "یۆرگن هابێرماس" (Jürgen Habermas) و "گرامشی" (Antonio F. Gramsci) کاریگەریان لەسەر ئەم قوتابخانەیەدا هەیە. لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە دوو بیرمەندی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە **"کێن بوس"(Ken Booth) و " ڕیچارد جۆنز"(Richard W. Jones)** بکەین. لێرەدا چەمکی **"رزگاری"** لەلایەن بیرمەندی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە "کێن بووس" دەخرێتەڕوو و پێشنیاز دەکات کە ئاسایش دەبێت لە ڕێگەی بەشداری ئازادانەی تاك و گروپەکان و لە دەرەوەی سنوورە مرۆیی و مادییەکان بێت

و بەپێی هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤەکان بێت. بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێن پێویستە جیهان لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە نەبینین، بەتایبەتی لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا. چونکە دەوڵەت زۆربەی کات خۆی بەشێك لە کێشەکان بووە نەك چارەسەر. بۆیە بە بڕوای ئەم قوتابخانەیە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لە پرسەکانی ئاسایشی لەبارەی مرۆڤە نەك دەوڵەت.(Bellamy, 2003: pp. 321-340).

بەگشتی قوتابخانەی وێلز بابەت و پرسەکان بەئاسایشی ناکات، بەڵکوو پرسی ئاسایش بەسیاسی دەکات.(Bilgin, 1999; pp. 31-32). قوتابخانەی وێلز ئەمە بەمەبەستی ئاشکراکردنی سروشتی سیاسی و دروستکردنی ئایدیای ئاسایش بە ئاماژەدان بە ئەزموونی ژنان و پیاوان لە هەڕەشە و مەترسییەکان ئەنجام دەدات تاوەکو بتوانێت هەڕەشە لەشکرییەکان و دەوڵەت سەنتەریی کە زاڵە بەسەر بەرنامەی کاری نەریتیی لێکۆڵینەوەی ئاسایشیدا، ئاشکرا بکات. ئەمەش لەگەڵ قوتابخانەی کۆپنهاگن کە خوازیاری بە نا-ئاسایشیکردنی پرس و بابەتەکانە، دژبەیەکە. چونکە قوتابخانەی کۆپنهاگن نیگەرانی ئەوەن کە ئەو پرسانەی کە بە ئاسایشی دادەنرێن لە ڕێگەی نوخبە حکومییەکانەوە ببێتە هۆکاری دروستبوونی نا-ئاسایشی، بەڵام بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە کە ئاسایش چەمکێکە بۆ لێکۆڵینەوە و لەهەمانکاتیشدا بەکارهێنانی پراکتیکییەکەی بە ئاسایشی بکەن.(بیلکین، ٢٠١١: ١٧٢). بەگشتی ئەم قوتابخانەیە سەرچاوەی ئاسایش تاك یاخود ئەو خەڵك و ناسنامانە دەزانێت کە کێشەیان دەوڵەتەکانیانە.

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم(قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا گرنگی و پرسی ناسنامە لە هاوکێشە ئاسایشییەکاندا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بەم مانایە کە ناسنامەکان لە ناسنامەی دەوڵەت بۆ ناسنامەی ئایینی و ئەتنیکی گۆڕاوە. بەم پێیە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی گوتار و جیاوازییەکان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لەسەر بنەمای ناسنامەکانە.(Blanchard, 2012; pp.8-9).

ئەم قوتابخانەیە(Third World Security School) وەکو ڕەخنەیەك لە قۆتابخانە و تیۆرییە ئاسایشییە ڕۆژئاواییەکان دروستبووە[١]. لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە "کارۆلین تۆماس"(Caroline Thomas) و "محمد ئەیوب"(Mohammed Ayoob) بکەین. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییە رۆژهەڵات لەدایکبووی وێنا و تێگەیشتنی ڕۆژئاوایە لە ئەویتری ناسنامەییەکەی. ئەم ڕوانگەیە بەکەڵك وەرگرتن لە هزرەکانی "گرامشی" زۆربەی چەمکەکانی پێناسەکراوی ڕۆژئاوایی وەکو ئاسایشی نەتەوەیی، ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە کە پێویستە جیهانی سێیەم خوێندنەوە و پێناسەی خۆی بۆ ئەو چەمك و پێناسە و پرسانە هەبێت. چونکە بە بڕوای ئەم ڕوانگەیە چەمك و بنەما فەلسەفی و هزرییە رۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ بنەما ئابووری، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوایی جیاوازی هەیە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاسایش و خوێندنەوە ئاسایشییەکان لەسەر بنەمای ڕۆژئاوایی و زیاتر ڕیالیستین و ئەوروپا یاخود ڕۆژئاوا-گەرایانەیە. بۆیە کەمتر گرنگی بە لاوازەکان و پەراوێزخراوەکان دەدەن. ئەم ڕوانگەیە لە بواری ئاسایشیدا ڕەخنە لە ئەوروپا تەوەریی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە خوێندنەوە ئاسایشییەکاندا دەگرێت و پێیان وایە کە ئاسایشی ئیمرۆکە دژبەیەکی تێدایە لە نێوان لۆژیکی ئاسایشی کۆن و پرسە ئاسایشییە نوێیەکان. هەروەها بە شێوەیەکی نەریتی

---

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

١ - Stuart Croft, Terry Terriff (2000); Critical reflections on security and change, Oregon: Frank Cass Publishers.

بوار و خوێندنەوەی ئاسایشی لەگەڵ پەیوەندییەکانی زلهێزەکان هاوتەریب و هەماهەنگە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.(Barkawi&Laffey, 2006: 329).

لەلایەکی دیکەوە، دەبینین لە ڕوانگەی تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم یاخود قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم ئاسایش بە شێوەی "پەیوەندی" درك دەکرێت، ئەمەش ڕوانگەیەکی دژە ئەورووپییە لەبارەی ئاسایش، واتا هەموو قوتابخانە و تیۆرییەکانی پێشتر کە باسمان کرد لە چوارچێوەی ئەورووپی و ڕۆژئاواییەوە ئاسایشی نەتەوەیی دەخوێنن، بەڵام ئەم قۆتابخانەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئاسایش تەنیا لە ڕوانگەی هێزە گەورەکان و پەیوەندی زلهێز و لاوازەکان و باکوور و باشوور پێناسە ناکرێت، چونکە هەموو ئەوانە لە تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەییدا، بەشدارن. ئەم ڕوانگەیە لە ئاسایش سەرچاوەی ئاسایش بە ئەو خەڵکانە دەزانێت کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پەراوێز خراون و بەهۆی سیاسەتە لیبرالییەکان لە بکەرایەتی ئاسایش وەلاوەنراون[٢].(ابراهیمی، ٢٠١٤: ٢٥).

بۆ نموونە خاتوو لی نور جی. مارتین(Lenor G. Martin) لەبارەی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڵێت: "ئاسایشی نەتەوەیی لەم ناوچەیە بریتییە لە تواناکانی دەوڵەت لە ڕێگەگرتن لە هەڕەشە لەهەمبەر سێ فاکتەری یەکپارچەیی هەرێم، کۆمەڵگە و ڕژێمی سیاسی". بۆیە پێیوایە کە بەرزترین هۆکاری نائاسایشی دەوڵەت لەم ناوچەیە ئەوەیە کە خاکەکەی داگیر بکرێت و حکومەتەکەی برۆخێت یاخود کۆمەڵگەکەی بەهۆی ناسەقامگیری و پشێوی نەتەوەیی و مەزهەبی و جیاییخوازی و...هتد، تووشی مەترسی بێت.(مارتین، ٢٠٠٤: ٣٨-٤١).

---

**١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

Ayoob, Mohammed (1995), the third world security predicament: state making, regional conflict, and the international system, Boulder, Colorado: Lynne Rienner.

# تیۆری سەوز و پرسی ئاسایش

تیۆری سەوز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نوێترین تیۆرە کە پەیوەستە بە ژینگەی نێودەوڵەتی. بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە هەرگیز بەبایەخەوە سەیرنەکراون لە سیستەمی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا. زیادبوونی کێشەکانی ژینگە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سەریهەڵدا، هەربۆیە هەماهەنگی ژینگەی نێودەوڵەتی زیادی کرد کە سەرنجی سەرەکی خستە سەرگرنگی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان بەشێوەیەکی زانستی وەکو زەریاکان و هەوا. لە ڕوانگەی ئەوەی کە چالاکییەکانی مرۆڤ هۆکار بوونە بۆ دروستکردنی مەترسی لەسەر ژینگەدا، ئەمەش وایکردوە ئاسایشی نەتەوەیی، وەکو ئاسایشی خۆراك، ژینگە و هەوا ببێتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا. واتا قەیرانی ژینگە لە کۆتایی سەدەی بیستەم بوو بە پرسێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. (See: Mathew Patterson, 2005: Pp. 235-254). ئەو دەوڵەتانەی کە بازرگانی بە سەرچاوە سرووشتییەکان دەکەن و بواری کردنەوەی ڕێگا بۆ بەکارهێنانیان و خراپ بەکارهێنانیان خۆشدەکەن ئەوا مەترسی سەرەکی دێننە ئاراوە بۆ ئاسایشی ژینگە، بە تایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکان و ئەوانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا. ئەگەر هەریەك لەمانە تەنها پشت بە سەرچاوە ناوخۆییەکانی خۆیان بەستابا، نەدەبوونە ئەم زلهێزانەی کە ئێستا هەژموونیان هەیە بەسەر جیهان. (Barry John, 1996: 122).

تیۆری سەوز وەکو هێزێکی سەرەکی سیاسی دەرکەوت لەچەندین دەوڵەت لە ناوەڕاستی حەفتاکان و ساڵانی دواتر و بەشێکی زۆری نووسینەکان لەسەر تیۆری سەوز و پراکتیزەکردنی بزووتنەوە سەوزەکان پەیوەستن بە شیکارکردنی گۆڕانکارییەکانی سیاسیی جیهانی. مەبەستی سەرەکی ئەم تیۆرییە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەی ژینگە نییە، بەڵکو دۆزینەوەی ستراتیجییەتێکە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەی دروستی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ژینگە.(Shepard, 1993: 63).

ڕەگ و ڕیشەی تیۆری سەوز دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کاتێك ئابووری جیهان دەستیکرد بە بووژانەوە و تەکنەلۆجیا ڕۆڵی لە گۆڕانە خێراکانی سەردەم پەیدا کرد، کە ئەمەش لەسەر حسابی بەکارهێنانی وزەیەکی زۆر بوو کە سەرەنجام ڕێگای خۆشکرد بۆ پیسبوونی ژینگە.( . (Worster D, 1994: 28 لەساڵانی هەشتاکان، تیۆری سەوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا بۆ ئەوەی کە پشتیوانی ئەو نیگەرانیانە بکات کە پیشاندەران لەلایەن بزووتنەوە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاکان دژی پیسبوونی ژینگە، کە دواتر بە سیاسەتی سەوز (Green Politics) ناسران. ئەو بزووتنەوە ناوخۆیانە دواتر یەکیان گرت و پارتی سیاسیان پێکهێنا لەسەر ئاستێکی ناوخۆیی، نەتەوەیی و هەرێمی، کە بەشی زۆریان لە ئەوروپا بوو لەسەر چوار بنەما کە بریتین لە:

ا- بەرپرسیارەتی ژینگەیی. ب- دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ج- نەبوونی توندووتیژی. د- دیموکراسی ڕیشەیی. **تیۆری سەوز دابەش دەبێت بەسەر دوو بنچینەی سەرەکی کە یەکەمیان بریتییە لە ڕوانگەی نۆرماتیف (Normative Approach) کە پەیوەستە بە پرسەکانی وەك دەوڵەت، دادپەروەری، ماف و ژینگە. دووەمیان بریتییە لە سیاسەت، کە ئەمەیان سەرنج دەخاتە سەر تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئابووری و ژینگە.** هەرچەندە سەوزەکان ڕەتیدەکەنەوە کە سەرمەشقی پێشکەوتنن و تاکە لایەنن کە بەهای ئەخلاقیان هەیە. بەڵام لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەبێت ڕێز بگیرێت لە هەموو زیندەوەرەکان بەپێی جیاوازی شێوازەکانی ژیان و تەنها نابێت بەها بۆ مرۆڤ دابنرێت.(Saward, Michael 1993: pp. 63-81). بۆیە زانایەکی وەکو "مایکل ساوارد" پێیوایە لە بەردەوامی پیسبوونی ژینگە ئەگەری ئەوە هەیە پێکدادان ڕووبدات لەنێوان لایەنەکانی بەشدار لە قەیرانی ژینگە. "ساوارد" بڕوای وایە بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم قەیرانە پێویستی بە پێشکەوتنی ئابووری هەیە بەبێ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان. ئەم جۆرە پێشکەوتنەش کە پێویستی بە وزەی مرۆڤەکانە نەك سەرچاوە سروشتییەکان. بۆیە ئەم جۆرە کارە پێویستی بە قوربانی هەیە لەلایەن نەوەکانی ئێستا بۆ نموونە کەمکردنەوەی ئۆتۆمۆبیل، سنوردارکردنی فراوانبوونی ئابووری و دەستێوەردان لە کاروباری بازاڕ، بەڵام ئەمە زۆر ئەستەمە قبوڵ بکرێت نەك لەسیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەوخۆ تەنانەت لە لیبڕاڵ دیموکراسیش دا. ساوارد باوەڕی وایە کە دەوڵەتی لیبڕاڵی هەرگیز ناتوانێت ژیانێکی باشی سەوز بۆ هاوڵاتیەکانی خۆی دابین بکات. (See: Saward, 1993: Pp. 63-81).

بەڵام لە ڕوانگەی زانایەکی سەوزەکان بە ناوی دۆبسۆن (Dobson) جیاوازی هەیە لەنێوان سیاسەتی سەوز و ژینگە بەشێوەیەك کە لایەنگرانی ژینگە قبوڵی ئەوە دەکەن کە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کار دەکەن بۆ کۆتایهێنان بە کێشە ژینگەییەکان لەم چوارچێوانەدا، بەڵام سەوزەکان پێیانوایە ئەم چوارچێوانە هۆکاری سەرەکین بۆ قەیرانە ژینگەییەکان بۆیە دەبێت هەموویان بەربەرەکانی بکرێن و لەم ڕووەوە ڕۆڵیان لاوازبکرێت. (Dobson, 1990: 206).

لەم ڕوانگەیەوە دەبینین بیرمەندیك بەناوی ئێکەرسلی(Eckercely) پێیوایە کە کارەکتەری سەرەکی بۆ پێناسەکردنی ئەم تیۆرییە بریتییە لە ئیکۆسەنتریزم (Ecocentrism)، بەو واتایەی مافەکانی مرۆڤ هیچی زۆرتر نییە لە مافی بوونەوەرەکانی تری سەر زەوی. خودی ئەم چەمکەش بە هەموو شێوەیەك ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن ئەنترۆپۆسەنتریك (anthropocentric) واتا دانانی مرۆڤ وەکو گرنگترین ڕەگەزی بوون و دژایەتی کردنی هەموو زیندەوەرەکانی تر. سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ئەنترۆپۆسەنتریك، بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئاسایشی خۆراك و هەوا و ژینگە، تیۆری سیاسی سەوز داوای سنووردارکردنی گەشەسەندنی ئابووری بەشێوەکی فراوان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانە

ژینگەییەکان. بۆیە سەوزەکان پێیانوایە کە پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا و ئابووری لە سەردەمی جیهانگیریدا پێشکەوتووترە لە دوو سەدەی ڕابردوودا و بوونەتە سەنتەری زیادبونی پیسبوونی ژینگە. لەم بوارەدا، یەکێك لە گرنگترین کۆنفرانسەکان "لووتکەی زەوی"یە کە لە ساڵی ١٩٩١ بەسترا وەکو سەرکەوتووترین کۆنفرانس بۆ ڕزگارکردنی زەوی و ژینگە کە سیاسەتمەدارانی هاندا بۆ ئەوەی گرنگی بدەن بە چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی ژینگە و ئاسایشی مرۆیی. (Doran, 1993: pp. 56-59).

لایەنگرانی تیۆری سەوز پێیانوایە کە پێویستە پشت ببەسترێت بە سروشتی کێشە ژینگەییەکان و دەبێت گۆڕانکاری سەرەکی کۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. بۆیە بەڵگەی ئەم بیرمەندانەی تیۆری سەوز ئەوەیە کە بەتەنها ناتوانرێت پشت ببەسترێت بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو، هەم کۆمەڵگا، هەم دەوڵەت هاوکاربن لە چارەسەرکردنی کێشەی ژینگەیییەکان چونکە کێشەکانی ژینگە کێشەگەلێکی فرەرەهەندن و چارەسەرکردنیان پێویستی بە هەموو مرۆڤەکان هەیە. یەکێك لەڕێکارە سەرەکییەکان بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەیرانی پیسبوونی ژینگە و مەترسییەکان لەسەر کۆمەڵەی مرۆیی و نامرۆییەکان، دانانی سنوورە بۆ فراوانبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان، ئەم بیرۆکەیە بۆ یەکەم جار خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە لەلایەن میادۆس (Meadows, ) 1972 لە پەرتووکی "سنووردانان بۆ فراوانبوون" (Limits to Growth) کە تێیدا باس لەوەدەکات کە فراوانبوونە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی زنجیرەیەك قەیران، چونکە پێداویستییەکانی بەکاربردن بەشێوەیەکی بەرفراوان زیاد دەکەن، کە ئەمەش لەسەر حسابی سەرچاوەکانە بۆ ئەوەی خەڵك تێربکرێن یاخود کەرەستەی خاو دابین بکرێت لەجیهانی ئەمڕۆی پیشەسازی دا. بەپێی پێشبینیەکانی نووسەر، ئەگەر چارەسەری پێویست بۆ ئەم قەیرانە ژینگەییە نەدۆزرێتە، مرۆڤایەتی تووشی کارەساتی گەورەی ژینگەیی و سروشتی دەبێت لە ١٠٠ ساڵی داهاتوودا، (Meadows, 1972: 151).

تایبەتمەندییەکی تری سەوزەکان ئەوەیە کە سیستەمی نێودەوڵەتی ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە کە سیستەمی نێودەوڵەتی پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، یان بەشێوەیەکی تر داوای نامەرکەزیەت (decentralization) دەکەن. ئۆڕیۆردان (O'Riordan) باس لەوەدەکات کە دەوڵەتانی نەتەوە (nation-states) یان زۆر گەورەن یان زۆر بچوکن بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی کارامە مامەڵە بکەن لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری جێگیر و بەردەوام (Sustainability)، پێکهاتەی نوێی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێویستە، هاوتەریب لەگەڵ بەنامەرکەزیەتکردنی دەوڵەت بۆ ئەوەی بتوانن دەرئەنجامی ئەرێنی لەگەڵ خۆیان بێنن. لێکدانەوەی دووەم کە زۆر باو بوو، لە ساڵانی حەفتاکان بەڵام پاشان بایەخی کەمکرایەوە لە ساڵانی هەشتاکان، چەمکی نامەرکەزیەتکردنی تاکڕەوی ( decentralized

(authoritarianism) بوو. ئەم بیرۆکەیە درێژەی ڕا و بۆچوونەکانی "گاریت هاردین"ە کە پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە ئەو سەرچاوانەی هەڵدەگیرێن و کەم بەکاردەهێنرێت ئەوا لە کۆتاییدا، زیاد لە پێویست بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئەم بیرۆکانە بوون بە بنەمای ئەو گفتوگۆیەی کە بەنامەرکەزیەتکردنی سیاسەتی جیهانی پێویستە بۆ درووستکردنی گۆڕانکاری لە مامەڵەی دەوڵەتان بۆ بەدەستخستنی گەشەسەندنی ئابووری. (Hardin, 1968: 168).

یەکێك لە باشترین چارەسەریەکان بۆ قەیرانی ژینگە و ڕزگارکردنی دەوڵەت، بەپێی ڕوانگەی "ئۆڕیۆردان" چارەسەری ئەنارشیستییە (anarchist solution). بەم مانایە، سەوزەکان بەشێوەیەکی گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم ڕێگایە باشترین لێکدانەوەی دەرهاوێشتەکانی سیاسەتی سنووردارکردنی گەشەسەندنی بازنەی ئابوورییە. لەم چوارچێوە تیۆرییەدا، ئەنارشیست(anarchist) بەمانای ئەوە دێت کە سەوزەکان پێشبینی دروستبوونی تۆڕی نێودەوڵەتی کۆمەڵگا قەبارە بچووك و پشتبەخۆبەستووەکان دەکات. ئەم بیرۆکەیە دەتوانرێت وابەستە بکرێت بە کەسانی وەکو شوماخەر (E. F. Schumacher) و بایۆڕیجنالیستەکان (bioregionalists)، واتا لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت چالاکیەکانی مرۆڤ دەبێت لە نێو چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی خۆیان بێت، کە هەمان ڕای ئەوەی هەیە کە چالاکییە ژینگەیەکان نابێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت، بەڵکو تەنها لەنێو کۆمەڵگا قەبارە بچووکەکان بێت، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت لەگەڵ گەلانی تریش هەماهەنگی بکەن، ئەوە نابێت میللەتانێك بن کە بەکاربەری سەرەکی کانزاکان بن. (Bookchin, 1982: pp. 46-47).

یەکێك لە بەهێزترین پشتگیرییەکان بۆ نامەرکەزیەتکردن، لەلایەن جۆن دریزێك (John Dryzek)ـەوە پێشنیارکراوە کە دەڵێت، کۆمەڵگا قەبارە بچووکەکان زیاتر سوود دەگەیەنن بە ژینگە و خێراتر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەکیان هەیە کە دەکرێتە سەر ژینگەیان (Dryzek, 1987: 661). بۆیە "باری جۆن" پێیوایەکە بازرگانی چڕ لە نێوان دەوڵەتاندا کە پشت بەیەکتر دەبەستن، لەلایەك سەربەخۆی لەناودەبات، لەلایەکی تر هەڕەشە دروست دەکات لەسەر ئاسایشی ئابووری، ئەمەش وایکردوە کە سەوزەکان دژی بازرگانی نێودەوڵەتی بن. (See: Barry John, 1996: pp. 247-270).

بە واتایەکی تر، ئەگەر هەر نەتەوەیەك لەخەمی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی خۆیدا بێت، ئەوا دەبێت کانزا و دەستی کاری ناوخۆیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ خۆراك و کەلوپەل دروستکردن و بنیاتنان و بگرە جلوبەرگیش، بۆ ئەوەی ئازادبن و پشت بەلایەنی تر نەبەستن.

# بنەما و چوارچێوەی هزریی قوتابخانەی کۆپنهاگن

ناوی (قوتابخانەی کۆپنهاگن) ئاماژەیە بۆ چەندین کار و بەرنامەی جۆراوجۆر لە دامەزراوەی توێژینەوەی ئاشتی کۆپنهاگن لە دانیمارک، بە تایبەت لە کارەکانی باری بۆزان و ئۆیل وەیڤەر. ناوی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ یەکەم جار لە لایەن ماکسوێنییەوە لە ساڵی (١٩٩٦) ئاماژەی پێدرا وەکو یەکەم کاری رەخنەگرانە لەسەر قوتابخانەکە. قوتابخانەی کۆپنهاگن بەشێک لە بنەماکانیان لە ریالیزم و بەشێکیش لە کۆنستراکتیڤیزم وەرگرتووە. هزری سەرەکی ئەو قوتابخانەیە بریتییە لە شیکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی ئاسایش لە جیهانی سیاسەتدا. کارە سەرەکییەکانی بریتین لە:

**(١) تیۆری بەئاساییشیکردن وبە نا-ئاسایشیکردن(Securitization and Desecuritization).**

**(٢) سێکتەرەکانی ئاسایش(Security Sector).**

**(٣) تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی(Regional Security Complex Theory).**

لەگەڵ فراوانکردنی بوار و ماناکانی ئاسایش، قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیوایە ئاستێکی دیاریکراوی هەڕەشە، دەبێتە هۆی پرسە جیاوازەکان بە پرسی ئاسایش ببیندرێن. راستە هەڕەشەکان دەکرێت لە شوێنی جیاوازاوە سەرهەڵبدەن، سەربازی و ناسەربازی، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە هەڕەشە دەبێت بەتەوای یەکبگرێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پێوەر و بنەما کە دەستنیشانی ئاستی هەڕەشەکە دەکەن بۆ جیاکردنەوەیان لەگەڵ پرسێکی سیاسەتی ئاسایی. هەڕەشەکان دەبێت ببن بە هەڕەشە لەسەر مانەوە و وجودی لایەنە هەڕەشەلێکراوەکە و ناچاری بکات پەنا بۆ هەموو پێوەر و ئامرازێکی لەناکاو بات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە لە لایەن کەس و ئەکتەری بە ئاسایشکەرەکە (securitizing actor) (ماکدۆناڵد، ٢٠١٣: ٧٢).

باری بۆزان(Barry Buzan) لەگەڵ چەند هاوکارێکی وەکو "ئۆلی ویڤەر"(Ole Wæver) و "جاپ دۆویلد"(Jaap de Wilde) پییەر لێمیتەر(Pierre Lemaitre) و مۆرتن کیلستروپ(Morten Kelstrup)، لەم قوتابخانەیەدا(Copenhagen School) هەوڵیانداوە کە خوێندنەوە بۆ گۆڕانگارییەکانی بواری ئاسایشی پاش جەنگی سارد بکەن. ئەم قوتابخانەش گرنگی تایبەتی هەیە بەهۆی ئەوەی کە هەوڵی بنیاتنانی پێگەیەکی سەربەخۆ بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان دەدات. لەسەرەتادا بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە بروایان وابوو کە دڵەراوکێیەکانی ئاسایشی ئەوروپا لە رووی ئایدیۆلۆژیایی و سیستەمی نەریتی ئەوروپا لە داهاتوودا گرنگی کەمتر دەبێتەوە، بەڵام پاشان چەمك یاخود پرسی **ئاسایشی کۆمەڵگەییان(Societal Secerity)** خستنەڕوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاسایشی کۆمەڵگەیی بریتییە لە توانای کۆمەڵگە بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی خۆی لەهەمبەر هەلومەرجی ناسەقامگیر و گۆڕاو هەروەها هەڕەشە و مەترسییە

ڕاستەقینەکان یاخود گریمانەکراوە هزرییەکان. لێرەوە **ئاسایش بە مانای توانای پاراستنی زمان، کەلتوور، مەزهەب، ناسنامەی نەتەوەیی و نەریتەکانی کۆمەڵگەیە** وەکو خۆی بەبێ ئەوەی کە بە-ئاسایشی بکرێت. بۆیە ئاسایشی کۆمەڵگەیی لەبارەی بارودۆخێکە کە کۆمەڵگەکان هەست بە مەترسی و هەڕەشەیەك لەسەر ڕەگەز و بنەما ناسنامەییەکانیان بکەن(موتیمر، ٢٠١١: ٣٨٨).

- **دوانەی ئاسایش: ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی کۆمەڵگە**

لە دیارترین نیگەرانییەکانی قوتابخانەی کۆبنهاگن لەسەر چەمکی هاوچەرخی ئاسایش ئەوە بوو 'نەتەوە' و 'دەوڵەت' لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان هاوواتای یەکتر نین. لە ساڵی ١٩٩٣دا، شارەزاکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەستیان بە پێداچوونەوە و چەمکاندنی ڕێبازەکانی پێشووی خۆیان کردەوە. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە دوانەی ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگا بوو. وەیڤەر (١٩٩٣: ٢٦) کۆمەڵگا دەناسێنێت وەکو بابەتی بەرهەڕەشەیەکی سەربەخۆ. وەیڤەر مشت و مڕی ئەوە دەکات هەردووک ئاسایشی وڵات و کۆمەڵگا پەیوەستن بە مانەوە و بوونی خۆیان. 'ئەگەر دەوڵەت سەروەری خۆی لە دەستدا، چیتر وەکو دەوڵەت نامێنێتەوە. بەهەمان شێوە، مانەوە بۆ کۆمەڵگا پرسی ناسنامەیە، لەبەر ئەوەی ئەوە ئەو ڕێگایەیە کۆمەڵگا دەربارەی هەڕەشەکانی سەر بوونی خۆی قسە دەکات: ئەگەر ئەوە رویدا، ئێمە هیچی دیکە ناتوانین وەک "خۆمان" بژین' . 'کۆمەڵگاش دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە بە هەر شتێک ببێتە هۆی ئەوەی 'ئێمە' بخاتە ژێر بارێکی 'مەترسیدارەوە' (بۆزان، ١٩٩٣: ٤٢-٤٣).

لە روانگەی قوتابخانەکە، کۆمەڵگا وەکو جێگرەوەیەکە بۆ دەوڵەت، هەروەها جێگرەوەی تاکەکانیشە. کۆمەڵگا لێرەدا هەمووی دەربارەی ناسنامەیە، دەربارەی سەیرکردنی خودە لە نێوان ئەو گرووپ و تاکانەی خۆیان وەکو ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە دەناسێنن (بۆزان، وەیڤەر و ویدل ١٩٩٨: ١١٩). لە بەرئەوە باری بۆزان لە وەڵامی پرسیاری ئاسایشی کێ؟ کۆمەڵگای هەڵدەبژارد وەکو بابەتی بەرهەڕەشەی سەرەکی.

لەگەڵ ئەوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژەی بەوە داوا هەموو کۆمەڵگاکان لە چەندین جۆری جیاواز لە گرووپەکان پێکدێن و ناسنامەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا، زۆر بە ئاشکرایی کێشەی ئەوەی کێ بەناوی کۆمەڵگاوە قسە دەکات جیا لە ئاسایشی دەوڵەت بە باشی تیۆریزە نەکراوە لە لایەن قوتابخانەکە (بڕوانە: پاول رۆی، ٢٠١٣: ٢١٥). وە چونکە زۆربەی جار ئاسایشی کۆمەڵگا و ئاسایشی دەوڵەت یەکناگرنەوە، وە رەنگە بەڕووی یەکتر بوەستنەوە. بە تایبەت لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای عێراقی.

- **هەڕشەکانی سەر ئاسایش لەروانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن**

هەڕەشە لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگندا هەڕەشەیەکە راستەوخۆ دەبێتە پەکخستنی سەروەری دەوڵەت. بەو شێوەیە دەکرێت بگووترێت لە هەر سێکتەرێک، لە هەر کاتێکی دیاریکراو، رەنگە ببێتە

گرنترین پرس (وەیڤەر، ١٩٩٥b: ٥٢). کاتێک بوون و مانەوەی ئێمە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، بۆیە مافی ئەوەمان دەبێت هەموو ڕێگایەکی سەرووی ئاسایی لە دژی ئەو هەڕەشەیە بەکاربهێنین (وەیڤەر، ١٩٩٦: ١٠٣). وە کاتێک ڕێگا لەناکاو و سەرووئاساییەکان بەکارنەهێندرێت، سیاسەتەکانی دیکە هیچ گرینگییەکیان نامێنێت. هەڕەشەکانی سەر مانەوە پێویستیان بە وەڵامدانەوەی ئاسایشیانەی توند هەیە. باری بۆزان دان بەوە دەنێت زۆر زەحمەتە هەموو جۆرە جوولەیەک و گۆڕانکارییەک بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگایی بزاندرێت، هەندێک لە گۆڕانکارییەکان وەکو گۆڕانکاری سروشتین و بەوشێوەیە وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشانە بە شێوەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر کۆمەڵگاکە خۆی (١٩٩٣: ٤٢-٤٣).

"باری بۆزان" پێیوایە کە چەمکی ئاسایش تا ئەو ئاست و ڕادەیە تاکەکان، دەوڵەتان و سیستەمی نێودەوڵەتی لە یەکتری نزیك کردۆتەوە، جا پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاسایش ڕوانگەیەکی گشتگیرترمان هەبێت. هەرچەندە دەکرێت مانایەکی تایبەت لە ئاسایشی تاك، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەرووی چەمکەوە بخرێتەڕوو، بەڵام بۆ تێگەیشتنی تەواو لە هەر کامەیان پێویستمان بە پەیوەندی هەر کام لەمانەوە هەیە لەگەڵ ئاستەکانی دیکەی ئاسایشی(کلمنتس، ٢٠٠٥: ٢٩٥).

لێرەوە دەبینین کە بەپێی پێناسەی نوێ لە ئاسایش، ئاسایشی مرۆیی(Human security) لەسەرووی جۆرەکانی دیکەی ئاسایش دەردەکەوێت کە هەموو ڕەهەندەکانی ئاسایشی وەکو ئاسایشی ئابووری(Economic security)، ئاسایشی خۆراك(Food security)، ئاسایشی تەندروستی( Health Security)، ئاسایشی ژینگەیی(Environmental security)، ئاسایشی تاکەکەسی( *individuall Security*)، ئاسایشی کۆمەڵگەیی(Societal security) و ئاسایشی سیاسی(Political security) دەگرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئاسایشی مرۆیی بەمانای ڕزگاربوونی مرۆڤە لە گوشاری پێداویستییە ئابوورییەکان و هەژاری و بێکاریی. چونکە ئەمانە دەبنە هۆی پێکدادان و توندوتیژی و نائاسایشی. بۆ نموونە، نەبوونی تەندروستیی باش و ئاوی خاوێن و چاودێری تەندروستی دەتوانێت ئاسایشی تەندروستی بخاتە ژێر هەڕەشەوە. بەم پێیەش ئاسایشی تاکەکەسی کە بریتییە لە پاراستنی خەڵك لەهەمبەر توندوتیژی و دەستدرێژی، پەیوەندی بە ئاسایشی کۆمەڵگەیشەوە هەیە کە بریتییە لە پاراستنی ناسنامە لە هەڕەشە و دەستدرێژی. بۆیە هەموو ئەو ئاست و ڕەهەندانەی ئاسایش پێکەوە گرێدراون، تەنیا بە ڕێگەی ئاسایشی لەشکری(Military security) ناکرێت ئاسایش بپارێزرێت یاخود ئاسایش دەستەبەر بکرێت.

## تیۆری بەئاسایشیکردن و بە نائاسایشیکردن

**ئاسایش لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگندا بریتییە لە گوزراشت کردن لە 'مانەوە'.** ئاسایش بریتییە 'لە جوولەیەک یا حاڵەتێک تیایدا سیاسەت دەخرێتە سەرووی ڕێسا دامەزراوەکانی یارییەکە و چوارچێوەیەک بۆ باتەکە دادەڕێژێت لەسەرووی جۆرێکی تایبەتی سیاسەت یا لە سەرووی سیاسەتەوە'. وە بەئاسایشیکردن بریتییە لە سیاسەتی وێناکردن و پێناسەکردنی ئاسایش. لێرەدا بە ئاسایشیکردن وەکو فێرژنێکی زۆر توندی بەسیاسەتکردن دەردەکەوێت (بۆزان، وەیڤەر و ویدل، ١٩٩٨: ٢٣). ئاسایش شتێک نییە بێلایەنانە پێناسە بکرێت بەڵکوو بریتییە لە گووتار(Discourse). روانینی ئۆل وەیڤەر بۆ ئاسایش وەکو کردارێکی گوتاری (speech-act) بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی هاوچەرخ دادەنرێت (مۆتیمێر، ٢٠١٣: ٩١).

لە روانگەی قوتابخانەکەدا، ئاسایش وەکو زمانی هەڕەشە، بوون، مانەوە، جیاکاری، هەڵاوێردن و فریاکەوتن دەردەکەوێت. ئەکتەرەکان، زمانی ئاسایش بەکاردەهێنن بۆ هەر هەرەشەیەک لە سەر هەر بابەتی بەرهەڕەشەیەک. بەئاسایشیکردن پرۆسەیەکی گووتارییە لە میانەیدا پرسێک بە درامایی دەکرێت و پرسەکە وەکو پرسێکی باڵای ئەولەویەت دەناسێنێت (نیمان، ٢٠١٣). بەمشێوەیە بە ناساندی ئەو پرسە وەکو پرسێکی ئاسایش بکەرەکە داوای پێداویستی و مافی بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکی سەرووی ئاسایی دەکات (بۆزان، وەیڤەر و ویدل ١٩٩٨: ٢٦).

وێنەی ژمارە (١) پرۆسەی بەئاسایشیکردن لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگان

پرسەکانی بە ئاسایشیکراو

پرسەکانی بەسیاسی کراو

پرسەکانی بەناسیاسیکراو

"بۆزان و ویڤەر" بابەتی عەینی بوونی ئاسایش ڕەتدەکەنەوە و تیۆریی بەئاسایشیکردن(Securitization theory) دەخەنەڕوو و ئاسایش بە پرسێکی نێوان زەینی( Inter Subjective) و خود-بونیاد یاخود خود-سەرچاوە(Self-Referential) دەزانن. بەم واتایە کە پرسە نێوان زەینییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاسایش لە پەیوەندی نێوان ئەکتەری ئاسایشی و

بەرامبەرەکەی دروست دەبێت. بەم پێیە ئەگەر ئەکتەرێکی ئاسایشی ساز، دیاردەیەك بە ئاسایشی بکات و بەرامبەرەکەی قبووڵی بکات، ئەوە ئەو دیاردەیە بە ئاسایشیکراوە.(عبداللەخانی، ٢٠٠٦: ٤٩٤).

هەروەها بۆزان و ویڤەر، ئاسایش بە شێوازێك لە کردەوەی ئاخافتنی(Speech Act) دادەنێن. بۆیە ئەم قۆتابخانەیە پێیوایە کە بە وتنی وشەی "ئاسایش" دۆخی ڕابردوو دەگۆڕێت، بەم پێیە ویڤەر ڕای وایە کە ئاسایش وەکو هێمایەك کە ئاماژە بەشتێکی ڕاستەقینە بکات نییە، بەڵکوو وتن و دەربڕین خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە کردەوە و ڕەفتاری ئاسایشی. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەوەی کە بۆ ئاسایش گرنگ و چارەنووسسازە هەمان ئەو شتەیە کە زمان دروستی دەکات. بۆیە بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە کە ئاسایش دیاردەیەکی عەینی و پەیوەندیدار نییە بە جیهانی ڕاستەقینەی دەرەکی، بەڵکو دەرئەنجامی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتە.(Wiliams, 2003: pp. 513-514).

لە ڕوانگەی قۆتابخانەی کۆپنهاگن یەکەم پرسیاری ئاسایش بریتییە لە بابەتی ئاسایش یاخود پرسیاری ئەوەی کە ئاسایشی چ کەسێك یا چی شتێك؟ بۆیە نیۆریالیستەکان و تەنانەت لیبرالیستەکان وڵامیان ئەوەیە کە بابەتی ئاسایشی بریتییە لە"دەوڵەت". بۆیە لە ڕوانگەی کلاسیکی ئاسایشیدا بابەتەکانی هاوڵایان، گرووپە ئایینی و نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان تەنانەت ڕەگەزییەکان لەژێر سایەی دەوڵەتدان، بەڵام بۆزان لە پاڵ دەوڵەت قسە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی و ئابووری و سیاسی و لەشکری دەکات، هەر بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی بە دەرئەنجامی کارلێکی ئەم پێنج سێکتەر یاخود بوار و ڕەهەندەی ئاسایش دەزانێت.(Buzan, 1998; 163). بەگشتی هۆکاری لاوازبوونی گرنگی دەوڵەتان لە ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەت پاش جەنگی سارد لە ڕوانگەی ئەم قۆتابخانەیەوە بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە(ماەپیشانیان، ٢٠٠٥: ١٤١):

١- **کاڵبوونەوەی سنوورە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی و زانیاری و تەکنەلۆژیاییەوە.**
٢- **گرنگی زیاتری ڕای گشتی و پرسەکانی دیموکراتی.**
٣- **دروستبوونی سیستەمی سیاسی دەوڵەتان لەسەر بنەمای ڕەوایەتی خەڵک و ڕەزامەندیان.**
٤- **بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی حکومەتی بچوك و بەرزبوونەوەی ڕۆڵی هێز و گرووپە کۆمەڵایەتی و بزوتنەوە نوێیەکان، هەروەها گرووپ و ڕێکخراوەکان لە ئاستی ناوخۆیی و سەروو نەتەوەیی.**

لەراستیدا باری بۆزان سەرچاوەی ئاسایشی نەگۆڕی، بەڵکو پەرەیپێدا. واتا لە پاڵ دەوڵەت وەکو بابەتی سەرەکی نەریتیی پرسە ئاسایشییەکان، باس لە "ئاسایشی کۆمەڵگەیی" دەکات و پارێزگاری و پاراستنی ناسنامەی ئایینی، کەلتووری، زمانی و مەزهەبیی گرووپە جیاوازەکان تاوەکو ئاستی پرسێکی ئاسایشی بەرز دەکاتەوە(نصری، ٢٠٠٥: ٥٨٨). لێرەوە بەگشتی وڵامی ئەوەی کە ئاسایشی چی کەس یا چی شتێك؟ ئەوە مەبەست ئاسایشی مرۆییە و لە ئاسایشی کۆمەڵگەییدا مەبەست ئاسایش بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە کە پرسی **ناسنامە** لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەگەر کۆمەڵگە ناسنامەکەی لەدەستبدات

ئەوە ناتوانێت بەشێویەکی سەربەخۆ درێژە بەژیانی کۆمەڵایەتی بدات. بەڵام لە ئاسایشی نەتەوەییدا، ئاسایشی دەوڵەت مەبەستە، بۆیە سەروەری و هەرێمی دەوڵەت و پاراستنی خەڵك لەهەمبەر هەڕەشە و مەترسییەکانە. بە مانایەکی گشتی(نویدنیا، ٢٠٠٣: ١٩):

١- **ئاسایشی نەتەوەیی پێداگری لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە ژیانییەکان وەکو سیاسی، ئابووری، و نەبوونی هەڕەشە لەسەر بەها بنچینەییەکانی دەوڵەت دەکاتەوە.**

٢- **بەڵام لە ئاسایشی کۆمەڵگەییدا پاراستنی شێوازی نەریتی ژیان، زمان، کەلتوور، مەزهەب و بەگشتی "ناسنامە" دەکاتە ئامانج.**

قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسی بەئاسایشیکردنی بابەتێك بە هۆی سێ فاکتەر دەزانێت( Buzan &Waever, 2003: 28):

- گونجانی دیاردەکە لەگەڵ هەڕەشەی ژیانی یاخود هەڕەشە وجوودییەکان.
- پێویستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی لەناکاو لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکان.
- کاریگەری ئەو بابەتە لەسەر گۆڕینی پەیوەندی نێوان یەکە یاخود بکەرەکان.

لەسەر بناغەی ئەم بابەتە دەبینین کە یەکێك لە ڕەخنەکانی بۆزان لە ڕوانگەی پۆزێتیڤیست و پۆست پۆزێتیڤیستەکان لەبارەی ئاسایش ئەوەیە کە ئەوان یا تەنیا لەسەر فاکتەر و ڕەهەندە مادییەکانی ئاسایش پێداگری دەکەن یاخود لەسەر پرسە زەینی، ئابستراکت و چەمکییەکان ڕادەوەستن. چونکە بەهۆی ئەم فاکتەرانەوە، ئاسایش و مانەوەی دەوڵەت لە تیۆرییە کلاسیکییەکانی بواری ئاسایشیدا لە لوتکەی پرسە ئاسایشییەکاندایە.

چەمکی بەئاسایشیکردن (securitization) و چەمکی بە نائاسایشیکردن (desecuritization) یەکێک بوون لەو چەمکانە ئۆلێ وەیڤەر بەردەوام کاری لەسەر گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی چوارچێوەی تیۆری ئەو دوو چەمکە دەکرد. لای قوتابخانەی کۆپنهاگن، بە تایبەت وەیڤەر، بەئاسایشیکردن دەکرێ پێناسەبکرێت وەکو پرۆسەیەک تیایدا ئەکتەرێکی دیاریکراو رایدەگەیەنێت پرسێک یاخو داینامیکێک یا ئەکتەرێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی هەڕەشەی مانەوە لەسەر لایەنێکی دیاریکراو. کاتێک ئەو ڕاگەیاندنە و بانگەشەکردنە لەلایەن جەماوەرە قبووڵ دەکرێت وەکو هەڕەشە، دەبێتە هۆی هەڵپەساردنی سیاسەتی نۆرماڵی (normal politics) و بەکارهێنانی هەموو ئامراز و ڕێگاکانی باری لەناکاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١).

سەرکەوتنی پرۆسەی بە ئاسایشکردنی پرسێک بریتی دەبێت لە سەرکەوتنی دەنگ و ئیرادەی بانگەشەکەری ئەو پرسە، کە دەستەبژێرەکانی دەسەڵاتن. جەماوەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەسەرکەوتنی بەئاسایشیکردنی پرسێکدا. کاتێک پرسێک دەبێتە پرسێکی ئاسایش کاتێ جەماوەر

ئەوەیان قەبوڵکرد هەڕەشەیەکی دیاریکراو هەڕەشەیەکە لەسەر بەها هاوبەشەکانەوە (بۆزان، وەیڤەر و ویدڵ، ١٩٩٨: ٣١). ئەکتەرەکانی بەئاسایشیکردن بە دوای بە دەستهێنانی ئاستێکی باش لە دەنگی خەڵکن بۆ رەوایەتیدان بە بەکارهێنانی ئامرازە چاوەڕوانکراو و نەکراوەکان (رۆی، ٢٠٠٤، ٢٠٠٦). بە شێوەیەک شکست و سەرکەوتنی بەئاسایشیکردن دەوەستێتە سەر وەڵامی جەماوەر. بەڵام ئەو رۆڵی جەماوەرە تا ئەو شوێنەیە پرسەکە سەرکەوتوو یا ناسەرکەوتوو بناسرێت، ئەگەر نا خودی پرۆسەی بەئاسایشیکردن و باناائاسایشیکردن گوزارشتە لە ئیرادەی دەستەبژێرەکانی دەسەڵات.

وەکو ئاماژەمان پێدا، خودی دیزاینکردن و نەخشاندنی هەڕەشە لە شێوازێکی گووتارییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەمشێوەیە لای وەیڤەر گووتار وەکو شێوازێکی 'نوێنەرایەتیکردن' لە بانگەشەکردنی پرسێک وەکو ئاسایش و هەڕەشە سەیردەکرێت. بە بەکارهێنانی زمانی ئاسایش و هەڕەشە، نوێنەرانی دەوڵەت پێشهاتێکی دیاریکراو دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو، دواتر دەبێتە هۆی داواکردنی بەکارهێنانی هەر رێگایەک بۆ رووبەروبونەوەی هەڕەشەکە (وەیڤەر، ١٩٩٥b: ٥٥). بەئاسایشیکردنی پرسێک هیچ پەیوەندیی نییە بە دروستی و مەترسیی هەڕەشەکەوە، بەڵکوو پەیوەندیی بە چۆنیەتی داڕشتنی ئەو پرسەوە هەیە. خودی داڕشتنی زمانەوانی کردارەکەیە (نیمان، ٢٠١٣: ٥٢-٥٣).

لێرەدا، سەرکردە سیاسییەکان، لە ڕیگەی پێگەی دەسەڵاتیانەوە، دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن دەتوانن لە جێگای دەوڵەت و نەتەوە قسە بکەن، وە دەتوانن پەنا بۆ هەر کار و پێوەرێکی لە ناکاو و تەنگەتاوی ببەن (لەوانە جوولە پێکردنی هێزەکان) و سەرنجی رای گشتی بۆخۆیان رابکێشن. هەرلەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، وە لەبەر سروشتی ئاسایش لە لای قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، کە سروشتێکی سەربازییانەیە و گوزارشتە لە ئیرادەی نوخبەی دەسەڵات، بەئاسایشیکردن بە بژاردەیەکی دروست نازانن و لە جێگەی ئەوەدا پێشنیازی کارکردن لەسەر بەنائاسایشیکردن (desecuritization)ی پرسەکان دەکەن، لە پێناو بەسەربازینەکردنی هەموو پرس و سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا (وەیڤەر، ١٩٩٥b: ٦٦-٦٧). شارەزاکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن داوای چارەسەکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی پرسێکی سیاسەتی ئاسایی دەکەن، چونکە بە ئاسایشیکردنی پرسە جیاوازەکان نابێتە هۆی یارمەتیدانی چارەسەکردنی هەموو ئەو ئەو بارودۆخانەی تیایدا هەست بە نائاسایشی دەکرێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەسەربازیکردنیان و سەپاندنی ئیرادەی نوخبەی دەسەڵات لەسەر ئەو پرسانە. بە گووتەی وەیڤەر، 'شتێک کاتێک دەبێتە پرسێکی ئەمنی، کاتێک نوخبەکان رایدەگەیەنن' (وەیڤەر، ١٩٩٥b: ٥٤).

## "تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی"

## (Regional Security Complex Theory)

لە ساڵی ٢٠٠٣دا باری بۆزان و بیرمەندانی دیکەی قوتابخانەی کۆپنهاگن تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشیی هەرێمی(Regional Security Complex Theory)یان خستەڕوو[٣]. هەروەها بە هاتنە ناوەوەی ڕەگەزی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی هەرێمی، هاوکێشەی نوێی ئاسایشی دروست دەبێت. بۆ نموونە لە پاش شۆرشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ ڕەگەزی ئایدیۆلۆژیا هاتە ناو هاوکێشەکانی ململانێی ناوچەیی نێوان سعودیا و ئێران، بەم پێیەش کێبڕکێ بۆ ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلام سەریهەڵدا.
لێرەوە و لە ئێستادا بنەمای دروستبوونی ئەم لقەی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایشی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێ و ناکۆکی مەزهەبی و نەتەوەیی لە نێوان ئەندامەکانییەتی و لەهەمان کاتدا ناکۆکیان لە سەر کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە و ئاو و هەروەها نفووز هەیە.(بوزان و ویور، ٢٠٠٩: ١٠٦).
تیۆریی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایش، لە شیکردنەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا **ناسنامە تەوەرە**. بۆیە "بۆزان و وەیڤەر" لە مۆدێلی شیکردنەوەی ئاسایشیی "ئەلێکساندەر ونت"(Alexander Wendt) کە بە "مۆدێلی ونتی"(Venditian Model) ناسراوە و دواتر باسی دەکەین، بۆ شیکردنەوە بۆ دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان ئەکتەرەکان یاخود دەوڵەتان(Amity & Enmity of Units) کەڵك وەردەگرن.
هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن کە ناکرێت ڕۆڵی هۆکار و فاکتەرەکانی کەلتووری و مێژوویی لە دروستبوون و بەردەوامی پەیوەندییە دۆستانە یاخود دوژمنکارانەی دەوڵەتان ڕەچاو نەکەین. بۆیە "بۆزان و وەیڤەر" بۆ سەلماندنی ڕۆڵی بیروباوەڕ و تێگەیشتنە مێژووییەکان لە دروستبوونی ناکۆکیی مێژووییەکان وەکو ئێرانییەکان و عەرەبەکان، تورکەکان و یۆنانییەکان و..هتد، کەڵك وەردەگرن و بە شیکردنەوەی ئەم باوەڕ و تێگەیشتنانە بەشێکی زۆر لەو دوژمنایەتی و تەنگژە هەنووکەییانە، بە دەرهاویشتە و بەرهەمی ڕابردوو و مێژوو دەزانن.(Buzan & Waever, 2003: 45).
بەم پێیە "بۆزان و وەیڤەر" بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانییەتی و هاوڕابوونی ئەوروپییەکان یاخود ناکۆکییەکانیان هەروەها ململانێیەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەجێماوی ڕابردوو و مێژوو دەزانن. بۆیە بەبڕوای بۆزان و وەیڤەر هێشووە ئاسایشییە هەرێمییەکان (Regional Clusters) ئەو دەوڵەتانەن کە دڵەراوکێی ئاسایشی هاوشێوەیان هەیە و پاشان لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیایی و کەلتوورییەوە خاوەن یادەوەری و چارەنووسی هاوبەشن، بۆ نموونە یەکێتی ئەوروپا.( Buzan & Waever, 2003; 27).

---

٣ - **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**
Buzan, Barry & Wæver, Ole (2003); Regions and Powers: The Structure of International Security, Cambridge University Press.

ئەم تیۆرییە دەگەرێتەوە بۆ بەرهەمەکانی پێشووتری ئەم قوتابخانەیە، کە لە پاش جەنگی سارد، بیرمەندانی ئەم قۆتابخانەیە چەندین بەرهەمیان لە بواری ئاسایش و هۆکار و فاکتەرەکانی نائاسایشی لە چوارچێوەی چەندین بەرهەمدا خستەڕوو، بۆ نموونە: (چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکردنەوەی ئاسایش[٤]) و (لۆژیکی ئەنارشی: لە نیۆریالیزم تاوەکو ڕیالیزمی پێکهاتەیی)[5] و (خەڵك، دەوڵەتان و ترس: بەرنامەی کار بۆ خوێندنەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی پاش سەردەمی جەنگی سارد)[٦].

ئەم تیۆرییە باس لەوە دەکات کە چۆن ئاسایش لە ناوچەیەکی جوگرافی هەرێمی پێکهاتووە. چونکە مەترسی و نیگەرانییەکانی ئاسایش بۆ شوێنێکی جوگرافیایی دوورتر بەباشی ناگوازرێنەوە، بۆیەش ئەو هەڕەشانەی بۆسەر ئاسایش هەن، زیاتر لە ناوچەیەکی دیاریکراو ڕوودەدەن و هاوکات ئاسایشی هەر ئەکتەرێکی هەرێمێك وابەستەیە بە ئەکتەرەکانی دیکەی هەمان هەرێم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. لە ڕوانگەی بۆزان ئاسایش دیاردەیەکی بەیەکەوە بەستراو(پەیوەندیدارە) " Relational phenomenon"، چونکە هیچ لایەنێك ناتوانێت بەباشی خوێندنەوە بۆ ئاسایشی دەوڵەتێك بکات، بەبێ ڕەچاوکردنی وێنەی گشتی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە هاوبەندییەك لە نێوانیادا هەیە. (Barry Buzan & Ole Waever, 2003: 287).

گریمانەی سەرەکی باری بۆزان و هاوکارەکانی دەربارەی تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئەوەیە کە کۆتایی جەنگی سارد بۆتە هۆی دروستبوونی نائاسایشی بەربڵاو، ئەمەش ڕیشەی لە ناسینی تەسك و تاکڕەهەندی و سنوورداری ڕیالیستەکان و جیهانگەراکاندایە لە سروشت و ڕەهەندکانی ئاسایش. بەم مانایە کە قوتابخانەی ڕیالیزم دەوڵەت وەکو تاکە ئەکتەر و بابەتی ئاسایش و هەروەها قوتابخانەی جیهانگەرایانەش سیستەمی نێودەوڵەتی وەکو تاکە فاکتەری ئاسایش و نائاسایشی دەزانن و گرنگی بە ناوچە/هەرێم نادەن. بۆیە پێویستە کە بۆ تێگەیشتن لە سروشت و چارەنووسی ئاسایش گرنگی بە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی و تێکئاڵاوی ئاسایشی دەوڵەتانی هەرێمی و تایبەتمەندییەکانیان لە ناوچەیەکی دیاریکراو بدەین کە هاوکێشەی ئاسایشی هاوشێوەیان هەیە.(Buzan&Waever, 2003: 28).

"بۆزان و ویڤەر" شیکردنەوەی هەرێمیی ئاسایش وەکو ئاستێك لە پاڵ ئاستەکانی دیکە نازانن، بەڵکوو بە گرنگترین میتۆدی ئاسایشیی دەزانن. ئەوان هەوڵدەدەن کە نە بکەونە ناو چوارچێوەیەکی تیۆری و

---

[٤] - Buzan, Bary & Waever, Ole (1998); Security: A New Framework for Analysis, London, Lynne Reinner Publisher.

[5] - Barry Buzan, Charles Jones, and Richard Little (1993); the Logic of Anarchy: Neorealism to Structural Realism (New Directions in World Politics), New York: Columbia, University Press.

[٦] - Barry Buzan (1991); People, States & Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, 2nd Edition, Hemel hampstead, Harvestter Wheat Sheaf.

دەرئەنجامی ڕەها و نە بکەونە ناو چوارچێوەی کۆکردنەوەی زانیاریی عەینی، بەڵکوو تیۆری و بەڵگە و زانیاری لە پاڵ یەکتری دابنێین بۆ تێگەیشتن لە واقعی ئاڵۆز.(Buzan&Waever, 2003: 50).

بیرمەندانی قۆتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە کە لە جیهانی پاش جەنگی سارد ئاستی هەرێمیی ئاسایش گرنگی تایبەتی هەیە و چیتر جیهان بۆ دوو جەمسەر دابەش نابێت تاوەکو ئەو پرسانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا گرنگە لە گەڵ پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ڕێگەی کۆمۆنیزم و کاپیتالیزم پەیوەندیان پێکەوە هەبێت. بەو واتایە کە پاش جەنگی سارد پرسەکانی ئاسایش، ستراتیجی و هێز و چەمکی ناوچەیی و هەرێمین، لەلایەکی دیکەشەوە پرس و بوارەکانی کێبڕکێ و ململانێ و هاوکاری زیاتر ناوچەیین. پێشنیازی تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئەوەیە کە پێویستە جیهان بەسەر چەندین هێشووی ئاسایشی(Regional Clusters)دا دابەشبکەین، چونکە پێویستە پرسە هەرێمییەکانی تایبەت بە هەر هەرێم و ناوچەیەك بە جیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ڕۆڵی فاکتەرە هەرێمییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی گرنگی پێبدرێت.(Buzan&Waever, 2003: 50).

"بۆزان و ویڤەر" هەوڵی بەرجەستەکردنی چەمکگەلێك وەکو؛ **نزیکی و دراوسێیەتی یاخود هاوسنووریی جوگرافیایی(Geographical Proximity)، مێژووی هاوبەش، مۆدێلی دۆستایەتی و دوژمنایەتی و شێوازەکانی بەئاسایشیکردن و فاکتەرەکانی کەلتووری، دەدەن.** بۆیە بەگشتی فاکتەری **جوگرافیا و مێژوو**-یان هێنایە ناو شیکردنەوە و خوێندنەوە ئاسایشییەکان. لە هەمانکاتیشدا فاکتەرە ماددی و واتاییەکان لە گۆڕانگارییەکانی ناوخۆیی دەوڵەتان، هەروەها فاکتەرە سەروو نەتەوەیی و پرسە هەرێمییەکانیان ئاوێتەی یەکتر دەکەن. سەرباری ئەوەش، لە هەر کۆمەڵەیەکی هەرێمیی ئاسایشیدا لق یاخود ئاسایشی خوار کۆمەڵە ئاسایشییەکە بوونی هەیە. بۆ نموونە لە کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لقی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایشی ناوچەی شام (میسر، ئیسرائیل، ئۆردن، لوبنان و سووریا) و هەروەها ناوچەی کەنداو(ئێران، عێراق، دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو)، هەروەها لە نێوان ناوچەی(ڕۆژئاوای عەرەبی)(لیبیا، تونس، جەزائیر و مەراکش) بوونی هەیە. هەروەها بە هاتنە ناوەوەی ڕەگەزی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی هەرێمی، هاوکێشەی نوێی ئاسایشی دروست دەبێت. بۆ نموونە لە پاش شۆرشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ ڕەگەزی ئایدیۆلۆژیا هاتە ناو هاوکێشەکانی ململانێی ناوچەیی نێوان سعودیە و ئێران، بەم پێیەش ململانێ بۆ ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلام سەریهەڵدا. لێرەوە و لە ئێستادا بنەمای دروستبوونی ئەم لقەی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایشی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێ و ناکۆکی مەزهەبی و نەتەوەیی

لە نێوان ئەندامەکانییەتی، لە هەمانکاتدا ناکۆکیان لەسەر کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە و ئاو و نفووز هەیە.[٧]

بەم پێیە "بۆزان و وەیڤەر" بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانییەتی و هاوڕابوونی ئەوروپییەکان یاخود ناکۆکییەکانیان، هەروەها ململانێیەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەجێماوی ڕابردوو و مێژوو دەزانن. بۆیە بە بڕوای بۆزان و وەیڤەر "هێشووە هەرێمییەکان" ئەو دەوڵەتانەن کە دڵەراوکێی ئاسایشی هاوشێوەیان هەیە و پاشان لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیایی و کەلتوورییەوە خاوەن یادەوەری و چارەنووسی هاوبەشن، بۆ نموونە یەکێتی ئەوروپا. بەڵام ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو و ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی، هێشووی ئاسایشی نین، چونکە دلەراوکێی ئاسایشی ناوخۆیی و ناوچەییەکان زۆر جیاوازترن، سەرباری ئەوەی کە لەڕووی نزیکی جوگرافیایی و مێژووییەوە جیاوازن.(Buzan & Waever, 2003: 27).

لە ڕوانگەی بۆزان و وەیڤەرەوە (کە لە مۆدێلی ئاسایشیی "ئەلێکساندر ونت" وەریانگرتووە)، تیۆریی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایشی لەگەڵ هەر جۆرە تێگەیشتنێك لە ئاسایش گونجاوە. بەم واتایە کە **ئەگەر کۆمەڵگەی مرۆیی بەردەوام لە ژێر قەیراندا بێت ئەوە کۆمەڵگەیەکی "هۆبز"ییە، بەڵام ئەگەر لەبەردەم ئاشتی و هەڵسەنگاندنی سوود و زیان بێت ئەوە کۆمەڵگەیەکی "لۆك"ییە و ئەگەر گرنگی بە ڕەوایەتی ئەخلاقی و ڕەفتاری بدەین ئەوە کۆمەڵگەیەکی "کانت"ییە**. بۆیە پێیانوایە کە ئەم تیۆرییە هەموو ڕەهەند و بوار و ڕوانگە ئاسایشییەکان لە خۆ دەگرێت. بیرۆکەی ئاسایشی هەرێمی و کۆمەڵەی ئاسایشی بۆیە گرنگە، چونکە لەم ڕێگەیەوە هەر دەوڵەتێك دەتوانێت پەیوەندییەکانی ئاسایشی دەوڵەتەکە بەلایەنی کەمەوە بە کۆمەڵەیەك ببەستێتەوە.

لەم بارەیەوە چەندین نموونە هەن، بەڵام بەرچاوترین و ئاسانترین نموونە ڕەنگە ئیسرائیل و دەوڵەتانی دراوسێی بێت. چونکە ئەگەر ئێمە پرسی ئاسایشی نێوان ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك نموونەیەك وەربگرین، دەبینین کە چۆن ئاسایشی ئیسرائیل بەستراوەتەوە بە ئاسایشی کۆمەڵەی هەرێمییەکەی و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. بۆیەش کاتێك ئیسرائیل بیر لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەکاتەوە، بەبێ گومان ڕەچاوی ئاسایشی کۆمەڵەی هەرێمییەکەی دەکات. ئەمە بۆ فەڵەستینیش هەمان

---

[٧] - تیۆریی کۆمەڵەی هەرێمیی ئاسایش، لە شیکردنەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا ناسنامە تەوەرە. بۆیە "بۆزان و وەیڤەر" لە مۆدێلی شیکردنەوەی ئاسایشیی ئەلیکساندەر ونت(Alexander Wendt) کە بە "مۆدێلی ونتی"(Venditian Model) ناسراوە، بۆ شیکردنەوە بۆ دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان ئەکتەرەکان یاخود دەوڵەتان(Amity & Enmity of Units) کەڵك وەردەگرن. هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن کە ناکریت ڕۆڵی هۆکار و فاکتەرەکانی کەلتووری و مێژوویی لە دروستبوون و بەردەوامی پەیوەندییە دۆستانە یاخود دوژمنکارانەی دەوڵەتان ڕەچاو نەکەین. بۆیە "بۆزان و وەیڤەر" بۆ سەلماندنی ڕۆڵی بیروباوەڕ و تێگەیشتنە مێژووییەکان لە دروستبوونی ناکۆکیی مێژووییەکان وەکو ئێرانییەکان و عەرەبەکان، تورکەکان و یۆنانییەکان و..هتد، کەڵك وەردەگرن و بە شیکردنەوەی ئەم باوەڕ و تیگەیشتنانە بەشێکی زۆر لەو دوژمنایەتی و تەنگژە هەنووکەیانە، بە دەرهاویشتە و بەرهەمی ڕابردوو و مێژوو دەزانن.(Buzan & Waever, 2003: 45).

شتە و دەکرێت لەسەر ئەویش جێبەجێبکرێت، چونکە ئاسایشی فەڵەستینیش بەتەواوەتی پەیوەستە بە سیاسەتی ئاسایشی ئیسرائیل. جا هەر لەم بارەیەوە دەکرێت بڵێین ڕەچاونەکردنی ئاسایشی هەرێمی لەلایەن هەر دەوڵەتێك ڕەنگە کارەسات بۆ ئەم دەوڵەتە لە ڕووی ئاسایشییەوە بەدوای خۆیەوە بێنیت. (See: Buzan, 1981: pp. 187-190).

تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دەریدەخات کە چۆن نیگەرانییە ئاسایشییەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە لە پێکهاتەیەکی هەرێمیدا، کە تێیدا هاوسنووری جوگرافی لە هەر شتێکی دیکە گرنگترە، لەسەر ئەم بنچینەیە دەتواندرێت تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: ((**کۆمەڵە یەکەیەکە کە پرۆسەی سەرەکی بەئاسایشیکردن و نا-ئاسایشی هەردووکیان پێکەوە بەتەواوەتی پەیوەندیدارن و ناتواندرێت بە ئاسانی کێشەکانی ئاسایشی یەکێکیان بەبێ ئەوەی دیکە چارەسەر بکرێت**)). کۆڵەکەی سەرەکی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئەوەیە زۆربەی هەڕەشە سیاسی و سەربازییەکان لە مەودا کورتەکان ئاسانتر دەگوازرێنەوە بە بەراورد بە مەودا دوورەکان، زۆربەی کات نا-ئاسایشی لەگەڵ نزیکایەتی دێتەوە. پێکهاتەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی وابەستەیە بە کارلێککردنی پشێوەییەکان لەگەڵ هۆکارە هەرێمییەکان.

بۆ نموونە، ئاسایش لە ئاسیای ناوەڕاست بەشێوەیەکی نەریتی لە ڕێگەی ڕوانگەی ڕیالستییەوە توێژینەوەی لەسەرکراوە، جەختی زیاتر لەسەر مەترسی و نیگەرانییە سەربازییەکان هەروەها کاریگەرییەکەی گەورەی زلهێزەکان لەسەر مەترسی و نیگەرانییە ئاسایشییە لۆکالییەکان هەبووە. ڕووسیا وەك ئەکتەرێکی سەرەکی لە هێشووی ئاسایشی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕوانگەی سەربازی و میراتی مێژوویی سەیرکراوە. لەلایکی دیکەوە، چین وادادەندرێت کە دەستی بەسەر ئاسایشی هەرێمەکانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتدا گرتبێت، کە زیاتر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کەوتوونەتە ئەم ناوچەیە. ناوچەی جوگرافیای ئاسیای ناوەڕاست "Central Asia" بەتایبەتی جێی بایەخپێدانە کاتێك توێژینەوە لە پرسی ئاسایشی هەرێمی دەکرێت کە بۆ چەندین سەدەیە پەیوەندی نێوان سیاسەت، ئابووری و بەریەککەوتنی کۆمەڵەکانە لە ناوچەی ئۆراسیادا هەیە. کۆتایی هاتنی جەنگی سارد گەڕانەوەیەکی دینامیکی ئاسایشی هەرێمی گەڕاندەوە کە لەلایەن سرووشتی جیهانی بەربەرەکانێی ئەمریکا- سۆڤییەت پۆلێنکرابوو. (See: Buzan & Waever: 2003: pp. 275-290)

بەشێوەیەکی گشتی، هەردوو چەمکی "ئاسایشی بەکۆمەڵ" و "بەئاسایشیکردن" سەریکێشا بۆ **تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی**. تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی هەوڵیداوە ڕوونیبکاتەوە کە چۆن شیکردنەوەی ئاستی هەرێمی دەتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی باشتر بۆ دیاردەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستبەربکات. چەمکی سەرەکی لە هەر توێژینەوەیەکی هەرێمی( Regional Study)، وەك بۆزان و وەیڤەر باسیان کردووە، کۆمەڵەی ئاسایشە کە ئەمەش مەبەست لەو دۆخەیە کە

کێشەی ئاسایشی دەوڵەتێك بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیدارە بە دەوڵەتەکانی دیکەی هەمان هەرێم، لە دەرئەنجامدا وایکردووە ئاسان نەبێت ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی ئاسایشەوە لێکجابکرێنەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین کە بیرۆکەی سەرەکی کۆمەڵەی ئاسایشی لە پەرتووکێکی پێشووتری ئەم دوو نووسەرەوە هاتووە کە لە سالی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە کە خۆیان بە پرۆسەیەکی پەیوەندیداری بەئاسایشیکردن و هەروەها نائاسایشیی دەوڵەتانیان پێناسەکردووە. پاشان بیرۆکەی کۆمەڵەی ئاسایشی درێژەیدا بۆ پەرتووکی داهاتوویان بەناوی "هێزەکان و هەرێمەکان: پێکهاتەی ئاسایشی نێودەوڵەتی"، ئەمەش بۆ فەراهەمکردنی ئاستێکی دیکەی شیکردنەوە بۆ پەیوەندییەکی نوێی نێودەوڵەتی، بۆیە بۆزان و هاوبیرەکانی ئاستی ئاسایشی هەرێمیان وەك ئامرازێکی دیاری سیاسەتی نێودەوڵەتی ناساندووە، بەتایبەتیش لەدوای جەنگی ساردەوە. لە دیدی ئەوان بە گشتی، تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی وادەکات کە توێژەران تێگەیشتنێکی باشتریان هەبێت بۆ پێکهاتی نوێی سیستەمی نێودەوڵەتی. (See: Buzan & Waever 2003: pp. 270-290).

## رەخنەکان

زۆربەی رەخنەکان لەسەر قوتابخانەی کۆپنهاگن لە لایەن شارەزاکانی زانکۆی ئەبەریستویتز لە ویڵزەوە سەریان هەڵداوە. یەکێک لەو رەخنانە لە قوتابخانەکە گیراوە، بریتییە لەوەی کە سەرەرای هەوڵی زۆری شارەزاکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ فراوانکردنی چوارچێوە و مانا و چەمکی ئاسایش بەلام ئاسایش هەروەکوو چەمکێکی نەگۆڕ (static) و سروشتێکی سەربازییانە مایەوە. شارەزاکانی ئەبەریستویتز بانگەشەی قوڵکردنەوەی چەمکی ئاسایشیان دەکرد لە جێگەی تەنها فراوانکردنی سێکتەرەکانی ئاسایش.

جگە لەمەش قوتابخانەی کۆپنهاگن بە زۆری وەکو قوتابخانەیەک سەیر دەکرێت کە دەرگیرە لەگەڵ پرسەکانی ئاسایش لە چوارچێوەی جوگرافیا و بەستێنی وڵاتە ئەوروپییەکان، بە تایبەت لە قۆناغی دوای جەنگی ساردەوە. زۆرجار چوارچێوەی کارەکانیان سنووری ئەوروپای نەبەزاندووە، بە تایبەت لە تیۆریزەکردنی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی لە دەرەنجامی لێکهەڵوەشاندنەوەی یۆگسلافیا و روخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو بە بابەتێکی گرینگیی ئاسایش لە ئەوروپا. ئاسایش رەنگ نییە تەنها لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکان و دەستەبژێرەکانی دەسەڵاتەوە بێت. زۆرێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپەکانی فشار، حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، کار لەسەر بە ئاسایشیکردنی زۆر پرس دەکەن وە لەو کارانەشیاندا توانیویانەوە دوور برۆن.

بێل ماکسوینی بە دیارترین رەخنەگرەکانی سەر قوتابخانەی کۆپنهاگن دادەنرێت، مشتومڕی ئەوە دەکات بە گووتنی ئەوەی کۆمەڵگا یەک ناسنامەی هەیە، وە دەبێت وەکو پرسێکی ئاسایش سەیربکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی کێشەی دووسەرەی ئاسایشی کۆمەڵگایی و زیادکردنی ئاستی ناتەبایی و نالێبوردەیی و ئەگەری ناکۆکی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان (ماکسوینی، ١٩٩٦: ٧٢-٧٣). راستە قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژەی بەوە کردووە کۆمەڵگاکان زیاتر لە یەک ناسنامەیان هەیە بەڵام لە ئاستی واقعیدا کاتێک پرسی ناسنامە بە ئاسایشی دەکرێت دەبێتە هۆی کێشەرێژکردنی ئەو کۆمەڵگایانەی زیاتر لە یەک ناسنامەیان هەیە (وێلیامس، ٢٠٠٣).

لەگەڵ ئەوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێشنیازی بە نائاسایشیکردن دەکات، بەڵام هەندێک پرس هەیە دەبێت بە ئاسایشی بکرێت بۆ ئەوە بە پارێزراوی بمێنێتەوە. ئەو کارەش ناکرێت ئەگەر بیرکردنەوەی سەربازییانە و دەستەبژێرییانەی ئاسایش تێنەپەڕێندرێت. گەڕانەوە بۆ سیاسەتی رۆژانە و سیاسەتی نۆرماڵی بە مانای دووبارە دانپێدان بە هەژمەی پێشووتری دەسەڵاتە (ئەڕادۆ، ٢٠٠٤: ٤٠٠). دواجار کۆمەڵێک گرووپ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا دوور دەخرێنەوە.

هەندێ لە شارەزاکان ئاماژەی بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی بەئاسایشیکردن دەکەن، بە تایبەت لە پەیوەندیی نێوان ئەکتەری بەئاسایشیکردن و جەماوەرەکە (بۆ نموونە، وێلیامس، ٢٠٠٣، ئەڕادۆ، ٢٠٠٤، سپریتزال، ٢٠٠٧، ویلیکینستۆن، ٢٠٠٧، ڤاوری، ٢٠٠٨). بەتایبەت لە رژێمە تۆتالیتارییەکان. لە وێدا زەحمەت دەبێت جیاوازی لە نێوان سیاسەتی 'باڵا' و 'نزم' بکرێت. لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بوونی نییە، وە گوتاری سیاسی سنوردارکراوە لە رێگای سانسۆر و هەڕەشەی گرتن و سزادانەوە، ئەو رژێمانە کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر پرۆسەی بەئاسایشیکردندا هەیە.

رەخنەیەکی تیۆری گرنگ لە قوتابخانەکە دەگیرێت ئەویش قوتابخانەکە هیچ پێوەرێکی داتایی دانەناوە بۆ زانینی ئەوەی لە چ کاتێک پرسێکی بەئاسایشیکراو یا بە نائاسایشیکراو سەرکەوتوو یا سەرکەوتوو نەبووە.

## رەهەند و سێکتەرەکانی ئاسایش

قوتابخانەی کۆپنهاگن چەمکی ئاسایشی فراوانکرد و گەشەی پێدا بە مەبەستی لە خۆگرتنی نەوەک تەنها بابەتە سەربازییەکان، بەڵکوو بابەتە سیاسی، ئابووریی، ژینگەیی و کۆمەڵگاییەکان. لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن کۆمەڵێک بابەتی بەرهەڕەشەی جیاواز دەچنە بەردەم پرۆسەی بە ئاسایشیکردن تیایدا کرداری گوتارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێز دێتە ئاراوە بۆ ناساندنی پرسێک وەکو پرسێکی ئاسایش، و لادانی لە پرسێکی ئاسایی سیاسی و ناساندنی وەکو هەڕەشەیەکی وجودی ( existential threat) پێویستی (و پاساوی) بە هەموو رێ و شوێنێکی سەرووی ئاساییەوە دەبێت (بۆزان، وەیڤەر و ویدل، ١٩٩٨: ٢١). قوتابخانەکە هەوڵ نادات پێناسەیەکی گەردوونی یا کۆمەڵێک ستانداری گەردوونی بۆ هەڕەشە پشتشکێنەکان یا هەڕەشەکانی سەر بابەتی بەرهەڕەشەکان بکات، چونکە خەسڵەتی بنەڕەتی بوون بە پێی سێکتەرە جیاوازەکان و ئاستەکانی شیکردنەوەی جیاوازدەگۆڕێت (بۆزان، وەیڤەر و ویدل، ١٩٩٨: ٢١-٢٢).

لە کتێبی *ناسنامە، کۆچکردن و ئەجێندای نوێی ئاسایش لە ئەوروپا* (١٩٩٣)، وەیڤەر و هاوکارەکانی دووپاتیان کردەوە 'ئاسایشی کۆمەڵگایی' گرنگترین سێکتەری ئاسایشی وڵاتە. بۆزان و هاوکارەکانی پێیان وابوو هەڕەشەکانی سەرەکی سەر ئاسایش لە دەرەنجامی پێکدادانی ناسنامەکان و کۆچکردنەوە دێت (بۆزان، ١٩٩٣: ٤٣). 'ئاسایشی کۆمەڵگایی' گرێدراوە بە کلتور و زمان و لە هەمووی گرنگتر ناسنامە نەتەوەییەکان (B١٩٩١: ١٢٢-١٢٣).

یەکێک لە خاڵە سەرەکیەکانی ئاسایشی کۆمەڵگایی لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بریتییە لە هەڕەشە وجودییەکان لەسەر ناسنامەی کۆمەڵگاکان و گرووپەکان. لەو کاتانەی کە دەوڵەت و نەتەوە یەکناگرنەوە، ئاسایشی نەتەوە زۆربەی جار دەبێتە هۆی نائاسایشی دەوڵەتەکە. لێرەدا لە ڕوانگەی ئاسایشی دەوڵەتەوە، هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵگا تەنها ئەو کاتە گرنگن ئەگەر ببنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی دەوڵەتەوە. لەبەر ئەو دژبەیەکییە، قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایشی کۆمەڵگا بە جیا لە ئاسایشی دەوڵەت دەبینێت.

کۆمەڵگاکان وەکو دەوڵەتەکان نین، توانای پاراستنی ئاسایشی خۆیان نابێت، وە دەستەبژێرەکانی دەسەڵات وەکو ئەکتەری بەئاسایشیکردن کردار دەنوێنن، بە ناولێنانی پرسێک وەکو پرسێکی ئاسایش هەولی بەکارهێنانی هێزی خۆیان دەدەن لە ژێر پاساوی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا. کاتێک دەستەبژێرەکان لە قەناعەت پێهێنانی جەماوەر سەرکەوتوو دەبن، هەموو ئامرازێکی سەرووی

ئاسایی بەکاردەهێنن بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکە. دەستەبژێرانی دەسەڵات هەر وا بە ئاسانی ناتوانن هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی وڵات بەسەر خەڵک بسەپێنن، بەڵکوو دەبێت جەماوەر لەسەر ئەوە رازی بکەن. ئەو کارەش پێویستی بە دیزاینکردنی پرسەکە و بە گووتار و چیرۆکی گەورەیە.

دەکرێت بڵێین کەوا بنەما هزرییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بریتین لە:

**١- چەمکی ئاسایش وەکو چەمکێکی نێوان زەینی.**

**٢- گرنگی کۆمەڵگە وەکو سەرچاوەی ئاسایش شان بەشانی دەوڵەت.**

**٣- بەئاسایشیکردن و بە نائاسایشکردنی بابەتە جۆراوجۆرەکان.**

**٤- ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامەیی وەکو کرۆک و ناوەندی ئاسایش.**

**٥- گرنگیپێدان بە ڕەهەندەکانی دیکەی ئاسایش بێجگە لە ئاسایشی سەربازی یاخود لەشکری[٨]، وەکو(عبدالله‌خانی، ٢٠٠٤: ١٣٦):**

- **ئاسایشی کۆمەڵگەیی[٩].**
- **ئاسایشی ئابووری[١٠].**

---

**[٨]- بە بڕوای بۆزان هەڕەشە و مەترسییە لەشکرییەکان هێشتاکە لە بواری ئاسایشیدا خاوەن ئەولەوییەتی تیۆری و راستەقینەن و تا ئەو کاتەی کە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەنارشیک بێت، گرنگییەکی هەر درێژەی هەیە و بەردەوام دەبێت. بەڵام بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو گرنگییەکی بە بەراورد لەگەڵ سەرهەڵدانی هەڕەشە و مەترسییە نوێیەکان کەمتر بۆتەوە.(بڕوانە: بوزان، ١٩٩٩: ١٥٨-١٥٩).**

**[٩] - بۆزان و هاوکارەکانی پێیانوایە کە نائاسایشی کۆمەڵگەیی کاتێک دێتە ئاراوە کە هەڕەشەیەک لەسەر مانەوەی ئەو ناسنامەیە هەبێت. ئاسایشی کۆمەڵگەیی پەیوەندی بە رێوشوێنی پاراستنی ناسنامەی گروپ و کۆمەڵگەکانەوە هەیە.(بڕوانە: بوزان و دیگران، ٢٠٠٧: ١٨٣-١٨٤). هەروەها کەلتوور گرنگترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ناسنامەییە. تاک و گروپەکان هەمیشە لە رێگەی رەگەز و بەشە جۆراوجۆرە کەلتوورییەکانەوە ناسنامە وەردەگرن. بەهۆی ئەوەی کە ئەو بەش و رەگەزانە توانایان هەیە کە پێداویستییەکانی مرۆڤەکان بۆ جیاوازبوون و لەهەمانکاتدا لێکنزیکبوون لە کۆمەڵگەدا دابین بکەن. هەروەها کەلتوور و ناسنامەی کەلتووری هەم جیاوازی دروستدەکات و هەمیش هاوشێوەیی و هاوبەشی.(بڕوانە: گل محمدی، ٢٠١١: ٣٠).**

**[١٠] - باری بۆزان پێیوایە کە ئابووری و سیاسەت دوو رووی شرۆڤەی واقعییەتێکی تاکانەن. بیرۆکەی ئاسایشی ئابووری لە ژێر کاریگەری سیاسەتدایە و وا گریمان دەکرێت کە ئەکتەرەکان لەم بوارەدا هەست بە نائاسایشی دەکەن، چونکە ئەم رەهەندە لە ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی ئەنارشیکی نێودەوڵەتی و پێکهاتەی ئابووری بازار دا هەیە.(بڕوانە: بوزان و همکاران، ٢٠٠٧: ١٥١). هەر بۆیە "رێپس مان"(Rips man) پێوایە کە بە هۆی چەند فاکتەرێک جیاوازیکردن لە نێوان پرسی بەرگری لە سەروەری نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی وەکو سیاسەتی باڵا(High Plolitics) و سنووردارکردنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ئابووری لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسایی یاخود سیاسەتی نزم(Low Politics)، جیاکارییەکی ناراستە، بۆ نموونە:**

**أ- ئەو دابەشکردنە گرنگی بنەماکانی ئابووری بۆ بەدەستهێنانی هێزی لەشکری رەچاو ناکات.**

**ب- وابەستەبوونی دەوڵەتان بە ئابووری نێودەوڵەتی و سەرچاوە ناوخۆییەکان بە ئارستەی پشتیوانی لە ئامانجە سیاسییەکان پشتگوێ دەخات.**

- **ئاسایشی ژینگەیی[11].**
- **ئاسایشی سیاسی[12].**

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە هەڕەشە دەتوانرێت شیبکرێتەوە لە چەند ڕوویەکەوە، بەم پێیەش ئاسایش چەند سێکتەر یاخود ڕەهەندی سەرەکی و جیاوازی هەیە وەکوو:

### ١- ئاسایشی سەربازی:

ئەم ڕەهەند یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی ئاسایشە لە جیهان. پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیای سەربازی دوای جەنگی جیهانی دووەم، سەرجەم دەوڵەتانی ناچارکرد کە بەشێکی سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ بۆ خۆ پرچەککردن لەم بوارەدا، وەبەرهێنانی ملیۆنان و بگرە ملیاران دۆلاریان ئەنجامدا. باری بۆزان پێیوایەکە کردەی سەربازی سەرجەم بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا لەناودەبات، ئەمەش هەرخۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پایەکانی دەوڵەت کە گرنگترینیان سەربازیە، لاواز دەکات. بەهۆی بەکارهێنانی سەرچاوەیەکی زۆری مرۆیی و ماددی. لایەنی سەربازی بەشێکی ئاڵۆزە، چونکە، ئایا دەوڵەت لە بارودۆخی بەرگریدایە یان هێرشبردن. (Buzan, 1991: 126). سەرەرای ئەمانەش دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی دەرەکی و ناوخۆیی، دەبێت خاوەن توانای سەربازی بێت لە ناوخۆش بتوانێت ڕووبەڕووی تیرۆریستەکان و کەسانێك ببێتەوە کە دەیانەوێت کودەتا یان شۆرش و ڕاپەرین بکەن، ئەمەش پەیوەندی بە تەکنەلۆجیای سەربازی و دامەزراوەیی ئاسایشی و توانای ئابووری باش هەیە یاخود لە ئاستی دەرەوە بەرێککەوتن و هاوکاری و پەیماننامەی سەربازی ئەم کارە دەکرێت. لە ڕوانگەی بۆزان و هاوکارەکانی، ڕەهەندی

---

**ت- ئەگەری بەکارهێنانی ئامرازە ئابوورییەکان بۆ سزادان و هاندانی دەوڵەتان و ئەکتەرەکان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجە ئاسایشییەکان پەراوێز دەخات.**(See: Ripsman, 2000: 1-2).

[11] - **بۆزان و تۆماس هامێر دیکسن**(Thomas Homer Dixon) **پێیانوایە کە کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگەییەکان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی تاك و ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوەی ململانێ و ئەگەری پێکدادان و سەرهەڵدانی توندوتیژی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لە ئاستی هەموو جیهان.(بڕوانە: موتیمر، ٢٠٠١: ٣٩).**

[12] - **بە بڕوای بۆزان، ئاسایشی سیاسی بۆ سەقامگیری ڕێکخراوەکان، دەوڵەتان و سیستەمەکانی دەسەڵاتدارییەتی و ئایدیۆلۆژیا ڕەوایەتپێبدەرەکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. لێرەوە هەڕەشە ژیانی و بوونناسانەکان بۆ هەڕەشە لەسەر بنەما بنچینەییە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت، واتە سەروەری و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت دەگەڕێتەوە و پێناسە دەکرێت. بۆیە هەڕەشە سیاسییەکان سەقامگیری ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی دەوڵەت دەکەنە ئامانج، ئەم هەڕەشانەش هەر لە پرسی جیابوونەوە تاوەکو ڕووخانی دەوڵەت و گوشار خستنە سەر دەوڵەت دەگرێتەوە. لوتکەی هەڕەشە سیاسییەکان هەڕەشە بۆ سەر هزر و ئایدیای دەوڵەت بەتایبەت ناسنامە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیایی دەوڵەت و حوکمرانی دەگرێتەوە. ئەم هەڕەشانەش لەوانەیە ڕووبەڕووی پێکهاتەی حکومەت(ئایدیۆلۆژیای ڕەوایەتپێبدەر)، یەکپارچەیی خاك(جیابوونەوە) یاخود مانەوە و بوونی ئەو دەوڵەتە(هەڵوەشانەوە) بگاتە لوتکەی هەڕەشە و مەترسی.(بڕوانە: بوزان و دیگران، ٢٠٠٧: ٢١٥-٢٢٩).**

سەربازی و ڕەهەندی سیاسی پەیوەندی توندوتۆڵیان بە یەکەوە هەیە، بەم مانایەی کە جۆری سیستەمی سیاسی دەستنیشانی ڕۆڵی هێزی سەربازی دەکات لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسییەکانی ناوەوە و دەرەوەدا، ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا هەڕەشە و مەترسی جۆراوجۆر بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروست بووە، بەڵام هێشتا هێزی سەربازی لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کاریگەری هەیە بەتایبەت لە ئاستی دەرەوەی دەوڵەت.(عەلی سالح، ٢٠١٤: ١٢٠).
بە واتایەکی تر، ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە مادییەکان کە تێیدا توانا سەربازییەکان ڕەگەزی سەرەکین بەکاردەهێنرێن بۆ ئەم مەبەستە. ئەمەش، ئاسایشی نەتەوەییە کە وەکو توانای نەتەوەیەك بۆ کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بۆ گەرەنتیکردنی پاراستنی سنوورەکانی لە هەڕەشە و هێرشە دەرەکییەکان و هەڕەشەی سەربازی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، وەکو هێرشە تیرۆریستییەکان، پێناسە کراوە. زۆربەی دەوڵەتان بۆ نموونە سوید، هێزەکانیان بەکار دەهێنن بۆ پاراستنی سنوورەکانیان، بەڵام دەوڵەتانی تری وەکو فەڕەنسا و ڕووسیا و ئەمریکا و بەریتانیا، کە بە وولاتانی زلهێزی سەربازی و ئابووری و سیاسی ناسراون، هێزە سەربازییەکانیان بڵاوە پێدەکەن لە دەرەوەی سنوورە ئاسمانی و ئاوی و خاکییەکانی خۆیان. (Olika O, 2016: 1). چونکە هێزی سەربازی لە ڕابردوودا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیوە لە پارستنی ئاسایشی نەتەوەیی، لەو سەردەمەدا هێز ئامرازێك بووە بۆ هێرشکردن و بەرگریکردن، چونکە توانیوییەتی هەم هەڕەشە بێت، هەمیش بەرگری بکات. ڕەهەندی سەربازی لە ئاسایشی نەتەوەییدا بەتایبەت دوای دروست بوونی دەوڵەت نەتەوە ڕۆڵی زیاتریان پەیداکرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوە، بەتایبەت ڕیالیستەکان پێیانوایە کە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی سەربازی هاوتان، بەڵام ئێستا ئاسایشی نەتەوەیی ڕەهەندی نوێ لەخۆ دەگرێت کە گرنگی خۆیان هەیە وەك ئاسایشی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، هەموویان بریتین لە ئاسایشی ناوخۆیی. کەواتە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئەمڕۆدا، ئاسایشی نەتەوەیی تەنیا بریتی نییە لە ئاسایشی سەربازی (ڕەوشەندڵ، ٢٠٠٩: ٣٣).

### ٢- ئاسایشی سیاسی:

ئەم ڕەهەندە گرنگی بە پەیوەندی نێوان هاوولاتیان و دەوڵەت دەدات، لەگەڵ پەیوەندی دەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتی. ئەم بەشە دەتوانرێت هەڵبسەنگێندرێت بە دوو شێوە: یەکەمیان هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دەوڵەتە لەسەر ئاستێکی ناوخۆیی کە تا چ ڕادەیەك سیستەمی بەڕێوەبردن باشە یاخود خراپە. دووەمیان پەیوەندیدارە بە ئاسایشی نێودەوڵەتی و یاسا نێودەوڵەتییەکان. بەڕێوەبردنی باش واتا هەبوونی ئاسایشێکی باش، بەڵام پێچەوانەکەی دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە و توندوتیژی و تا دەگاتە ئاستی شەڕ کە پێی دەگوترێت: ناسەقامگیری

دەوڵەت. (Sarcinschi, 2005: 14). بۆزان سەبارەت بە ڕەهەندی سیاسی ئاسایشی نەتەوەیی پێیوایە کە شێوازی مامەڵەکردنی سیستەمی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت. چونکە کاتێك سیستەمێکی سیاسی بیەوێت لە ڕێگەی توندوتیژییەوە سیاسەتێکی دیاریکراو یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بسەپێنێت، ئەوا دۆخێکی نائاسایشی دروست دەکات، هەروەها بۆزان گرنگی بە ڕەوایەتی سیستەمە سیاسییەکان دەدات و بڕوای وایە ناڕەوایەتی ئەم سیستەمە سیاسییانە دەبێتە مایەی پشێوی و نائارامی لە کۆمەڵگا. سەرباری ئەوەش، بۆزان لەسەر ئاستی دەرەوە پێیوایەکە جۆری سیستەم و ئەو سیاسەتە توندوتیژەی کە لە ناوخۆ دەیگرێتەبەر وادەکات کە لەسەر ئاستی دەرەوەش تووشی قەیران ببێت، کە هەندێکجار وادەکات ئاسایشی دەوڵەتانی تر لەسەر ئاستی هەرێمی و نێونەتەوەیی بکەوێتە مەترسییەوە و پێی وایە ئەو دەوڵەتانەی کە دەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆ، هەرێمی، نێونەتەوەیی بە دەوڵەتی لاواز ناسراون و کە ئەمەش دەرئەنجامی نەبوونی ڕەوایەتییە لە ناوخۆ و دەرەوە.(بڕوانە: عەلی ساڵح، ٢٠١٤: ١٣٨). بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ پەرەپێدانی سیاسی هەیە، لە دەوڵەتانی دواکەوتوو تێکەڵ دەبێت لەگەڵ تەنگژە و قەیرانە ناوخۆییەکان، وەك پێکدادان و توندوتیژیە ئیتنیکەکان، مەترسی کودەتای سەربازی، هەژاری و ... هتد. بۆیە لەم دەوڵەتانەدا سنوور لەنێوان ڕەهەندەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی هاوسەنگی بوونی نییە، چونکە خودی دامەزراوەکانیش دواکەوتوون، تەنانەت ئەم دواکەوتوویییە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە و ئەمەش وادەکات هەم ئاسایشی ناوخۆییان تێك بدات هەمیش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ناوچەیی هەبێت. ئەو دەوڵەتانەی کە تووشی ناسەقامگیری و نائارامی ناوخۆیین، ناتوانن ئاسایش و ئامانجەکانیان بپارێزن، ئەمەش ڕێگا بۆ دەستێوەردانی دەرەکی خۆش دەکات.

### ٣- ئاسایشی کۆمەڵگەیی:

باری بۆزان (Barry Buzan)، چەمکی (هەڕەشەی کۆمەڵگەیی) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٨٣)دا و لە کتێبی (خەڵك، دەوڵەتان و ترس) هێنایە ئاراوە (بۆزان، ١٩٩٦: ١٤٧). خاڵێك کە کەمتر گرنگی پێدراوە ئەوەیە کە بۆزان لەم کتێبەدا یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایش واتە ئاسایشی کۆمەڵگەیی (بە ناوەندیەتی ناسنامە) لە تەنیشت چوار ڕەهەندی تری ئاسایش (سەربازی، سیاسی، ئابووری و ژینگەیی) هەژمار کردووە، لە هەمان کتێبدا بۆزان بڕوای وایە کە ئاسایشی کۆمەڵگەیی یان ئاسایشی ئابووری لە ئاسایشی دەوڵەت سەربەخۆ نییە، کۆمەڵگا یان گرووپەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگا وەکو: گرووپە ئیتنیکی و مەزهەبییەکان، تەنیا یەکێك لەو ڕەهەندانەیە کە دەتوانێت مەترسی بێت بۆ سەر دەوڵەت. (١٠) ساڵ دواتر واتە لە ساڵی (١٩٩٣)دا، بۆزان و هاوکارەکەی (ئۆلێ

وەیڤەر) کتێبی (ناسنامە، کۆچ و بەرنامەی کاری ئاسایشی مۆدێرن لە ئەوروپا)یان نووسی. لە پێناسەی بۆزان بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەیی: ((توانای کۆمەڵگا بۆ درێژەپێدان بە سروشتی خۆی لە هەلومەرجی گۆڕاودا))، هەم گۆمەڵگە و هەم ناسنامە وەکو دوو ڕاستییەك لە جیهانی دەرەوەدا هەژمارکراون. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵگە بە مانای گروپەکانی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری لەسەر هاوکێشە نەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکان دادەنێن، بگۆڕی سەربەخۆن و ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیین، واتە کۆمەڵگە لێرەوە تاوەکو ئاستی دەوڵەت بەرزدەکرێتەوە و دەتوانێت سەربەخۆ لە دەوڵەت بوونی هەبێت. (Buzan and Waever, 1993: 43). ئەم ڕەهەند پەیوەستە بە پاراستنی ناسنامەی گشتی، کە بریتییە لە نەریتە نیشتیمانییەکان و یەکگرتوویی نەتەوەیی. (See:Teodor Frunzeti, 2006). ئەم ڕەهەند چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە: کۆچکردن، دابەزینی ئاستی پەروەردەیی، هەژاری، هەڕەشە بۆسەر ناسنامەی نەتەوەیی، هەڕەشەکانی پەیوەست بە ئایین و کەلتوور. ئاسایشی کۆمەڵگەیی (Societal Security)، پەیوەندی توند و تۆڵی لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم ڕوانگە کاتێك کۆمەڵگەکان ئاسایشیان هەیە کە ناسنامەیان نەکەوێتە ژێر مەترسی، مەبەستیش لە مەترسی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو مەترسیانەن کە مانەوەی کۆمەڵگا دەخەنە ژێر هەڕەشە، لێرەوە بەردەوامی و گەرەنتی مانەوەی ناسنامە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و بەرژەوەندی و پێگەیان و میکانیزمی گونجاو و گەرەنتی کردنیان، هەروەها چارەسەرکردنی ئاشتیانە و دیموکراسیانەی کێشەکان مەبەستە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە سەرچاوەی ئاسایش نەك دەوڵەت (غرایاق زندی، ٢٠٠٨: ١٧٥).

چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی، بۆ یەکەم جار گەشەی پێدرا بۆ وڵامدانەوەی کۆمەڵێك شەڕی نەتەوایەتی بەتایبەت لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو و یەکێتی سۆڤیەتی جاران. ئەم چەمکە بەشێکی تایبەت و سنوورداری زیادکرد بۆ فراوانکردنی ئەدەبیاتی ئاسایشی لەسالانی هەشتاکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنجی خستەسەر لایەنە ئابووری و ژینگەییەکان. لە ڕۆژئاوای ئەوڕوپا، زیادبوونی یەکگرتن لە نێو یەکێتی ئەوروپا وەك هەڕەشەیەك سەیردەکرا بۆسەر پێکهاتە نەتەوەیەکان لە دەوڵەتانی ئەو کیشوەرەدا کە زۆر لایەن ترسیان هەبوو لە لەدەستدانی سەروەری سیاسی و ئۆتۆنۆمی کەلتووری. هەروەها کۆچکردن، بەهەمان شێوە وەکو هەڕەشە لێکدانەوەی بۆکرا بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی (national identity). ئاسایشی کۆمەڵگەیی وەکو "توانای کۆمەڵگایەك بۆ بەردەوامی کارەکتەری سەرەکی و گرنگی خۆی لە ژێر گۆڕانکارییە مەرجدارەکان و مەترسیە ڕاستەقینەکان" سەیردەکرا. (Waever, 1993: 23). واتا شان بە شانی دەوڵەت کە بەرپرسیاری سەرەکییە بۆ فەراهەمکردنی ئاسایشی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ژینگەیی،

کۆمەڵگەش خۆی دەبێ ببێتە پارێزەری سەرەکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. ئەم چەمکە ڕێگای خۆشکرد بۆ خوێندنی ئاسایشی ناسنامەیی (identity security)، پاشان تیشکی خستەسەر ئەو کەیسانەی کە دەوڵەت و کۆمەڵگاکان بەیەکەوە نەگونجاون. بۆ نموونە هەندێك کەمە نەتەوەکان هەڕەشەیان لێدەکرا لەلایەن خودی دەوڵەتەکانی خۆیانەوە.

**٤- ئاسایشی ئابووری:**

ئەم سێکتەرە پێناسە کراوە وەکو ڕێگا بۆ ژێرخانە سەرەتاییەکان و ئەو سەرچاوانەی پێویستن بۆ دەستەبەرکردنی ئاستێکی باش بۆ خۆشگوزەرانی دەوڵەت. ئەم بەشە تایبەتمەندییەکی گرنگی خۆی هەیە چونکە لایەنی ئابووری تا ڕادەیەکی زۆر ئاستی هێزی سەربازی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات. تەنانەت گرنگییەکەی دەردەکەوێت ئەگەر بە ووردی خوێندنەوەیەك بۆ ڕێچکە و ئەدەبی مارکسی و مارکسیزمی نوێ بکەین کە بایەخ دەدات بە ئابووری وەکو فاکتەری سەرەکی ململانێی نێودەوڵەتی. لەم ساڵانەدا، گەورەترین مەترسی لەسەر ئەم سێکتەرە فراوانبوونی لێکترازان نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند و بڵاوبوونەی هەژاریە.(See: Vasile Puscas, 2007). ئاسایشی ئابووری دوو ڕەهەندی سەرەکی هەیە: ڕەهەندی یەکەم پەیوەندی بە بەهێزکردنی بنەماکانی ئابووری نەتەوەیی هەیە و ڕەهەندی دووەم پەیوەندی بە سەربەخۆیی ئابووری هەیە، بۆ ئەوەی لە ژێر کاریگەری دەوڵەتانی تردا نەبێت، هەرچەندە ئەمە بەشێوەیەکی ڕێژەییە، چونکە لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکان، پەیوەندی دەوڵەتان لەرووی بازرگانی، تەکنەلۆجیا، دیموکراسی، بەتایبەت ئەگەر دەوڵەت لە ناوخۆ خاوەنی ستراتیژیەتێکی بەهێز نەبێت، ئەوە زیان بە ئاسایشی دەوڵەت دەگەیەنێت، بۆیە یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پەرەپێدان و سەربەخۆیی ئابووریە (رەوشەندڵ، ٢٠٠٩: ٣٧). ئابووری بەچەند شێوازێك کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، لەلایەك ئەگەر دەوڵەت کۆنترۆڵی ئابووری دەوڵەتی کردبێت پەیوەندی کۆمەڵگا لەسەرەوە بۆ خوارەوە دروست دەبێت، لێرەوە ئاسایشی نەتەوە دەبێتە ئاسایشی ڕژێمی سیاسی، بەهۆی بەدەستەوەگرتنی ئامرازەکانی بژێوی ژیان و سەرچاوەکانی دارایی گوێ بە داواکاریەکانی تاك و گروپ نادرێت، حالەتێکی سەربەخۆیی لە کۆمەڵگە بەدەست دێت کە لەم حالەتەدا داواکاریەکان بەسەرکوتکردن و توندوتیژی وڵام دەدرێنەوە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی دابەش نەکردنی دادپەروەرانەی داهات و سەرچاوەکان لە نێوان هاوڵاتیان و تەنیا بەپێی بەهاکانی سیستەم و وەفاداری بۆ سیستەمەکان، ئەوە دیسان لێکترازان و لاوازی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و دووری هاوڵاتیان لە دەسەڵات و جیاوازی چینایەتی و هەژاری دروستدەبێت. ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەوایەتی سیستەم دروست دەکات و ئەگەر بزووتنەوەی دژی سیستەم دروست بێت، هەردەم کۆمەڵگا لەبەردەم ناسەقامگیری دا دەبێت. سەرباری ئەوەش، بەهۆی

کۆنترۆڵ کردنی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەوە ئابووری دەوڵەت داخراو دەبێت، کە توانای سیستەم لە بەردەم گۆڕانکارییەکانی نێونەتەوەیی و بەجیهانی بوون لاواز دەکات و هەر قەیران و ڕووداوێکی دەرەکی دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی ناوخۆیی، هەروەها ئاسایشی مرۆیی دەکەوێتە مەترسییەوە، کەوابوو بەبڕوای زانایان سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری دەوڵەت نەك کۆنترۆڵی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە (بڕوانە: عەلی ساڵح، ٢٠١٤: ١٢١-١٢٢). لەلایەکی دیکەوە، دەبینین ئاسایشی ئابووری چەمکێکی زیندوو لەخۆ دەگرێت کە ئەویش ئاسایشی وزەیە. ئاسایشی وزە بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و هەبوونی سەرچاوەی سروشتی بۆ بەکارهێنانی وزە. هەبوونی ڕێگا بۆ دەستکەوتنی وزەی هەرزان بۆتە ئامانجێکی فراوان لە ئابووری سەردەمیانەدا. ناڕێکی لە دابەشبوونی وزە لەنێوان دەوڵەتانی جیهاندا ڕێگای خۆشکردووە بۆ بێهێزی هەندێك لایەن. پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە بواری وزە سەرچاوەن بۆ جیهانگیری ئاسایشی وزە و بێهێزی سەرچاوەی وزە لە هەمان کاتدا، (Indra Overland, 2016: 126). لەچوارچێوەی ئاسایشی وزەدا، ئاسایشی دابینکردنی وزە کێشەیەکی گرنگە. سەرچاوە دووبارە بەکارهێنراوەکان (Renewable Resources) و وزەی بەرهەمدار بەسەر چەندین شوێنی جیاوازدا دابەش بوونە، بە پێچەوانی سەرچاوەکانی تری وزە کە تەنها لە چەند شوێنێکی دیاریکراو بوونیان هەیە. فراوانبونە خێراییەکانی وزە دووبارە بەکارهێنراوەکان و وزەی بەرهەمدار لەگەڵ تەکنەلۆجیا هەمەجۆرکراوەکانی سەرچاوە وزەییەکان، دەبنە هۆی ئاسایشێکی گرنگ بۆ وزە و سوودی ئابووریان دەبێت.(See: Energy Technology Perspective, 2012: pp. 1-3). هەندێك سێکتەر پشت دەبەستن بە وزە زیاتر لەهەر سەرچاوەیەکی تر. هەروەها هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی وزە دەبنە هۆی ناسەقامگیری سیاسی چەندین دەوڵەتی بەرهەمهێنەری وزە.

### ٥- ئاسایشی ژینگەیی:

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و دەستپێکردنی جەنگی سارد، پرسی ژینگە بوو بە یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی ئاسایش. گرنگترین هەڕەشە سرووشتیانەی کە مرۆڤ تا ڕاددەیەکی زۆر هۆکارەکەی بوو بریتیبوون لە: گۆڕانی کەشوهەوا، پیسبوونی ژینگە، لەناوبردن و زیاد لە پێویست بەکارهێنانی سەرچاوە سرووشتییەکان، لەناوبردنی دارستانەکان، لەگەڵ کرداری بەردەوامی مرۆڤ لە ژینگەدا. لە شیکردنەوە و پێناسەکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە، لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە ئەم لایەنە سەرەکیانە هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، بەڵام هەریەکە و لەڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی ئاسایش دەکات. پرسی ژینگە لە سەردەمی بەجیهانیبوون بۆتە پرسێکی جیهانی، چونکە هۆکار و مەترسییەکانی ژینگە کاریگەری و دەرئەنجامی جیهانیان هەیە، وەکو: گازی ژەهراوی بەرهەممهاتوو لە سوتەمەنیەکان،

کونبوونی ئۆزۆن، گەرمبوونی زەوی، پیسبوونی دەریا و زەریاکان، بارانە ئەسیدییەکان، کەمبوونەوە و لەناوچوونی گیاندار و ڕووەك، کە کۆمەڵێك هۆکارن کە ئاو وهەوا و خاك، ڕووەك و گیانداران بکەونە مەترسییەوە، کە ئەمەش لە دەرەوەی توانای دەوڵەتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و پرسانە، کە چونکە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت دەبەزێنێت و دەبێتە کێشە و پرسی مرۆڤی و کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر هەژاری و برسییەتی دەبێت بەهۆی پەیوەندی بە دابینکردنی خۆراك بۆ مرۆڤەکان و دواتر پرسی ئاسایشی خۆراك(Food security)[١٣] (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧: ٨٦). لە ڕوانگەی باری بۆزانەوە ئاسایشی ژینگە لوتکەی ئاسایشی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە و ئەو دەوڵەتەی گرنگی بە پاراستنی ئاسایشی ژینگە دەدات دەوڵەتێکە کە گرنگی بە پاراستنی سروشت و بوونەرەکان بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەت دەدات، پێی وایە پیسبوونی ژینگە پەیوەندی هەیە بە مامەڵەکردنی نابەرپرسیارانەی دەوڵەتان لەگەڵ ژینگە، پاشان گرنگی پێنەدان بەو پرەنسیپە مرۆییانەی کە بوونەتە بەهایەکی باڵای جیهانی. پرسی ژینگە بریتییە لە ڕەهەندێکی سەرەکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی کە ئەویش ڕەهەندێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە. ئاسایشی ژینگەیی ئەو هەڕەشانە شیدەکاتەوە کە کراونەتە سەر ژینگە بە هۆی ڕووداوەکان کە زۆربەیان دەستکردی مرۆڤن. بە واتایەکی تر، دەکرێت بڵێین ئاسایشی ژینگە سەریهەڵدا وەکو چەمکێکی گرنگ لە خوێندنەوە ئاسایشییەکان بەهۆی چەند پێشکەوتنێکی پەیوەندیدار بەیەکەوە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە گرنگترینیان بریتیبوو لە هەستکردن بە دروستکردنی مەترسی لەسەر کارەساتە ژینگەییەکان لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان.(See: Alan Collins, 2013: pp. 196-198). لەم ڕوانگەیەوە، توانای تاکەکان و کۆمەڵگا و نەتەوەکان مەترسی لەسەر ژینگە دروست دەکەن و لەوانەیە ببنە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ. بۆ نموونە، گۆڕانی کەش و هەوا دەتواندرێت وەکو مەترسی بۆ سەر ژینگە سەیربکرێت، چالاکیەکانی مرۆڤ کاریگەری دروست دەکەن بۆ سەر گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن($CO_2$)، کاریگەری دروست دەکەن لەسەر گۆڕانە ژینگەیی و هەواییەکان کە لەکۆتایدا کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵن لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

---

[١٣] - لە کۆنفرانسی جیهانی خۆراك لە ساڵی ١٩٧٤ برگەی ئاسایشی خۆراك پێناسە کرا کە جەختی کردەوە لەسەر دابینکردنی ئەم ڕەهەند لە ئاسایش. لە کۆفرانسەکەدا ڕاگەیەندرا کە ئاسایشی خۆراك بریتییە لە هەبوونی خۆراکی پاك و هەمە جۆر بە شێوەیەکی هاوسەنگ و دەستکەوتنی پێداویستەکانی خۆراك بۆ بەردەوامیدان بە فراوانکردنی بە کاربردنی خۆراك بەشێوەیەکی جیگیر و بۆ جێگیرکردنی بەرز و نزمی لە بەرهەمهێنان و نرخ. (See: FAO&UN, 2003). لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٩٦ لووتکەی خۆراکی جیهان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسایشی خۆراك هەیە کاتێك مرۆڤەکان لە هەموو کاتێکدا توانای جەستەی و ئابووریان هەیە بۆ خواردنی پاك و سەلامەت بۆ ئەوەی پێداویستە خۆراکییەکانیان پڕبکەنەوە بۆ بەردەوامیدان بە ژیانێکی تەندروست. (Raj Patel, 2013: 1). لەلایەکی تر، نەبوونی ئاسایشی خۆراك، لەلایەکی ترەوە بریتیە لە بارودۆخیك کە تییدا ئاو و خۆراکی پاك سنووردارە بەهۆی چەندین هۆکاری مەترسیداری ژینگەیی وەکو وشکەساڵی و هەندیك جاریش نەتوانین بۆ دەستکەوتنی ئەو جۆرە خۆراکانەی کە قبوولکراون لەلایەن خەڵکەوە بۆ خواردن بەهۆی نەریتە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان.(Gary Bickel, 2013: 13) .

سەرەنجام، ئەمە دەبێتە هۆی قەیرانی کەمی خۆراك کە دەبنە سەرچاوەی، ململانێی سیاسی و پێکدادانی ئەتنیکی و شۆڕشی خەڵك. (Chalecki Elizabeth, 2003: 1). قەیرانی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری بەجێدەهێڵێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لەچەندین ڕێگاوە. گۆڕانکاری ژینگەی دەتوانێت خۆشگوزەرانی و گەشەی ئابووری لاواز بکات، کە ئەم سێکتەرە گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕێت لە توانای سەربازی و هێزی ماددی دەوڵەت. لە هەندێك لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو و ئەو دەوڵەتانەی کە پێشدەکەون، سەرچاوە سروشتییەکان( Natural *resource*) فاکتەری سەرەکین بۆ پێشکەوتنی ئابووری و ڕێژەی هەلی کار. (Allan Collins, 2013: 198).

## کەلتووری ستراتیژیی عێراق و ئاسایشی هەرێمی کوردستان

### پێشەکی:

ئەزموونی ڕابردووی کورد لەگەڵ عێراق و ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و جیۆسیاسی و هەروەها ئەم ئەزموونە تاڵانەی کورد پاش ئەزموونی ساڵی ٢٠٠٣ و گەڕانەوەی کورد بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێی دیموکراسی-فیدراڵی و فرەیی کە مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو بێت، لە ڕاستیدا بۆ بوونی کەلتوورێکی ستراتیژی دەگەڕێتەوە و ئەمە دەستنیشانی ڕەفتارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی دەسەڵاتداران دەکات. ئەم کەلتوورەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بڕیارە ستراتیژی و سەربازی و ئاسایشییەکان هەیە. بۆیە پرسیار ئەوەیە کە چی وا دەکات کە لە سەرەتای دامەزراندنی عێراق تاوەکوو پێش ٢٠٠٣، ئەو وڵاتە بۆ کورد هەڕەشەی ئاسایشی بێت و، کەچی پاش ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێم و دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێی سیاسی و هاتنەسەرکاری نوخبەی نوێی جیاواز (لە ڕووی سیاسی و مەزهەبییەوە)، دیسان کورد ڕووبەڕووی هەڕەشە ببێتەوە و پێکەوە ژیان و ئاشتی و ئاسایشی کورد بکەوێتە مەترسییەوە؟

### ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی

**بەشێوەیەکی گشتی داڕشتنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:**

**١. قۆناغی یەکەم بریتییە لە پێناسەکردن و دەستنیشانکردن و، هەروەها بەرجەستەکردنی سنوورەکانی "ناسنامەی نەتەوەیی" و "بەرژەوەندیی نەتەوەیی" و "بەها نەتەوەیییەکان."**

**٢. قۆناغی دووەم بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی سەر ئەم سێ ڕەگەزەی داڕشتنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی.**

**٣. قۆناغی سێیەم بریتییە لە دیاریکردن و تەرخانکردنی ئەو ڕێوشوێن و سەرچاوە و ئامراز و یاسا و بەگشتی میکانیزمانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر بوار و ڕەگەزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و پووچەڵکردنەوەیان دادەندرێت.**

بە شێوەیەکی گشتی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی"، بریتییە لە پاراستنی ئەزموونی مێژوویی و پێگەی جوگرافیایی و سەرچاوەی مرۆیی و توانا ماددییەکان و پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵاتدارێتی، کە لە چوارچێوەی کەلتووری گشتی و سیاسیدا پێناسە دەکرێت. لە ڕوانگەیەی دیکەوە بەرژەوەندیی نەتەوەیی، کۆمەڵە ئامانجێکە کە هەر سیستەمێکی سیاسی هەوڵی بەدەستهێنان و دەستەبەرکردن و پاراستنی دەدات کە لە چوارچێوەی چەمکی"چاکەی گشتی"دا بەرجەستە دەبێت.

هەروەها "ناسنامە"، ئەو بنیات و پێکهاتە و چوارچێوە ماناییەیە کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان خۆیانی پێدەناسێنن و لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دەکەن و، لەتاکەکانی تر جیایان دەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە "بەهاکان"ی هەر کۆمەڵگەیەك، ئەو بنەما و بنچینە و پرەنسیپانەن کە تاکەکان بەپێی ئەو پێوەرانە ڕەفتار دەکەن و تەنانەت دادوەری و هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتارەکانیش دەکەن.

کۆی ئەمانەیش لەڕێگەی ڕەگەزی نەتەوەوە، دەبنە بەرژەوەندی و بەها و ناسنامەی هەر نەتەوەیەك کە لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییدا بەپێی ستراتیژییەکی تایبەت پارێزگارییان لێ دەکرێت و دەپارێزرێن و، یاخود لانی کەم بەفەرمی دەناسرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێت. بەگشتی لە ئەنجامی پرۆسەی کارلێکێکی کۆمەڵایەتییەوە لەنێوان

دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا (بە واتا فرەڕەهەندەکەی)، ئەوە دەستنیشان دەکرێت کە ناسنامە و بەها نەتەوەیییەکان و، هەروەها بەرژەوەندیی نەتەوەیی چییە و کامانەن.

## کەلتووری ستراتیژی

هەرچەندە پێناسەی جۆراوجۆر و جیاواز بۆ ئەم چەمکە کراوە، بەڵام دوو زانا بە ناوەکانی "ئەلمۆند" و "ڤێربا" بۆ یەکەمین جار لە دەیەی ٦٠ی سەدەی ڕابردوودا پەرەیان بەم چەمکە دا و لە چوارچێوەی **کەلتووری سیاسی**دا خستیانە ڕوو، کە بریتییە لە کۆمەڵە بیروباوەڕ و بەهاکانی کۆمەڵگەیەك کە پەیوەندیی بە سیستەمی سیاسییەوە هەیە. لە پاش ساڵی ١٩٧٧ چەندین زانا گرنگییان بەو پرس و بوارە داوە و کاریان کردووە، وەکوو: Jack Snyder و Colin Garay و David Jones. بۆ نموونە "شنایدەر"، "کەلتووری سیاسی" و "کەلتووری ستراتیژی"ی هێنایە ناو باسەکانی زانستی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیییەوە. هەروەها ناوبراو بە کەڵکوەرگرتن لەم چەمکە، خوێندنەوەی بۆ ستراتیژیی سەربازیی یەکێتیی سۆڤیەت کرد و، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەدواداچوونی سۆڤیەت بۆ بەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتوو و نمایشی بەهێزبوونی سەربازیی هێرشبەرانە و هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خۆی، ڕیشەی لە هەستکردن بە نائاسایشیی مێژوویی ڕووسیا لە بواری دەرەکی و کۆنترۆڵی نادیموکراسییانەی ئەو وڵاتەوە لە ئاستی ناوخۆییدا هەیە.

لە لایەکی تریشەوە زاناکانی ئەو بوارە لە پرسی پێشبینیکردنی ڕەفتاری سۆڤیەت، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەتمەدار و بیرمەندانی ئەمریکی لە پێشبینیکردنیدا تووشی هەڵە بوون؛ بەو پێیەی کە پێیان وا بوو نوخبە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمریکا لە پرسی هاوشێوەدا هەمان کاردانەوەیان لە هەمبەر کێشەکان دەبێت. ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی کە شەپۆلێك لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ گرنگیی کاریگەریی کەلتووری ستراتیژی لەسەر خوێندنەوەی ڕەفتاری سەربازی و ئاسایشی و بەرگریی دەوڵەتان بێتە ئاراوە. بەم واتایە کە هەست و سۆز و فاکتەرە زەینییەکانیش لە پاڵ بەرژەوەندی و

لێکدانەوەی عەقڵانی لە بڕیارەکانی وڵاتاندا بەپێی کەلتووری ستراتیژییان، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە.

بۆ نموونە ئیمڕۆکە باس لەوە دەکرێت کە فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر کەلتووری ستراتیژیی ئەمریکا وەکوو: **پێگە و هەڵکەوتەی تایبەتی جوگرافیی ئەمریکا، تێڕوانینی ئایینیی تایبەتی کریستیانی (پیوریتەنەکان Puritans)، بەها، نۆرم و کەلتووری لیبراڵ دیموکراسی و سەرمایەداری، بڕوابوون بە هەبوونی ئەرکێکی پیرۆز لەسەر نەتەوەی ئەمریکا بۆ ڕزگارکردنی جیهان، بڕوابوون بەوەی کە خواوەند ئەمریکای پیرۆز کردووە و شۆڕشی ئەمریکای سەر خستووە بۆ ڕزگاریی جیهان و بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئەمریکی، ئەزموونی ئەو وڵاتە لە سەرەتای دروستبوونییەوە، پێشکەوتنی سیاسی، تەکنەلۆژی، سەربازی، ئابووری و...** ، وا دەکات کە ئەمریکا شێواز و مۆدێلی تایبەتی سەربازی و ئاسایشی لە ناوخۆ و لە دەرەوە بگرێتە بەر.

بە شێوەیەکی گشتی کەلتووری ستراتیژی، پەیوەندیی بە چۆنێتیی کاریگەریی فاکتەرە کەلتوورییەکان لەسەر بەکارهێنانی هێز و هەڵبژاردنی مۆدێل و ستراتیژییەکی تایبەتی ئاسایشی و سەربازی لە لایەن دەوڵەتانەوە هەیە. ڕیشەکانی ئەمەیش بۆ؛ **ئەفسانە و ئوستووره مێژووییەکان و ئەزموونەکانی ڕابردوو و گوتارە سیاسییەکانی وڵاتان و، هەروەها بەستێن و هەڵکەوتەی جوگرافی، مێژووی سەربازی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تەکنەلۆژیی سەربازی، چۆنێتیی پەیوەندییە مەدەنی و سەربازییەکان** دەگەڕێتەوە، کە لە چوارچێوەی دەستوور و یاساکان و نۆرم و بەهاکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە و دەستەبژێرەکان و، هەروەها کەلتووری گشتی و کەلتووری سیاسیی کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەبێت.

## خوێندنەوەی کەلتووری ستراتیژیی دەوڵەتان

بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ بڕیاری سەربازی و ئاسایشیی دەوڵەتان بکەین، پێویستە گرنگی بە فاکتەرەکانی کەلتووری ستراتیژیی دەوڵەتان لە سێ ئاست بدەین:

١. ئاستی باڵای ژینگەیی: وەکوو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیی زاڵ، هەڵکەوتەی جوگرافیی دەوڵەتان، تایبەتمەندیی نەتەوەیی و مێژوویی و... هتد.
٢. ئاستی کۆمەڵایەتی: وەکوو فاکتەرەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابووری، ئایدیۆلۆژیی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵگەیی و هتد.
٣. ئاستی بچووك: فاکتەرە دامەزراوەییبە ئاسایشی و سەربازییەکان و تایبەتمەندییەکانی چۆنێتیی پەیوەندیی مەدەنی-سەربازی، سیاسی و هتد.

هەرچەندە ڕەگەزەکانی ئەم کەلتووره جێگیر نین و بە درێژاییی مێژوو ئەگەری گۆڕانکارییان هەیە، بۆ نموونە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، ئەم ڕەگەزە کەلتوورییە ستراتیژییانەیان، بووە هۆکاری بێمتمانەیی لە هەمبەر یەکتری و سەرهەڵدانی جەنگ. بەڵام پاش جەنگ، ئەزموون و ئایدیای نوێ دروست بوو و، کەلتووری ستراتیژیی نوێی ئەو وڵاتانە، وای کرد کە سەرەنجام دوژمنانی دوێنی، ببنە دۆست و هاوپەیمان و لە چوارچێوەی یەکێتییەکدا کۆ ببنەوە.

بەپێی ڕوانگەی کەلتووری ستراتیژی، دەستەبژێرە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتانی جیاواز کە کەلتووریان جیاوازە، لە دۆخی هاوشێوەدا کاردانەوەی جیاوازیان هەیە و بڕیاری جیاواز دەدەن. بەم پێیە کەلتووری ستراتیژی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە تێگەیشتنی جیاواز بۆ ڕووداوەکان بێتە ئاراوە.

## کەلتووری ستراتیژیی عێراق

گرنگترینی ئەو فاکتەر و هۆکارانەی کە بە شێوەیەکی مێژوویی و بەردەوام بە ڕێژە و ئاستی جیاواز، بوونەتە هۆکاری دروستبوونی "کەلتووری ستراتیژی"ی دەوڵەتی عێراق و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری دەسەڵاتدرانی ئەم دەوڵەتە دەبێت. بۆیە سەرەڕای لەسەرکاربوونی هەر دەسەڵاتدار و جۆری سیستەمی سیاسی لە عێراق، دەتوانین ئەم کەلتوورە ستراتیژییە بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١. دەستکردبوون یاخود دروستکراوبوونی عێراق لە لایەن هێزی دەرەکییەوە (بریتانیا و فەڕەنسا) و، بەم پێیەیش عێراق لە خاك، ناسنامە و پێکهاتەی جیاواز و پێکناکۆکی نەتەوەیی، زمانی، نەژادی، مەزهەبی، ئایینی، کەلتووری و... دروست بووە. ئەمەیش کاریگەریی قووڵی هەیە لەسەر دروستبوون و درێژبوونەوەی کێشەکان و هەوڵی چارەسەری نادیموکراتیك و توندوتیژانەی، لە سەرەتاوە تاوەکوو ئێستا.
٢. فەلسەفە و مەبەست و ئامانجی دروستکردن و پێکهێنانی سوپای ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای نیشتمانی، بە واتا مۆدێرنەکەی، نەبووە، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە لە ساڵی ١٩٢١ سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناکۆکی، گرفت و هەڕەشە و نائاسایشییە ناوخۆییەکان دروست بووە.
٣. سەرەڕای ئەوەیش، کەلتووری بەمیلیشیاییکردنی سوپا و دروستکردنی چەندین دامەزراوەی ئاسایشیی هاوتەریب لەگەڵ یەکتری بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی یەکتری، بەردەوام لە عێراقدا تاوەکوو ئێستا بوونی هەیە؛ داوترینیان دروستبوونی "حەشدی شەعبی"یە.
٤. کۆی ئەمانە، وایان کردووە کە یان سەربازەکان دەسەڵاتدار بن یاخود کەلتوورێکی سەربازی بۆ دەسەڵاتدارێتی بەسەر نوخبە سیاسییەکان زاڵ بێت و، بۆ بەهێزبوونی خۆیان هەوڵی وەرگرتنی ڕەوایەتی لە ڕووی ئاسایشی و سەربازییەوە بدەن. دوایین نموونەیش گرێدراویی حەشدی شەعبی بە ناوەندی ئایینی لە لایەك و، کەسایەتییە سیاسییەکان لە لایەکی ترەوە. هەروەها پێکهاتەی تائیفیی سوپای عێراق و هەست بە نائاسایشیکردن لە لایەن پێکهاتەکانی دیکەی پێکهێنەری عێراق.
٥. نەبوونی متمانە لە نێوان پێکهاتەکان و، بەم پێیە دروستنەبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و، هەروەها دروستنەبوونی کەلتوورێکی سیاسیی یەکگرتوو و، بەپێچەوانە هەبوونی کەلتوورێکی سیاسیی شوێنکەوتووانە.
٦. نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی؛ بەو مانایەی کە دەسەڵات بە شێوەیەکی یەکسان لەنێو ئەو پێکهاتە و ناسنامانە دابەش نەکراوە. بەم پێیە ئاسایشی پێکهاتە و ناسنامەیەك، دەبێتە هۆی نائاسایشی و مەترسیی وجوودی بۆ

سەر ناسنامە و پێکهاتەکانی تر؛ بۆ نموونە، تاوەکوو ساڵی ٢٠٠٣ ناسنامەی سوننە، ئاسایشی هەبووە (هەرچەندە ئەمەیش ڕەها نەبووە)، بەڵام ئاسایشی ناسنامەییی نەتەوەیی و مەزهەبیی کورد و شیعە لەژێر هەڕەشەدا بووە. پاش ساڵی ٢٠٠٣، ئاسایشی ناسنامەییی سوننە دەکەویتە ژێر هەڕەشەوە و، پاشان پێشهات و ڕووداوەکان دەری دەخەن بە هۆی زاڵبوونی پێکهاتەی شیعەوە، ئاسایشی ناسنامەییی کوردیش لەژێر هەڕەشەی وجووددیایە.

٧. کەلتووری نادیموکراتیکی نوخبە دەسەڵاتدارەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە و نەبوونی متمانە بە یەکتری لە نێوانیاندا و پاشان لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم دەوڵەتەدا. بۆ نموونە، یەکەم هەوڵی کودەتای سەربازی لە جیهانی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٣٦ لە عێراق ڕووی داوە. بەم پێیە تا پێش ٢٠٠٣ هەموو حکوومەتەکان، یان بە توندوتیژی هاتوونەتە دەسەڵات یاخود پێگەی خۆیان بە ڕژاندنی خوێن و سەرکوت و ئاگر و ئاسن قایم کردووە.

٨. پێکهاتەی ئابووری-سیاسیی نابەرهەمهێنەر، دواکەوتوو و دامەزراو لەسەر بنەمای فرۆشتنی نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکانی تر کە بە ئابووریی ڕانتی یاخود کرێخۆر ناسراوە، لە عێراقدا وای کردووە هەموو سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی لە لایەن دەسەڵاتداری ناوەندییەوە کۆنترۆڵ بکرێت. ئەمەیش گەورەترین ڕێگرە لە بەردەم بەدیموکراسیبوون و دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراق؛ بەو پێیەی دەتوانێت وا بکات کە هەر لایەنێك دەسەڵات بگرێتە دەست، هەوڵ بۆ دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوانی لایەنگری سەربازی و ناسەربازی بدات بە مەبەستی مانەوە و سەرکوتکردنی نەیارانی. ئەم ڕەگەزە، کاریگەریی قووڵی لەسەر ڕەفتاری سیاسیی دەسەڵات و، بەم پێیەیش داڕشتنی ستراتیژیی بەرگری و ئاسایشی و سەربازی و بەگشتی کەلتووری ستراتیژیی عێراق هەیە.

٩. شکستی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی لە عێراق بە هەموو کێشەکانی ئێستایەوە، بەردەوام ئەم کەلتوورە ستراتیژییەی ئیستا بۆ سەرکوتکردن و چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و لە لایەن تاك یاخود حزب و پێکهاتەیەك بەرهەم دەهێنێتەوە.

١٠. لە شکستی دەوڵەت-نەتەوەسازیدا لە عێراق پێکهاتەی خێڵەکی، عەشایەری، تائیفی، نەتەوەیی و ... ڕێگر بووە و زاڵە. ئەمەیش کێشەکان بەرهەم دەهێنیتەوە و تۆڕێك لە لایەنگر و نەیار دروست دەکاتەوە. بێجگە لە جێگیرنەبوونی بنەماکانی ديموكراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، هاووڵاتیبوون و... هتد.

١١. ئەزموونی جەنگی خوێناویی پێکهاتەکان (سوننە لە دژی کورد و شیعە و، پاشان شیعە لە دژی سوننە و کورد) لە دژی یەکتری، بۆتە بەشێك لە بیرەوەریی مێژوویی و، بەم پێیەیش کەلتووری ستراتیژیی ئەم دەوڵەتە.

١٢. بوونی کەلتوورێکی توندوتیژی لە نێوان تاك و پێکهاتەکان بۆ کۆنترۆڵی دەسەڵات.

١٣. نەبوونی ئایدیۆلۆژییەکی یەکانگیری نەتەوەیی و نیشتمانیبوون بۆ دەسەڵاتدارێتی و، بەم پێیەیش قەیرانی قووڵی ڕەوایەتی و ناسنامەیی و... ی دەوڵەتداری لە عێراق، کە بەردەوام وای کردووە ستراتیژیی ئاسایشی و سەربازی، بەسەر هەموو ستراتیژییەکانی دیکەدا زاڵ ببێت.

١٤. هەڵکەوتەی جوگرافیی عێراق و بوونی ٣٦٥٠ کیلۆمەتر سنوور لەگەڵ ٦ دەوڵەت و تەنیا ٥٨ کیلۆمەتر دەرچەی ئاوی، وای کردووە عێراق بەردەوام هەست بە گەمارۆدران و ئابلۆوقەی جوگرافی بکات لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە. لە لایەکی تریشەوە بەردەوام کێشەی لەسەر سنوور و ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێیدا هەبووە؛ ئەمە بێجگە لە گرێدراویی عێراق بە ئاوی دەوڵەتانی دراوسێیەوە. ئەمەیش کاریگەریی کردۆتە سەر بێمتمانەیی و بەدگومانی لە هەر داواکارییەکی مافخوازانە و، بە دەست و ئەجێندای دەرەکی پێناسەی کردووە.

١٥. هاتووچۆی سیستەمی سیاسیی عێراق لە لایەك لە نێوان ناوەندگەرایی و ناوچەگەرایی و، لە لایەکی ترەوە لە نێوان ناسنامەی زاڵی پان عەرەبی و مەزهەبی، وای کردووە کە بەردەوام ئاسایشی ناسنامەیی پێکهاتەکانی دیکە بەپێی زاڵبوونی ئەم ڕوانگەیەی دەسەڵاتدارانەوە لە مەترسیدا بێت.

# ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق

کورد نەتەوەیەکی گەورەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا، کە لە ناوچەکانی عێراق(باشووری کوردستان)، سووریا(رۆژئاوای کوردستان)، تورکیا(باکووری کوردستان) و ئێران(رۆژهەڵاتی کوردستان). کورد نەتەوەیەکی کۆنە و جیاوازە، نە عەرەبن نە فارسن. خواستی سەربەخۆیی کورد بەشێوەیەکی رێکخراو و ئامانجدار لە ماوەی ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سەریهەڵدا، کاتێك هێزە ئەوروپییەکان نەخشەی ئەوروپا و ڕۆژئاوایان لە دوای جەنگی جیهانی یەك کێشایەوە. هەرچەندە بەڵێنی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی گشتپرسی پێدرابوو لە ڕێککەوتنی سیڤەر لەساڵی ١٩٢٠ بەڵام ئەم ڕێککەوتنە بەهۆی ڕێککەوتنی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ هەڵوەشێندراوەیە کە لە ڕێککەوتنی لۆزان نە باسی کورد و نە باسی وشەی کوردستانیش کرابوو، یەکەمین خیانەت لەگەڵ کوردەکان ئەو کاتە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕوویدا کاتێك ڕەتکرایەوە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت.(See: Phillips, 2019: Pp. 2-10)

پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کورد مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، کە هەڵوێستی ئەمریکا لە نێوان پشتیوانیکردن و فەرامۆشکردنی کورد بووە لەم ماوەیەدا، حکومەتی ئەمریکا لە سەرەتاکانی ساڵی حەفتاکانەوە پشتیوانی لە هەوڵەکانی هێزە کوردییەکان دەکرد بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی ناوەندی عێراق، کە ئەمریکا و شای ئێران وەك هەڕەشەیەك بۆسەر بەرژەوەندییەکانیان سەیری عێراقیان دەکرد، بەڵام پشتیوانییەکە بەردەوام نەبوو، لە دوای ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٧٥، ئەمریکا پشتیوانییەکانی بۆ کورد وەستاند، ئەمەش پێگەی کوردی بەرامبەر بە حکومەتی بەعس لاوازکرد و حکومەتی عێراق دەستیکردەوە بەسەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفال(١٩٨٦-١٩٨٩) هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٨٨.

لە ساڵی ١٩٩٠ کاتێك حکومەتی عێراق کوێتی داگیرکرد و جەنگی کەنداو هەڵگیرسا، پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کورد کۆتاییهات، ئەمریکا ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ سەپاندنی ناوچەیەکی دژە فڕین لە کوردستانی عێراق، ئەمەش بۆ ڕێگریکردن لە سەرکوتکاری و هێرشەکانی حکومەتی بەعس بۆسەر کورد. ئەو کاتە ئەمریکا

ڕۆڵێکی کاریگەریشی بینی لە درووستکردنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی ئۆپۆزیسیۆن کە بنکەی سەرەکی ئەو کۆنگرەیە لە هەرێمی کوردستان بوو. هەروەها لە ساڵانی دواییدا بە دیاریکراویش لە ساڵی ١٩٩٨ بیل کلینتۆن، سەرۆکی ئەمریکا و ئیدارەکەی هاوکاربوون لە کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی کورد و ئاشتکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێککەوتنێکی ئاشتی بە ناوی ڕێککەوتنی واشنتۆن لە نێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان واژۆکرا (See: Noack, 2014: pp.1-2) .

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیسانی ٢٠٠٤ نووسینگەی دیپلۆماسی خۆی لە واشنتۆن پایتەختی ئەمریکای کردەوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان، نووسینگەکە بە فەرمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە واشنتۆن کرد. ئامانج لە کردنەوەی ئەم نووسینگەیە وەك لە ماڵپەری فەرمی نووسراوە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانە لە ئەمریکا. هەروەها ئەمریکاش لە ساڵی ٢٠١١وە بەفەرمی کۆنسوڵخانەی گشتی خۆی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧ش ئەمریکا بڕیاریدا گەورەترین کۆنسوڵخانەی خۆی لە هەولێر بکاتەوە کە تێچووی درووستکردنی باڵەخەنەکە (٦٠٠) ملیۆن دۆلارە و لەسەر ڕووبەری (٢٠٠٠٠٠) مەتری دووجا درووستدەکرێت. (See: Rudaw, 2017)

لە نێوان ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٢ ئەمریکا (٢٥)ملیار دۆلار بۆ بەهێزکردنی سوپا و پۆلیسی عێراقی خەرجکرد، بەڵام هێزەکانی سوپای عێراق لە دوای هێرشی داعش بۆسەر موسڵ، بەبێ هیچ بەرگرییەك موسڵیان دا بەدەستەوە لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠١٤، بە شێوەیەك کە سوپای عێراق لە دوای خۆیان چەندین چەك و جبەخانەیان کە زیاتر لە ٢٠٠٠ تانك و دژە تانك بوون بۆ داعش بەجێهێشت. عێراق کەوتە لێواری ڕووخان، زیاتر لە (٣٠٪)ی خاکەکەی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی داعش، هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بووەوە کە زیاتر لە ١٠٥٠ کم سنووری لەگەڵ داعش هەبوو. ئەمەش بووە هۆکاری ئاوەرەبوونی زیاتر لە یەك ملیۆن کەس کە پەنایان هێنایە بەر هەرێمی کوردستان وەك شوێنێکی ئارام، هەروەها نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان دابەزی و عێراقیش ناردنی بودجەی بۆ هەرێمی کوردستان هەڵپەسارد، ئەمەش خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەتاڵکرد. لە هەمانکاتیشدا، داعش هێرشی هێنایە سەر کوردستان و مەترسییەکی گەورەی هەم بۆ هەرێم و هەمیش بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان درووستکرد. (Phillips, 2019: 30)

لەم بارەیەوە، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ درێژەی بە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما دا لەڕووی جەختکردنەوە لەسەر تێکشکاندنی داعش لە بواری سەربازییەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، هەم دەستێوەردانەکانی ئێرانی فەرامۆشکرد، هەمیش لەگەڵ بەغدا هاوبەشبوو لە سزادانی کورد لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسیی سەربەخۆیی لە ئەیلولی ٢٠١٧ بەگوتەی سیناتۆر جۆن مەکین، دوور لە سەرکەوتنە تاکتیکییەکەمان لەشەری دژ بە داعش، ئەمریکا هێشتا بەشێوەیەکی مەترسیدار کەموکوڕی لە هەبوونی ستراتیژییەکی گشتگیر هەیە بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەو هەموو ئاڵۆزییەی کە هەیەتی. لایەنە دژ بە ئەمریکییەکان ئەو بۆشاییەیان پڕکردووەتەوە کە بەهۆی ڕووخانی سیستەمی ناوچەکە، هەروەها کەمبوونەوەی کاریگەری ئەمریکا لە ناوچەکەدا درووستبووە (See: Phillips, 2019: 34) .

ئەمریکا زانیاری گرنگی هەبوو لەوەی کە کاردانەوەی وڵاتان بەرامبەر بە گشتپرسی سەربەخۆیی چی دەبێت. ئێرانییەکان هۆشداری دەرئەنجامی خراپیان دەکرد، لە نێویاندا چالاکی سەربازی. بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا ئەو کاتە ڕایگەیاند: ''ئێمە دەمانزانی کە ئێران چۆن دەبێت''. تورکیا بە توندی لە دژی ئەمە بوو، سەرۆك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ داخستنی ئاسمان بەسەر کوردستانی عێراق، گەشتی بازرگانی و داخستنی سنوورەکان بەسەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و ئێران لە پەیوەندی نزیکدا بوو (Phillips, 2019: 159) .

لەگەڵ لاوازبوونی داعش و کۆتاییهاتنی شەڕەکە، بەڵام ئەمریکا هێشتا پشتیوانی لە سەرکەوتووبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. سێ لە خاڵە ستراتیژییە هەرە گرنگەکانی ئەمریکا لە عێراق بریتین لە: ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، پاراستنی ئاشتی، هەروەها بەشدارییەکی چالاکانە بۆ هاوکاریکردنی عێڕاقییەکان تاوەکو ڕێگری لە هەژموونی ئێران لە ناوچەکە بکەن، کە بەدەستهێنانی هەر یەکێك لەم ئامانجانە بەبێ هاوکاری هاوبەشە بەهێزەکانی ئەمریکا لە نێویاندا کوردی عێراق کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا کوردی عێراق دەتوانن ئەم سێ ئامانجەی سەرەوە بەدیبێنێن. دەتوانین بڵێین سەرکوتووبوون، چونکە هەرچەندە خەونی کوردەکان بۆ بوون بە دەوڵەت بەدینەهاتووە، بەڵام هێشتا دەتوانن هاوکاربن لە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی داعش، یانیش درووستبوونی شەرێکی ناوخۆیی لە عێراق.

لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین، شەڕی دژ بە تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هێشتا هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە پێویستیان بە

پشتیوانی ئەمریکایە، هاوکات لە ڕووی پێکەوە ژیانەوە، چەندین گرووپ و پێکهاتە لە عێراق بەیەکەوە دەژین، بۆیە هەماهەنگی ئەمریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق هاوکار دەبێت بۆ ڕێگریکردن لە پێکدادنی کورد و عەرەب و دووبارە بنیاتنانەوەی پێکهاتەکانی دیکە بەتایبەتیش ئەوانەی لە شەڕی داعش ڕووبەڕووی زیانی زۆر بوونەوە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

هەروەها هەرێمی کوردستان چونکە زیاتر لە یەك ملیۆن پەنابەر ئاوارەی ناوخۆیی عێراقی لە خۆگرتبوو. لەلایەکی تر، کۆنترۆڵکردنی کەرکووك لەلایەن عێراق بە پشتیوانی ئێران هەژموونی ئێرانی لە ناوچەکە زیاترکرد. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك هاوبەشەکانی دیکەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێکە لەو ئەکتەرانە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت بۆ گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە. ئێران دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر هەموو دامەزراوەکانی عێراقدا بسەپێنێت و میلیشیاکانی خۆی بەهێز بکات، بۆیە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت ڕێگە لەمە بگرێت، دەبێت چالاکانە بەشدار بێت، هەروەها کێبڕکێی هەبوونی کاریگەری لە ناوچەکەدا بکات، بەتایبەتیش چالاکانە پشتیوانی هاوبەشەکانی لە ناوچەکە بکات. هەروەها ئەمریکا هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە هێزەکانی پێشمەرگە هێزی سەرەکی بوون لەشەڕی دژ بە داعش، هاوکات دەکرێت هێزێکیش بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕانگێزییەکانی دەسەڵاتی هەژموونگەری میلیشیا شیعەکان(See: Benaim, 2018: 1)

جێگەی ئاماژەیە، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٠٧/١٢ ڕێککەوتنێکی لێکتێگەیشتن لەبارەی هاوئاهەنگی سەربازی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لە هەولێر واژۆکرا، ئەم ڕێککەوتنە ڕێککەوتنێکی گرنگ بوو بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ڕێککەوتنەکە بە جیا لە بەغدا، لەلایەن ئەمریکاوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەولێر واژۆ کرا. ڕێککەوتنەکە بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی سەرۆکی پێشووتری هەرێمی کوردستان(٢٠٠٥-٢٠١٧) لەلایەن "کەریم شنگالی"، وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت و "ئێلیسا سلۆتکین"، یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا واژۆکرا. لە ڕێککەوتنەکەدا ئەمریکا پابەندی خۆی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووی سەربازی و داراییەوە دەربڕیووە. هەروەها پابەندی خۆی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش بەتایبەتیش لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ ڕاگەیاندووە(See: Rudaw, 2016) .

ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی زلهێز لە ناوچەکە بەردەوام ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ کورد لە عێراقدا هەبووە. هەرچەندە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ

کورد هەم ئەرێنی و هەمیش نەرێنی بووە، چونکە ئەمریکا بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکە زۆرجار کوردی کردووەتە قوربانی، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر[١٤] لە ساڵی ١٩٧٥ جۆرێك لە بێ متمانەیی لەلای کورد لە باشووری کوردستان سەبارەت بە ئەمریکا درووست ببوو، بەڵام ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش، کە ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینی بوو بە دەستپێکی دروستبوونەوەی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان ئەمریکا و کورد. چونکە بەم بڕیارە کورد توانی خۆی لە هێرشەکانی عێراق بپارێزێت و قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی دیفاکتۆش دروست بکات. لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە ئەمریکا وەکو پشتیوانیکەر لە کورد بیندراوە، لە ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش کورد ڕۆڵێکی ئەرێنی بینی، چونکە هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای ئەمریکا بەشداربوو لە ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری عێراق. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٩١ هەروەها ٢٠٠٣ پێشمەرگە توانی بەرەو کەرکوك پێشڕەوی بکات و کەرکوك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، بەڵام چونکە کەرکوك پرسێکی هەستیار بوو سەبارەت بە ئەمریکا، فشاری دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر پرسی کەرکوك وای لە ئەمریکا کرد کە پشتیوانی لە کورد نەکات بۆ ئەوەی کەرکوك لە کۆنترۆڵی کورد دا بمێنێتەوە، چونکە ئەمریکا و دەوڵەتانی هەرێمی کەرکوك بە فاکتەر و بنەمایەکی ئابووری دەزانن بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروەها لە شەڕی دژی داعش ئەمریکا پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆی لە کورد کرد، پێشمەرگەش توانی ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە شەڕی دژ بە تیرۆر. ئەمریکا لەم پرسەدا کوردی وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی سەیری کردووە و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە سەردەمی شەڕی داعش زیاتر بەرەو پێشبردووە، بەڵام پرسی گشتپرسی و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و چاوپۆشینی ئەمریکا لە هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و داگیرکردنەوەی کەرکوك بە چەکی پێشکەووتووی ئەمریکا، وای لە کورد کردووە جارێکی تر هەڵوەستە لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بکات، هەرچەندە پێدەچێت ئەمریکا بۆ بەرژەوەندییە ئاسایشی و ئابووری و سەربازییەکانی پشتیوانی لە کورد بکات، بەتایبەت زیادبوونی ڕۆڵی ئێران لە عێراق و ناوچەکە، لەوانەیە وا لە ئەمریکا بکات بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا کە

---

[١٤] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Treaty concerning the State frontier and neighbourly relations. Available at: <https://treaties.un.org/Pages/showDetails.aspx?objid=080000028010131f>. Last visited: 9-12-2019.

هێشتا مەترسی داعش لە عێراق ماوە. بۆیە ئەمریکا بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە پێویستی بە پێگەی هەرێمی کوردستان-عێراق و ڕۆڵی پێشمەرگە دەبێت.

## پرسی بەدەوڵەتبوونی کوردستان لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

### ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن تایبەتمەندیی زۆرە، کە ئەمەیش لە کەمتر ناوچەی جیهاندا دەدۆزرێتەوە. ئەم ناوچەیە لانکەی شارستانییەت و مەکۆی سەرهەڵدانی سێ ئایینی گەورەی جیهانی (جوو، ئیسلام و کریستیان) و، هەروەها ناوچەیەکی گەورەی ترانزیت و گواستنەوەیە لە نێوان سێ کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقادا. لەلایەکی تریشەوە، بە هۆی ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هاوسەنگیی هێز و ئابووری و ئاسایشی وزەی جیهانیدا، گرنگیی جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمیك و جیۆستراتیژی و جیۆکاڵچەری هەیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٣٪ لە دانیشتووانی جیهان و ٧٤٪ لە یەدەگی نەوتی جیهان و ٥٠٪ لە سەرچاوەکانی دۆزراوەی گازی سروشتی و... تێدایە.

کۆی ئەمانە وادەکات، ئەم ناوچەیە لە ستراتیژیی ئاسایشیی زلهێزەکاندا پێگەیەکی بەرز و هەستیاری لە هاوکێشە جیۆسیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت و ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی کاریگەری لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی هەبێت. لە سەردەمی جەنگی ساردیشدا ئەم ناوچەیە بۆ کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی سۆڤیەت و بەگشتی هاوسەنگیی هێزەکان گرنگیی تایبەتی هەبوو. بە هۆی کۆتاییی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و نەمانی سیستەمی دووجەمسەری و دروستبوونی سیستەمێکی تاك-فرەجەمسەر بە هێژموونیی ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەم ناوچەیەدا بۆشاییی هێز دروستبوو کە هێزە ناوچەیییەکان و سەرووناوچەیییەکان، بەتایبەت ئەمریکا، هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشایییەیان دا. جەنگی کەنداوی دووەم و پاشان هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، ڕۆڵی ئەمریکای بۆ کۆنترۆڵ و کاریگەریخستنە سەر ڕووداوەکان بەرزتر کردەوە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەمریکا لە پاش جەنگی سارد چەند ئامانجێکی ستراتیژیی لە ناوچەکەدا هەبووە:

١ -جەنگی دژەتیرۆر و ڕێگەگرتن لە گەشەسەندن و کۆنترۆڵکردنی گرووپە توندڕەوەکانی وەکوو: قاعیدە، تاڵیبان، داعش، حەماس، بزووتنەوەی ئیسلامی، حزبوڵڵای لوبنان و هتد.

٢ -پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

٣ -دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتانی هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا لەهەمبەر مەترسییە ئاسایشییەکان.

٤ -ڕێگەگرتن لە دەستێوەردان و پەلهاوێشتنەکانی ئێران لەناوچەکە و، هەروەها دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ بۆ تێکدانی هاوسەنگیی هێز و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیە.

٥ -ڕێگەگرتن لە باڵادەستیی هێزە سەرووناوچەیییەکانی نەیاری ئەمریکا، وەکوو: ڕووسیا و چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٦ -بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (فەڵەستین و ئیسرائیلییەکان).

٧ -ڕێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی نەیار لە ناوچەکە و، هەروەها پێشگرتن لە ڕووخانی یەکجاری و تەواوی دەوڵەتانی شکستخواردوو (فاشل) و کۆنترۆڵی لە لایەن گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە.

٨ -بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەها لیبراڵی و ئەمریکییەکان لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەڵام بە مەرجێك لەگەڵ سەقامگیری و پرسە ئاسایشییەکانی ناوچەکەدا دژ نەبێت.

ڕووداوەکانی عێراق و ئەفغانستان لە پاش ساڵی ٢٠٠١، پاشان ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ئەمریکای تووشی نادڵنیایی و گرفتی ئاسایشیی زیاتر کرد لەسەر داهاتووی هاوسەنگیی هێزەکان و سەقامگیریی ناوچەکە، بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی داعش و گۆڕانکارییە ناوخۆیییەکان و سیاسەتی ناوچەییی تورکیا، پرسی سووریا و نفووز و ڕۆڵی ڕووسیا لە هاوکێشەکانی ئەو وڵاتە و ناوچەکە. ئەمە لە پاڵ هاتنەسەرکاری "دۆناڵد ترامپ" و ناڕوونی لە ستراتیژیی ئەمریکا لە بوار و پرسە جۆراوجۆرەکاندا، پرسەکانی ئاڵۆزتر کرد.

## فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا لەهەمبەر پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

پێشەکی

هیچ دەوڵەتیك لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەپێی بنەما یاساییەکان پاڵپشتی راستەوخۆ لە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتان ناکات.

**یەکەم**: ئەمریکا بەپێچەوانەی دەوڵەتانی ئەوروپییەوە، بەتایبەت بریتانیا و فەڕەنسا، ئەزموونێکی دوورودرێژی لە "دەوڵەتسازی"دا نییە، بەڵکوو زیاتر ستراتیژیی گۆڕینی ڕژێم و جێگیرکردنی سیستەمێکی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤ، لە بەرنامەی کاری ئەمریکادایە. بۆیە ئەمریکا مەترسی و دڵەڕاوکێی ئاسایشی لە هەڵوەشانەوە و ڕووخانی دەوڵەتانی شکستخواردوو هەیە. ئەمریکا لە ڕێگەی بەدیموکراسیکردنی وڵاتانەوە، ستراتیژیی "نەتەوەسازی" دەگرێتەبەر. باشترین نموونەیش هەوڵەکانی ئەمریکایە لە ئەفغانستان و عێراق بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیك و لایەنگری ئەمریکا؛ کە هەردوو ئەزموونەکەیش تووشی شکست هاتن.

**دووەم**: پرسە ئاسایشییەکانی ئەمریکا، بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠١ دەربارەی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی و دژایەتیی تیرۆر، وای کرد کە ئەمریکا پێی وابێت کە تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتیك، بەڵام ناوەندیی بەهێزەوە، دەتوانێت ڕێگە لە گەشەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە وڵاتە لاواز و شکستخواردووەکاندا بگرێت. بۆیەیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتە لادەر و سەرکەشەکانیش، ستراتیژیی جەنگی پێشگیرانە و پێشدەستانەی گرتەبەر. بۆیە هەروەکوو "ئامیتا ئێتزیۆنی (Amitai Etzioni) "ئاماژەی پێ دەدا و دەڵێت: "ئەمریکا پاش ڕووخانی ڕژیمەکان، هەوڵ دەدەات لە ڕێگەی دیموکراسیکردن و یارمەتیی بنیاتنانەوەی ئابووری و دروستکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان پێکهاتە و نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لەو وڵاتانەدا، ئەو نەتەوەیە دووبارە بنیات بنێتەوە؛ کە ئەمەیش لە ڕێگەی دروستکردنی حکوومەتێکی دیموکراتیك و ناوەندیی بەهێزەوە مەیسەر دەبێت." جێگەی ئاماژەیە کە ئەمریکا لەمبارەوە، لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە دوو ئەزموونی لە ئەڵمانیا و ژاپۆن وەك نموونە و مۆدێل دەخاتە بەرنامەی کارەکانییەوە.

**سێیەم**: ئەمریکا تا ئەو کاتەی کە جەنگ و کێشە ناوخۆییەکان و پێکدادانەکان نەبێتە هۆکاری کەوتنە مەترسیی ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی، هەروەها ڕووداوەکان نەبێتە هۆکارێك بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و، مەترسیی بڵاوبوونەوەی چەك لە ئارادا نەبێت و ئەگەری دروستبوونی ڕژێمێکی دژەئەمریکی و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە قازانجی وڵاتێکی دژەئەمریکیی وەکوو ڕووسیا و...، دروست نەبێت، ئەوە هەوڵ نادات کە

دەستێوەردان لە کێشە ناوخۆییەکاندا بکات. بۆیە تاوەکوو هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێك دوایین ڕێگەچارە نەبێت بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەوە لەگەڵ دابەشبوونی وڵاتان نییە. باشترین نموونەیش یۆگسلاڤیای پێشوو و دەستێوەردانی ئەمریکایە لە هاوکێشەکانی پەیوەندیدار بەو جەنگە لە بەڵکان و، پاشان هەڵوەشانەوەی ئەو وڵاتە و هەڵوێستی ئەمریکایە دەربارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ.

**چوارەم**: ترسی ئەمریکا لە داهاتووی نادیاری هەڵوەشانەوەی دەوڵەتان و کاریگەریی لەسەر پرسی دروستبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان و بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ و دروستبوونی ناسەقامگیری و دۆخی نائاسایشی، وا دەکات ئیدارەی ئەمریکا پاڵپشتی لەم ڕێگەیە نەکەن. ئەمە لە پاڵ بنەما و  پرسی سەروەریی وڵاتان و، هەروەها "تیۆریی دۆمینۆ" لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. بۆیە ئەمریکا ترسی لەوە هەیە کە ئەمە ببێتە سەرەتایەك بۆ دابەشبوونی وڵاتانی تر و بەرزبوونەوەی داواکاری و داخوازیی ناسنامە و کەمینەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. ئەمەیش بە بڕوای ئەمریکا کۆی وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت هاوپەیمانە عەرەبییەکانی ئەمریکا، دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها بەشێك لەمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی مێژوویی و ڕابردووی کۆمارەکانی خودی ئەمریکا پێش بەفیدراڵیبوونی ئەمریکا و سەردەمی کۆنفیدراڵی و ویستی جیابوونەوە لە ئەمریکا.

**پێنجەم**: لە لایەکی تریشەوە، ئەمریکا لە دابەشبوونی عێراقدا ترسی لە داهاتووی ناوچە سوننەکان هەیە، ئەویش بەهۆی ئیسلامی توندڕەو و، هەروەها ناوچە شیعییەکان بە هۆی باڵادەستی و نفووزی ئێرانەوە. بۆیە تەنیا پرسەکە کوردستان نییە، بەڵکوو داهاتووی نارِوونی بەشەکانی شیعە و سوننە، وادەکات ئەمریکا نیگەرانی ئاسایش و داهاتووی ئەم ناوچانە بێت؛ ئەمە بێجگە لە پرسی تێچووی ملیاردیی جەنگی عێراق، کە بڕیاردەرانی ئەمریکا تووشی پرسیار دەکاتەوە کە کۆتاییی ئەم جەنگەی عێراق سەرەڕای ئەم تێچووە ماددی و مرۆییانە، ببوە هۆی هەڵوەشانەوە و دروستبوونی تیرۆر و ناسەقامگیریی ناوچەیی.

**شەشەم**: ئەمریکا مەترسیی ئەوەی هەیە کە لە عێراقێکی دابەشکراودا ناوچە سوننەکان لە لایەن گرووپە توندڕەوە ئسلامییەکانەوە داگیر بکرێت و، ناوچە شیعەکانیش بکەوێتە ژێر هێژموونیی تەواوی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەمەیش لەگەڵ بەرژەوەندییە پێناسەکراوەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاوتەریب و تەبا نییە. بۆیە گەورەترین ترسی ئەمریکا، نفووزی ئێران و هاوپەیمانەکانییەتی لە ناوچەکەدا. بە مانەوەی عێراق

بەیەکگرتوویی و ڕۆڵی کورد و سوننەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەوە شیعەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی و خودی دەوڵەتی ئێرانیش، ناتوانێت بەتەواوەتی لە عێراقدا باڵادەست بێت. بە واتایەکی تر، کورد لە عێراق گەرەنتیی هاوسەنگیی هێزەکان دەکات و، ڕێگە نادات ئەمە بۆ نائاسایشی و ناسەقامگیریی زیاتری ناوچەیی سەر بکێشێت. بۆیە پرسی پچڕاندن و بڕینی هیلالی شیعی -ئێرانی و پاراستنی ئاسایشی وزە و ئیسڕائیل و بنەبڕکردنی تیرۆر و داعش، ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەمریکان لەم قۆناغەدا.

**حەوتەم:** ئەمریکا تاوەکوو ئێستا پێویستیی بە تورکیایە و، تورکیایش دڵەراوکێی ئاسایشیی هەیە لە هەمبەر پرسی کورد، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا و سووریا دروست بکات. ئەمەیش بە بڕوای تورکیا، ئاسایشی تورکیا دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە ئەمریکا ناخوازێت بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانە لە ناوچەکەدا و بەتایبەت لەسەر پرسی کورد، تورکیا زیاتر لە ڕووسیا و ئێران نزیك بێتەوە، چونکە هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر بۆیەیشە بەردەوام دەربارەی پرچەککردنی کورد لە سووریا دڵنیایی دەداتە تورکیا.

**کۆبەند:**

هەر دەوڵەتێك ئەولەوییەتی ستراتیژیی هەیە؛ ئەمریکایش وەکوو زلهێزێك کۆمەڵێك ئەولەوییەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و سنووردارکردنی ڕۆڵ و نفووزی ئێران و ڕێگەگرتن لە هێژموونیی وڵاتانی نەیاری وەکوو ڕووسیا و چین لەپاڵ پاراستنی ئاسایشی وزە و ئیسڕائیل و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەشەسەندنی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی، لە گرنگترینی ئەو ئەولەوییەتانەن. بەڵام ئەزموونی ڕەفتاری ئەمریکا لە ناوچە و ناوچەکانی دیکەی جیهان، ئەوەی نیشانداوە کە ئەمریکا سیاسەتێکی پراگماتیستی پەیڕەو دەکات و، خۆی لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا دەگونجێنێت؛ ئەمەیش هەر لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکان و ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکایە.